# پڕۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی
## 2015 - 2016

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە


سەرپەرشتیاری پرۆژە

ئەنوەر حسێن (بازگر)

ستافی پرۆژە:

د.لوقمان رەئوف - ئەرسەلان حەسەن

باوان عومەر - زریان محەمەد



2016

پڕۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

# ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم

## بەرگی یەکەم

وەرگێرانی
ب - لیڤا

2016

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

وەرگێرانی: ب - لیڤا
تایپ: کەیوان عومەر - کاوان عەبدولرەحمان - نیاز کەمال - نیاز جەمال
دیزاین: ئاکام شەمسەدینی
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 1000 دانە
ساڵی چاپ: 2016
نرخ: 1500 دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
لەبڵاوکراوەکانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea
053 330 0391 - 0770 195 5044

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (94)

# له ستایشی پۆپۆلیزمدا
# هەڤپەیڤینی ئارنستۆ لاکلاو و سلاڤۆی ژیژەک

## پێشەکی وەرگێڕی فارسی

سنوورەکانی کتێبێک کوێیە؟ کتێبێک لە کوێ دەستپێدەکات و بە کوێ کۆتایی دێت؟ فۆکۆ کتێبەکان بە گرێی تۆڕێک دەچوێنێ (فۆکۆ، 1974). سنورەکانی گرێیەک کەوتووەتە کوێ؟

پرسیارێکی تر: (چۆن دەکرێت سنورەکانی حەقیقەت ببەزێنی؟) چۆن دەکرێت لە جیهان بیت و تەماشای جیهان بکەیت؟ چاوێک چۆن دەتوانێت خۆی ببینێت؟

وەڵام، فەلسەفەیە. فەلسەفە، ڕەتبون لە سنورەکانی کتێب و حەقیقەتە؛ نووسین حەتمییە، نوسین لە دەرەوەی کتێب و ڕاکردنە لە سنوورەکانی حەقیقەت. فەلسەفە ڕاکردنە لە خود، یان باشترە بڵێین، هەناسەی ڕاکردنە؛ بونەوەرێکە بە چالاکییەکانی خۆی، ناسنامەکەی دیاری دەکات. فەلسەفە مەیدانی بەدیهێنەری نەشیاوەکانە. فەلسەفیترین پرسیارو ڕەنگە تاکە پرسیاری ڕەهای فەلسەفی، ئەوەبێت کە (فەلسەفە چییە؟) فەلسەفە ڕامانە بە مەرجی توانای خود؛ کاتی باڵادەستی بەرکەوتنی سەرچاوەیە و ژیان بەرهەمی هەمان ساتەکانی باڵادەستی و دابڕانە. زیندوبوون، ڕاکردنە؛ فەلسەفە هونەری ژیانە.

بیرۆکەکانی فەلسەفە، نایانەوێت ببنە پردی پەیوەندی نێوان ئەم

بیرکردنەوەی دەرهەست و ژیانی ڕۆژانە. ئەو بیرۆکەیان لە مێشکیدایە، کە فەلسەفە خۆی لەخۆیدا بە ژیان و کارەوە بەستراوەتەوە و پێویست ناکات پڕی بکەین لە ناوەڕۆکی واتایی. کەوایە دەکرێت فەلسەفە لە لوتبەرزی کتێب بێتە خوار و لە نامیلکەدا دەستاودەست بکات و هەڵبدرێتەوە، تا پەیامەکەی بە دواندنی توڕەییەکان و نەفرەتەکان و عەشقەکان ئەنجام بدات. کەواتا مەبەستمانە بچینە ناو پیرۆزی کتێبەوە. سنوری نێوان دەرەوە و ناوەوە بکەینەوە و لە فەلسەفەدا نامۆکانی بدوێنین. بزاوتێکە لە ناوەوەی ڕۆح بۆ دەرەوەی جەستە.

بیرۆکەکانی فەلسەفە نایانەوێت کار لەسەر زەینەکان بکەن، بەڵکو دەیانەوێت لەسەر جەستە و هەست کاربکەن، کە بەردەوام لەگەڵ جۆرەکانی سیستەمی فکری ڕەگاژۆ دەبێت، هەر بۆیە سوورین لەسەر مانەوەی فەلسەفە، تا لە نوقمی ژیانبون، نوقمی هزرە کلێشەییەکانی بابەتی ژیانبون، بپارێزرێت. دیارە لە بیرمان نەچێت، کە هەمان فەلسەفەی سۆزداری نێوان بونی حەتمییە. هەمان شتێک کە دەرەوەی لە ناوەوە و ناوەوەی لە دەرەوەیە. یان بە دەربڕینێکی دی، هەموو هەوڵەکان پێشتر بۆ بە سیستەم کردنی بێ ئاکامن. نەشیاوی بیرکردنەوە بەبێ دەق، گرنگترین پارێزەری ئەو بیردۆزەیە. دەبێت بیردۆزەی ئاماژەبونی نوسین لەگەڵ بیردۆزەی نیشانەکردن «هەموو شتێک لەلایەن» نوسین کۆبکرێتەوە، بۆیە بیرۆکەکان هەوڵدەدەن دەقێک بۆ ژیان فەراهەم بکەن.

بڕیار وایە بیروڕاکان بەگشتی تەرجومەیەک لە بەرهەمە فەلسەفیەکانی هاوچەرخی ئەوروپی یان وەک دەڵێن فەلسەفەی پۆست کیشوەری بن. بەڵگە نەویستە، کە ئەگەری کۆکردنەوەی تەواووی بۆچوونە هەبووەکان لە فەلسەفەی هاوچەرخی ئەوروپی لەم کۆمەڵەیەدا نییە و دیارە پەیوەندی

هۆگریمان وازپێهێنانەکان دەسەپێنێت، بەڵام هاوکات ئەو کۆمەڵەیە ترسی لە سەدەکانی ئەوی دی نییە. ئەم کۆمەڵەیە هەوڵدەدات هاوشانی کۆمەڵەکانی تر کەلتور بەرهەمبهێنێت. ئامانجمان بەشداربونە نەک مەلەکردنە لە دژە ڕەوتی ئاودا، بەشداربوون لە گۆڕانکاری و بەرهەمهێنانی مانای فەلسەفە بە هێنانەئارای کۆمەڵێک هەڤپەیڤین نەک لەنێوان فەلسەفە، هونەر، ئەدەب، دەرونشیکاری و سیاسەت و...هتد، بەڵکو کۆمەڵێک دیالۆگ لە کرۆکی فەلسەفە، لەگەڵ هونەر، ئەدەب، دەروونشیکاری و سیاسەت و... هتد.

## پۆپۆلیزم: تاکە کاری سیاسی

ڕەنگە بکرێت کاری لاکلاو بە جۆرێک تیۆرسێنی پەتی بزانیت، کە لەودیو ئەوەی خۆی، ناوی دەنێت ئەخلاقی و لە جۆراوجۆری شیکاری سیاسی ئێستادا دەیناسێنەوە، دەکۆشێت بە بۆچوونی ناچالاک، لۆژیک لەسەر ئامادەباشی مەیدانی کارلێکی سیاسی ئاشکرا بکات. ڕێبردنی بۆ پۆپۆلیزم دەرحەق بە پەرەپێدانی چەمکێکە، کە سالآنێک لێی کۆڵیوەتەوە، چەمکەکانی وەک هێما، هاوبەهایی و جومگەبەندی بابەتەکان. خاڵی سەرەکی کارەکانی، خۆبە دوورگرتنە لە خستنەڕووی ئەلگۆیەکی گۆڕانکاری هەمەلایەنە، کاتی مانەوەیەتی لە مەیدانی بیردۆزدا. هەربۆیە، لە جیاتی بەگژداچوونەوەی بڕیار لێنەدراوەکان و پێشبینی نەکراوی کارلێکە سیاسییەکان لە بری ناتەواووی، ڕایاندەکێشێتە بیردۆزەکەی خۆیەوە. بیردۆزەی لاکلاو لەسەر سێ گوتەزای بنەمایی وەستاونەتەوە، کە پێشمەرجی شیکارکردنی لۆژیکی پۆپۆلیزمن.

سەرەتا وتار، وتاری تێکڕایی ئاڵۆزییەکە، کە لەناویدا، پەیوەندی دەوری ستراکتۆری دەبینن. بە دیوێکی دی، توخمەکانی وتارێک نەک بەجێگەیاندنی پێشتر ئامادە، بەڵکو بەرهەمی وتارن. بۆیە، پەیوەندی و بابەتێتی ئەڵتەرناتیڤ دەبن. بەپێی بۆچوونی سۆسۆر، زمانی کۆمەڵێک لە جیاوازییەکانە کە هیچ توخمێکی ناوی، ئەرێنی نییە، لە ئەنجامدا، دەبێت هەر توخمێکی هێماگەر لە هەر تێکڕاییەکی هێماییدا پەیڕەوی لە تایبەتمەندییە زمانییەکان بکات.

بۆ نموونە ناساندنی کارلێکێک، تەنیا بەهۆی جیاوازی لە کارلێکەکانی تری هەموو توخمەکانی هێماگەرەوە ئاسانە. هیچ شتێک لەودیو یارییە جیاوازییەکانەوە نییە، هیچ بوارێک، کە پێشتر سەروەری بە بەشێک لە توخمەکان ببەخشێت. ناوەندێتی توخمێک، بەرهەمی پەیوەندی لەسەر بنەمای جیاوازییەکانی وتاری گریمانەیە.

دووەم، دالەکانی کۆتایی و هەژموونی، ئەگەر تێکڕاییەک بەپێی جیاوازی حەتمی لە زەین بگرین، دەبێت ئەو تێکڕاییە لە هەموو کارێکی هێمایی تاکدا هەبێت، بەمەش تێگەیشتنی تێکڕایی، مەرجی هێمایە. کە تێگەیشتنی تێکڕایی پەیوەندی بە تێگەیشتنە لە سنوورەکەی، بە دەربڕینێکی دی، دەبێت تێکڕایی لە شتێکی تر جیا بکەینەوە.

دەکرێت ئەو ئەوی دی تەنیا جیاوازییەکی تر بێت، بەڵام کە بەگژ تێکڕاییەکی هەڵگری تەواووی جیاوازییەکان (سیستەمی جیاوازییەکان)دا چووینەوە، جیاوازییەکەی تری تێکڕایی لەبری دەرەوەیی، ناوەوەییە و پێدانی دەسەڵاتی تەواو و بە تێکڕایی نادات. لە ئەنجامدا، تاکە ئەگەر بۆ بوونی دەرەوەیی و ڕاستی، دەرەوە نەک توخمی ناچالاک کە بەشێکی لابرابێت، شتێک کە دەبێت تێکڕایی بۆ بنیاتنانی خۆی بیخاتە لاوە. ئێستا کێشەیەکی تر سەرهەڵدەدات. لە بەرامبەر توخمی لابراو، هەموو جیاوازییەکان دەبنە هاوبەهای یەکدی، بەو مانایەی کە هەموویان لە لابردنی ناسنامەی لابراودا هاوبەشن.

بەڵام هاوبەهایی ڕێک هەمان شتە کە هەرەس بە جیاوازی دێنێت، کەوایە دەبێت هەموو ناسنامەکان لە گرژی نێوان جیاوازیکردن و هاوبەهاسازی کۆکبن. لە کرۆکی هەر تێکڕاییەک گرژییەکی لەو چەشنەمان چنگ دەکەوێت، لە ئەنجامدا، ئێمە نە ڕووبەڕووی تێکڕاییەکانی لەسەدا

سەد بووینەوە، کە لەگەڵ ئێکڕایی کەم و ناکامی تەواو بوون، شوێنی نادەستەبەربوونی تەواوبوون. ئێکڕاییەکی لەم چەشنە هەم نەشیاوە و هەم پێویست نییە. نەشیاوە، چونکە سەرەنجام گرژی نێوان هاوبەهاو جیاوازی نەکردنە و پێویستە، چونکە بێ بوونی جۆری کۆتایی، هەرچەند لەرزۆک و کاتییە، هیچ هێمایەک و هیچ ناسنامەیەک بەکارنایەت. بەم حاڵە، لەوە زیاتر دەبێت لاوازی چەمکێکی جۆری توانایی لەسەر بنەمای پیشاندانەوەی قسە بێنێنە بەرباس. لەوانەیە جیاوازییەک، لەکاتی مانەوەی خۆی وەکو جیاوازی لاوەکی، ئێکڕایی پێوانەکراو پیشانبداتەوە؛ لەم کاتەدا، پەیکەرەکەی دوولەت دەبێت، لەلایەک هەروەک لە حوکمی بەشێکدا دەمێنێتەوە و لەلاکەی دی، هێمایەکی زۆر ئێکڕایی هەڵدەگرێت. پەسندکردنی ئەو دەورە، هەمان شتە کە لاکلاو ناوی دەنێت هەژموون. بە گریمانەی نەشیاوبوونی ئێکڕاییەکی لەو چەشنە جەستە سەلمێنراو، دەبێت ناسنامەی هەژموونیک پەیڕەوی دیسپلینی دالی کۆتا بکات. بەمەش، هەرگیز ئێکڕایی ڕیشەکێش ناکرێت، چونکە دەبێت لەجیاتی ئێکڕایی ناکام بە ئاسۆیەکی بزانین و نەک بنەڕەتێک یان بنەما.

سێیەم وتاربێژیی، لە بۆچوونی باودا، خوازەیەک کە ناکرێت بە مانای وشە بە وشە تەرجومە بکرێت بە catachresis دەیخوێننەوە، مانایەک کە وشەی وشە بە وشە ناتوانێت بیگوازێتەوە. لە دۆخێکی لەم چەشنەدا catachresis تەنیا خوازەیەکی تایبەتی نییە، بەڵکو خەسڵەتی گشتی وتاربێژیە. ئەگەر دالی کۆتایی بوونی پێویستی بە ناونانی بابەتێکە، کە هەم نەشیاوو هەم پێویستە، کەوایە دەبێت هەژموونی ڕاستەوخۆی catachrestical بێت.

لاکلاو دەخاتە بەردەم دوو داوەری باوی پۆپۆلیزمەوە، دوو ئەگەری جیاواز. ئەو دوو داوەرییە بریتین لە پۆپۆلیزمی پەنهان و دیاری نەکراو،

کە تەنیا دەکەوێتە چوارچێوەی وتاربێژییەوە. لەڕوانگەی لاکلاو، پەنهان و دیارینەکراو، خاڵی لاوازی وتارێکی راستی کۆمەڵایەتی نین، بەڵکو لە هەندێک هەلومەرجدا، لەسەر ڕاستی کۆمەڵایەتی هەڵکۆڵراون. ئەوی دی کە وتاربێژی کارێکی زیادەی بێ کەموکوڕی نییە لە بەرامبەر بنەمایەکی چەمکی، چونکە هیچ بنەمایەکی چەمکی گونجانی دەروونییەکەی بەبێ هەڵواسین بە میکانیزمەکانی وتاربێژانە بەدەستەوە نادات.

بەو پێیە، ئەنجامگیری دەکا کە پۆپۆلیزم باشترین ڕێگایە بۆ تێگەیشتن لە چۆنییەتی بنەماداڕێژی کاری سیاسی. خەڵک نەک ماهیەتێکی ئایدیۆلۆژی ڕێگایەکە بۆ یەکپارچەیی، کە پەیوەندی ڕاستەقینەی نێوان بەرپرسانی کۆمەڵایەتییە.

داخوازی کۆمەڵایەتی، بچووکترین یەکەی شیکاری لاکلاوە. داخوازی (demand) لە ئینگلیزیدا هەم مانای داخوازیە و هەم مانای ئیدیعا و داواکاری. لاکلاو تێپەڕبوون لە داخوازی بۆ داواکاری بە یەکێ لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی پۆپۆلیزم دەزانێت.

دەرحەق بیردۆزەکەی، دەبێت جیاوازی لە نێوان دووجۆر داخوازیدا بکرێت، داخـوازی دیموکراسی، کە لە داخوازییەکانی تر جیابۆتەوە و لێکجیایە و داخوازی پۆپۆلار یان پۆپۆلیستی کە بۆخۆی کۆمەڵێک داخوازییە و بەهۆی جومگەبەندییەکانی لەسەر بنەمای هاوبەهایی، هۆکاری سیاسی بەرینتر بەدی دێت. کەوایە دوو پێشمەرجی ئاشکرای پۆپۆلیزم بریتین لە فۆرمۆلە بوونی سنورێکی ئەنتاگۆنیستی دەروونی کە خەڵک لە دەسەڵات جیادەکاتەوە و جومگەبەندی داخوازی هاوبەهایی، ڕێ بۆ سەرهەڵدانی خەڵک خۆشدەکات.

لاکلاو دوو ڕێگا بۆ درووستبوونی کاری کۆمەڵایەتی دەژمێرێت، کاری

کۆمەڵایەتی یان بەرهەمی بەشێکە کە ئەڵقەی پەیوەندییەکەی بە هەموو بەشەکانی ماهییەتی لەسەر بنەمای جیاوازییە (وەک بەشەکانی داخوازی) یا بەرەنجامی بەشداری بەشەکانە بەپێی هاوبەهایی. تەنیا لە حاڵەتی دووەم، دروستبوونی کاری کۆمەڵایەتی پێویستی بەکێشانی سنووری ئەنتاگۆنیستی دەبێت. بەمەش، پێشمەرجێک بۆ پەیدابوونی پۆپۆلیزم، باڵادەستی لۆژیکی هاوبەهاییە بەسەر لۆژیکی جیاوازیدا.

هەرچەند هاوبەهایی و جیاوازی لەئەنجامدا ناکۆکن، وەک هەلومەرجی پێویستی دروستبوونی کاری کۆمەڵایەتی پێویستی یەکترن. لە ئەنجامدا، کاری کۆمەڵایەتی شتێک نییە جگە لەو گرژییە کەم نەکراوە، هاوبەهایی چۆن دەربارەی جیاوازی ناياب دەبێ و لەبنچینەدا مانای نایاببوون چییە؟ لاکلاو وەڵامدەداتەوە، لەلایەک، تەواووی ناسنامە کۆمەڵایەتییەکان لە خاڵی بە یەکگەیشتنی هاوبەهایی و جیاوازی دەکەونەوە و لەلاکەی دی، ناهاوسەنگی بنەمایی لە کاری کۆمەڵایەتیدا هەیە، تەواوبوون پێویستی بەوەیە، کە بەشێکی پیشاندانەوەی تێکڕایی نەشیاو بگرێتە ئەستۆ. بەم شێوەیە، ناسنامەی دیاریکراو لە تێکڕای جیاوازییەکان بۆ ڕواڵەتی تەواو دەگۆڕێت. ئەوە ڕێک مانای ناياب بوونە.

سنورێکی لابراوی یەکپارچەیی بوونی پۆپۆلیستی، کۆمەڵگا بۆ دوو کامپ دابەشدەکات. لە دۆخێکی وادا، خەڵک شتێک لە تێکڕای ئەندامانی کۆمەڵگا کەمترە. دەکرێت خەڵک بە populous بزانی، سەرجەم هاوڵاتییان، یان plebs، بێبەشان، خەڵکانێک کە پۆپۆلیزم ئافرێنەریەتی پلیبیسیە و خوازیاری ئاڵوگۆڕیەتی بۆ پۆپۆلستی ڕەوا. سنووری ئەنتاگۆنیستی، کۆمەڵگا بۆ دوو کامپی کەم نەکراوە دابەشدەکات، کە بەدەوری دوو زنجیری هاوبەهایی ناکۆکدا دروستبوون. ڕادیکاڵبوونی ئەو درزە، پێویستی

پیشان نەدانەوەی چەمکەکەیەتی. هاوشێوەی دەربڕینی لکانی (پەیوەندی سێکسی نییە). ناکرێت دوو جەمسەری پەیوەندی بە شێوەبەندییەک بزانی لە ئەنتاگۆنیزمیشدا، درزی ئەنتاگۆنیستی دەرەوەی پیشان بدات یان دەرەوەوییەکە کە هەرچەند دەتوانێت بەسەریدا سەرکەوێت، ناتوانێت بە شێوازی دیالێکتیکی تێی پەڕێنێت.

وێنای سنووری ئەنتاگۆنیستی ڕادیکاڵ، دەربڕی بوونی درز تێکەوتنە، شوێنێک هەڵگری ئەزموونی لەدەستچوونێک، بۆشاییەک کە لە بەردەوامی هاوشێوەی کاری کۆمەڵایەتی دەکەوێتەوە یان بە دەربڕینێکی تر، سنووری ئەنتاگۆنیستیی نیشانەی یەکپارچەیی و پڕبوونی نائامادەیی کۆمەڵە. لاکلاو دەڵێت: «لەسەر بنەمای ڕەوشی مرۆڤ هەوڵێکە بۆ ناونانی ئەو یەکپارچەییە ونە، بەبێ بوونی ئەو درزە سەرەتاییە لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا، ئەنتاگۆنیزم، سنوور و سەرەنجام خەڵک دەرناکەون. ڕەهەندی دووەمی درز بەم چەشنەیە: زۆرجار مانای داخوازی بە پێگەی جیاوازیان لە چوارچێوەی سەمبۆلیکی کۆمەڵگا دیاری دەکرێت، بەڵام ئەگەر کۆمەڵێک داخوازی نەخەملێنرێت، ئەو چوارچێوەی سەمبۆلیکە دەپووکێنەوە. لەم حاڵەتەدا، چوارچێوەی پێشتر هەبوو کەمتر و کەمتر وەڵامی داخوازی جەماوەری دەداتەوە، کەوایە بوونی چوارچێوەیەکی نوێ حەتمی دەبێت. هەربۆیە ناسنامەی دوژمن پەیوەندی بە پڕۆسەی درووستبوونی کاری سیاسییەوە هەیە.

بە هەمانشێوە کە وترا، پۆپۆلیزم پێویستی بە دابەشکردنی کۆمەڵگایە بۆ دوو کامپ. ئەم دابەشکردنە ئامادەیی داله نایابەکان دەکاتە پێش گریمانە (ڕژێم، ئۆلیگاریشی، گرووپە زاڵەکان و..هتد بۆ دوژمن، خەڵک، میللەت، زۆرینەی کپ و هاوچەشن بۆ سەرکوتکراوان)، کە هێمای تەواووی کامپێکی ئەنتاگۆنیستی لەخۆیدا کەڵەکە کردووە. لاکلاو لەو ڕەوتی کەڵەکەبوونی هێمایی، جیاوازی لەنێوان دوو لایەن دەکات، دەوری ئەنتۆلۆژیکی دابەشکردنی

کۆمەڵایەتی بۆ ستراکتۆری وتارو ناوەرۆکی ئەتنیکی کە لە هەلومەرجی دیاریکراودا، ئەو دەورە دەبینێت. ڕەنگبێ ناوەرۆکی ئەتنیک نەتوانێت ئەو دەورە ببینی، لە کاتێکدا ئەگەر پێویستی بێت، هێماگەلێکی ئاماژەی سیاسی دژ ئەو دەورە دەبینن. هەروەها ڕەنگە لەکاتی لاوازی چەپ مانایەک بۆباڵی ڕاست بگوازرێنەوە، کە وەک نەریت ناوەرۆکی بوون.

سێیەم ڕەهەندی گرنگ، کێشانی سنووری ئەنتاگۆنیستیە بۆ گرژی نێوان جیاوازی و هاوبەهایی کۆمەڵێک داخوازی دەگەڕێنەوە، کە بەهۆی جومگەبەندی، ناوەرۆکی پۆپۆلاریان دۆزیوەتەوە. لە لایەک، جێگرتنی هەر داخوازیەکی دیموکراسیی لە زنجیرەی هاوبەهایی جەستەیەکی پێ دەبەخشێت کە نەیتوانی بە تەنیا دەستەبەری بکات.

داخوازیەکی لەو چەشنەی تر نابەردەوام و زوو تێپەڕ نابێت و دەکرێت تێکهەڵکێش بکرێن، کە گرامشی بە (شەڕی بارودۆخ)ی دەزانێت، لەلاکەی دی، خەڵک (زنجیری هاوبەهایی) یاسای ستراتیژی تایبەت بەخۆی هەیە و هیچ گرەنتییەک نییە کە ئەم یاسایانە ڕێگا نەبەنە قوربانیدانی هەندێک داخوازی دیموکراسیی تاکی. بەمەش ئاکامی پۆپۆلیزم ڕێک پەیوەندی بە ئاکامی سنوری سیاسییەوە هەیە، ئەگەر ئەو سنوورە نەمێنێت، خەڵکیش وەک فاکتەری مێژوویی لێکدەترازێت.

ئەگەر پەیوەندییەکان لەسەر بنەمای هاوبەهایی ناسنامەیەکی وتاری دیاریکراو بەرجەستە نەبن، هاوپەیوەستی گرنگ تێناپەڕێنن. ئەم ناسنامەیە، لەسەر بنەمای هاوبەهایی پەیوەندی پیشاندەداتەوە، نەک داخـوازی دیموکراسیی کە بوونە هاوبەهایی یەکتری. تەنیا لە کاتی بەرجەستە بوونی لەو چەشنەیە کە خەڵک پێدەنێنە پانتایی مانای پۆپۆلیستیەوە. ئەوەی پێشتر ناوبژی نێوان داخوازییەکان بوو، ئێستا خۆڕێکدەخات. هەرچەند لە بەراییدا پێگەی پەیوەندی نێوان داخوازییەکانیان لاوەکی بوو، ئێستا بەرپەرچی

داونەتەوە، بەهۆی ئاوەژوبوونێکی وەک بنچینە و بنەما بونیان کاردەکات، بەبێ ئەو ئاوەژوبوونەوەیە، پۆپۆلیزمێک بەکارنابرێت.

دوو لایەن لە ئامادەکردنی ناسنامەکانی پۆپۆلار جێی بایەخن: یەک، داخوازیەک کە لە ناسنامەی پۆپۆلاردا بەرجەستە دەبێت، لەناوەوە درز دەبات: لەلایەک، لەبری داخوازی لاوەکی دەمێنێتەوە و لە لاکەی دی، بەشەکانی دەلالەت لە شتی جیاواز دەکەن، واتا ئێکڕای زنجیری داخوازی هاوبەهایی، بە مانایەکی تر، داخوازی لەکاتی لاوەکی بوون بۆ ئێکڕاییەکی بەربڵاوتری دالێک دەگۆڕێت.

ئەم هێمای ئێکڕاییترە، بە ناچاری بۆ پەیوەندییەکانی دیکەی زنجیرەکە دەگوازرێتەوە، ئەو پەیوەندییانەی کە لەنێوان بەشەکانی داخوازییەکەی و هێمای گشتی درز دەبەن، کە لەسەر ئێکڕای زنجیرەکە نەخش بووە. بەمەش ئاڵۆزییەک بەرهەمدێت: چەند داخوازی لاوازتر بێت بۆ تەواوکردنی خۆی زیاتر وابەستەیە بە شوێنی خۆی لە زنجیرەکە و لە بەرامبەردا، چەند داخـوازی لـەڕووی وتـاری و دامـەزراوەیـی سەربەخۆتر بێت، کەمتر وابەستەی زنجیری هاوبەهایی دەبێت. دووەم، دەبێت هەموو ناسنامەیەکی پۆپۆلار بە دەوری ئەو دالانەدا کەڵەکە بن، کە وەکیەکی ئێکڕای زنجیری هاوبەهایی دەردەخەن. چەند زنجیرەکە بەرینتر بێت، دالەکان کەمتر پەیوەست دەبن بە داخـوازی لاوەکی سەرچاوەکەیان.

بە دیوێکی دیکەدا، پیشاندانەوەی ئێکڕایی ڕێژەیی زنجیرەکە لەسەر دەربڕی داخوازی لاوەکی چڕ دەبێتەوە، چونکە ناسنامەی پۆپۆلار بەربڵاوترین زنجیرە پیشاندەداتەوە و بۆ بابەتێکی ئاسانی دەگۆڕێت و هاوکات، دەبێت بۆ هەڵگرتنی داخـوازی کۆمەڵایەتی ناتەبا خۆی لە ناوەرۆکی لاوەکی بەتاڵکردبێتەوە. بەمشێوەیە، ناسنامەی پۆپۆلار

وەکو دالێکی کۆتا کاردەکات. لاکلاو هۆشداری ئاوێتەکردنی پووچبوون و دەرهەستکاری دەدا. واتا نابێت کارێکی هاوبەش بە خەسڵەتێکی ئەرێنی و کۆتایی لێمان بگۆڕێت، کە بە هێمای پۆپۆلیستی دەردەبڕدرێت و لەنێوان پەیوەندی زنجیرەی هاوبەشەکانە. داخوازی لە پەیوەندی هاوبەهاییدا، هیچ توخمێکی ئەرێنی بەشداری پێناکەن، جگە لەو ڕاستیەی کە هەموویان نەخەملێنراون. بەمەش نەرێنی، خودی پەیوەندی هاوبەهاییە.

بۆ نموونە، داخوازی لە بارودۆخێکی ناسەقامگیردا، بۆ شێوەیەک لە سیستەم هەیە (دەکرێت بە شێوەیەکی هاوتەریب، لە ناوەرۆکی وەک عەدالەت، وەکیەکی، ئازادی...بکۆڵینەوە). هەوڵ بۆ تەرخانکردنی مانای ئەرێنی سیستەم یان عەدالەت یان دانانی جۆرێک ناوەرۆکی چەمکی بۆیان بێهودەیە. دەوری ماناناسی ئەم وشانە نەک دەربڕینی ناوەرۆکی و ئەرێنی، بەڵکو ناونانی پڕبوونە کە بە شێوازێکی بنەمایی بزرە. هیچ کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتی نییە کە ناعەدالەتی تێدا نەبێت، بەڵام وشەی عەدالەت مانای هەبێت، بۆیە، عەدالەت نەک وشەی دەرهەستکاری، بەڵکو لە وردترین مانادا، وشەیەکی پووچە.

هەندێکجار سنوورەکانی ئەنتاگۆنیستی جێگیرو دیاریکراو نین، هەربۆیە، لاکلاو داڵە لێهاتووەکان دەخاتە شیکارەکەی خۆیەوە. دالی لێهاتوو بەرەنجامی جێگۆڕکێ یان گۆڕانی شێوەی سنوورەکانی ئەنتاگۆنیستیە. کاری سیاسی لە ڕوانگەی لاکلاوەوە یاری پێشبینی نەکراوی نێوان کارکردی دالە کۆتاکان و دالە لێهاتووەکانی لەخۆ گرتووە. لە ئەنجامدا، پۆپۆلیزم لە دوو قۆناغدا شیکار دەکرێت. یەک، داهێنانی خەڵک لەڕێگای فۆرمۆلەبوونی زنجیری هاوبەهایی و بەرجەستەبوونی لە بوونێکی پێکەوەبەستراو بە هاوکاری بەرهەمهێنانی دالە کۆتاکان.

بـەڵام سنووری ئەنتاگۆنیستی هەبووی ئەم بەرهەمهێنانە، پێشتر دراوە. لە کاتێکدا کە بەرهەمهێنانی خەڵک بنەمای هەژموونیکی نوێی لێدەکەوێتەوە، کە سەرهەڵدانی سنوورەکانی ئەنتاگۆنیستی نوێشی لەگەڵە (داله لێهاتووەکان).

کەوایە لە بەرایی دووەم، هەموو شەڕەکان سیاسین یان بە دەربڕینی لاکلاو هەمان گرۆتینی پێکهاتەی «شەڕی سیاسی»ن. بەو جۆرەی کە لاکلاو چەمکی پۆپۆلیزم کەڵەکە دەکات، ئەم ئەنجامگیرییە بەڕاشکاوی ڕای دەگەیەنێت حەتمییە کە کاری سیاسی هەمان پۆپۆلیستە. بە کردەوەیەکی سیاسی ڕەها هەژمار دەکرێت، کە بەرهەمی خەڵک لە ڕووبەڕووبوونەوەی بەڕێوەبردنی پاکی کۆمەڵایەتی لەچوارچێوەیەکی دامەزراوەخوازی جێگیر، مەرجی بنەمایی کاری سیاسی، هاتنەدی سنوورەکانی ئەنتاگۆیستی و سەرهەڵدانی بکەرانی نوێیە بۆ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی، واتا بەرهەمهێنانی داله کۆتاکانە بۆ هاوپەیوەستی زۆرینەیی داخوازییە ناتەباکانی زنجیرەی هاوبەهاییە.

هەموو ئەو بابەتانە تایبەتمەندێتی بنچینەیی ناساندنی پۆپۆلیزمن. هیچ دەستوەردانێکی سیاسی بەبێ ئاستێک لە پۆپۆلیزم ئاسان نییە. ئەم ئاستە سەر بە چۆنایەتی گەشەی زنجیری هاوبەهایی و یەکگرتنی داخوازییە کۆمەڵایەتییەکانە. لەوتاری دامەزراوەخوازدا (institutionalism) بە باڵادەستی ڕەهەندی لەسەر بنەمای جیاوازی پەرەسەندنی زنجیرەیی بە لانیکەم دەگات، لە کاتێکدا کە لە وتاری ناوەرۆکی درزبردو و کەلێنەکان کە ڕێگا دەبانە سنوورەکانی ئەنتاگۆنیستی، پۆپۆلیستی بوونی شەڕە کۆمەڵایەتییەکان پێشینە دەبێت. ڕووبەڕووبوونەوەمان بە دوو شێوەبەندی جیاوازی سیاسی، شێوەی دووەم (کارایی دامەزراوەیی) هەمان مردنی سیاسی، ئەنجامگیری ڕادیکاڵی لاکلاوە.

ئەم کتێبە ڕەخنەی ژیژەک بوو لەکتێبی ئەقڵی پۆپۆلیستی (بەرایی)؛ ئەندێشەی ئەم کتێبە بەرەنجامی دیالۆگی نێوان دوو تیۆرسێنی گەورەی چەپ، (ئارنستۆ لاکلاو) و (سلاڤۆی ژیژەک)ە، کە دەکرێت پچڕانە زارەکییە قووڵەکانی نێوان تیۆرسێنانی چەپ پێشان بدات.

ئەم مێزگردە کتێبیە لەوێ دەستپێدەکات کە ژیژەک ڕەخنەی لە کتێبی گۆرین گرت و لاکلاوی بە لێکدژی گوتن تۆمەتبار کرد و پڕۆژەی (داهێنانی خەڵکی) لاکلاوی بە شکستخواردوو زانی. لاکلاو لە وەڵامێکی توونددوتیژدا، ژیژەکی ئاڕاستەی هەمان ئەو ڕەخنانە کرد، کە لە کتێبەکەیدا ئاماژەی پێکردبوون، بەڵام ژیژەک دووبارە، هەروەک چاوەڕێدەکرا ڕەخنەی لە لاکلاو گرت تا پیشانی بدات کە هێشتا دەبێت تەواوی ئەڵتەرناتیڤەکانی مارکسیستیی حیسابی خۆیان لەگەڵ مارکسیستە ئەرتەدۆکسییەکان یەکلابکەنەوە.

ڕەخنە و شرۆڤەی تیۆری (داهێنانی خەڵک) بەگشتی، تیۆری «پۆپۆلیزم»ی لاکلاو لە هەڵبژاردنی وتارەکانی ئەم کتێبەدا گرنگن، کە ڕەنگە بەبێ خوێندنەوەی ئەقڵی پۆپۆلیستی زەحمەت بێت؛ بۆیە، یەکەم وتار، کە پوختەی تیۆری «پۆپۆلیزم»ە بە قەڵەمی خودی لاکلاو، دەکرێت لە حوکمی یەک Prolegomenon دابنرێت.

ئایا «پۆپۆلیزم» هێندە خراپە کە باسی دەکەن؟ ئایا لە ڕاستیدا باسی کام پۆپۆلیزم دەکەین؟ ئایا دەکرێت لە پاننایی و پێکهاتەی بەربڵاوتر و دوور لە ئاسانکارییە سیاسییەکان، پەیامێکی فریادڕەسی چاوەڕوانکراو بێت بۆی؟ لەم ناوەدا «خەڵک» مانای چی؟ ئایا تیۆری سیاسی لاکلاو، کە گورجبوونەوەی بارودۆخەکە کاری تێکردووە، لێڕوانینی جوانە و دەکرێت قەیرانی ئێستا چارەسەر بکات؟ ئەمانە هەندێک لەو پرسیارانەن کە ئەم وتارانە هەوڵدەدەن وەڵامیان بدەنەوە.

# پۆپۆلیزم: چییەتی ناوێک

ئارنستۆ لاکلاو

هەموو پێناسەیەک پێشگریمانەی بنەمایی و زارەکی هەیە و دووبارە مانا بەوە دەداتْ کە بڕیارە پێناسە بکرێتْ.

ئەم مانایە هەروەک کە خودی چەمکی پێناسەش ئاشکرا دەکاتْ، تەنیا بە جیاکردنەوەی لەبزی پێناسەکراو شتێک دێنەدی کە پێناسەکەی دەکاتە دەرەوە. ئەو کردنە دەرەوە بە نۆرەی خۆی چوارچێوەیەک گریمانە دەکاتْ کە لە کرۆکدا، بۆ خۆیان دەبنە جیاوازی بیرکردنەوەکان. ئەوە هەمان چوارچێوەیە، کە خوێندنەوەی جووڵانەوەیەک بۆ پۆپۆلیستی، ئایدیۆلۆژیەک، یان کارلێکێکی سیاسی ناتوانێتْ یەکسەر دیاری بکاتْ.

لە دوو بابەتی یەکەم جووڵانەوەکان و ئایدیۆلۆژییەکان بە پۆپۆلیستی زانیان پێویستی بە جیاکردنەوەی ئەو خەسڵەتەیە لە خەسڵەتەکانی تری، کە لەهەمان ئاستی پێناسەدان، خەسڵەتی وەک «فاشیستی»، «لیبراڵ»، «کۆمۆنیستی»و..هتد. ئەو کارە یەکسەر گیرۆدەی کاری ئاڵۆز و سەرەنجام لێکدژمان دەکاتْ: دۆزینەوەی دوایین حەشارگەیەک، کە بڕیارە پۆپۆلیزمی «پـەتْ»ی تێدا بدۆزینەوە، پێناسەیەک کە بۆ هیچکام لەم خەسڵەتانە داناشکێنرێن کە وەک نموونە باسمان کردن. لەڕاستیدا ملدان بۆ کارێکی وا چووینە یارییەکەوە کە بەڵگەی هەرجۆرە ناوەرۆکێکی کۆمەڵایەتی یان ئایدیۆلۆژیەکەی، بە زوویی ڕووبـەڕووی لافاوێک پۆپۆلیزمی ڕیزپەڕمان دەکاتەوە، بۆیە ناچارین بەو ئەنجامە بگەین، کە کاتێک وشەی (پۆپۆلیزم)

بەکار دەبەین، لەڕاستیدا خوی زمان ناسیمان وادەکات پێشتر ماناکەیمان گریمانە کردبێت، بەڵام بەم حاڵەش، ئەم مانایە بۆ هیچ مانایەکی پێناسەکراو تەرجومە ناکرێت. سەرباری، دۆزینەوەی پێشینەیەک کە لەگەڵ ئەم چەشنە چەمکە هەر ئەوە بێ تەنانەت سەختتریش دەبێت (هەمان پێشینە کە مانای ناوبراو لە دەروونی پووچ بەدیدێنێت).

ئێستا ئەگەر یەکەی شیکاری جووڵانەوە و ئایدیۆلۆژیەکانمان بۆ کارلێکە سیاسییەکان تاو بدەین چ ڕوودەدات؟ هەموو شتێک پەیوەندی بە چۆنییەتی تێگەیشتنمان لەو خولانەوە (میتۆدی)ەوە هەیە. ئەگەر تێگەیشتنمان بۆ ئەو خولانەوە میتۆدییە لەسەر بنەمای یەکگرتوویی نووسین بێت، کە لە ئاستی ئایدیۆلۆژی یان جوڵانەوەی سیاسی بنەمای ڕەوشی مرۆیی یان داتاشراوە، ئاشکرایە بچووکترین هەنگاومان بۆ دیاریکردنی نەناوە، تەنیا پۆپۆلیستییە. تا ئەو کاتە ناتوانین بەسەر ئەو کێشانەدا زاڵبین کە لە ڕێگای دیاریکردنی ماهیەتی پۆپۆلیستی ئەو وشانەدا هەیە و بەردەوامیش زیاد دەبن، کە بە شیکاری ئەو کارلێکانە، ماهیەتی دەروونی وشەکانی (هۆکار لە) دەرنەخەین. بەم حاڵە، ئەگەری دووەمیش هەیە، چونکە لەڕاستیدا کارلێکی سیاسی ماهیەتی بکەرانی کۆمەڵایەتی ئاشکرا ناکەن، بەڵکو لەپڕ بە پێچەوانەوە ماهیەتیان هەڵدەسەنگێنێت. کارلێکی سیاسی لە دۆخی یەکەمدا جۆرێک پێشینەی بووناسی هۆکاری (کۆمەڵایەتی) هەبوو هۆکاری کۆمەڵایەتی تەنیا خڵتەی مێژوویی کارلێکی سیاسی بوو. ئێستا بێین کەم و زۆر ئەو چەمکانە بە وشەی جیاواز بەراورد بکەین. دەکرێت کارلێکەکان یەکەی گونجاوتری شیکاری گرووپ بن، بەو مانایەی کە گروپ تەنیا بەرەنجامی جومگەبەندی کارلێکی کۆمەڵایەتییە. ئەگەر ئەو لێڕوانینە ڕاستبێت، دەتوانین بڵێین ناکرێت جووڵانەوەیەک پۆپۆلیستی بێت، چونکە لەڕاستیدا نەک لە

سیاسەت و ئایدیۆلۆژییەکەیدا ناوەرۆکەکان دەخاتەڕوو، کە تایبەتمەندییان پۆپۆلیست بوونیانە، بەڵکو لۆژیکی جومگەبەندی (logic of articulation ) وردەکاری نێوان ئەو ناوەرۆکانە پیشاندەدات کە دەیانەوێت هەرچییەک بن.

پێویستە پێشچوونە ناو ئەسڵی باسەکەمان خاڵێکی تر بوترێت. وتەزای (جومگەبەندی) لە زمانی زارەکی سێ یان چوار دەیەی ئەم دواییە زۆر باو بووە، بە تایبەت لە قوتابخانەی ئاڵتۆسێری و پاشتایی هەژموونییەکەی. لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت بڵێین ئەو بۆچوونە لە جومگەبەندی تەنیا تایبەت بووە بە ناوەرۆکە بوونییەکان (ontic) کە ئاڵتۆسێرەکان گەشەیان پێداوە، ناوەرۆکگەلێک کە چوونەتە ڕەوتی جومگەبەندییەوە، کارەکانی (ئابوری، سیاسی، ئایدیۆلۆژی). لەڕاستیدا مادامێک کە جومگەبەندی هاتە بەرباسی (چەمکەکانی وەک: بەرچاوی لە دوایین پێگەدا {یان شوێن} و سەربەخۆیی ڕێژەیی)، جۆرێک تیۆرسێنی بوونناسیش دەبێت، بەڵام دەگەڵ ئەوەی کە ئەم لۆژیکە ڕواڵەتیانە بەپێی پێویست سەرچاوەیان لە ناوەرۆکەکانی بوونی هەندێک وتەزا گرتووە، (بۆ نموونە، بەرچاوی لە دوایین پێگە، تەنیا دەکرێت کار لە پەنتایی ئابووری بکات) ئەگەری خستنە بەردەمی بوونناسی کاری کۆمەڵایەتیش لە هەمان سەرەتاوە سنوردار بوو. بەم حاڵە ئەم سنووردارییانە بیرکردنەوەیان لە لۆژیکی سیاسی پۆپۆلیزم کردە مەحاڵ.

لەمەودوا گەشە بە سێ مەسەلەی زارەکی دەدەین:

1. پێویستە بۆ بیرکردنەوە لە تایبەتمەندی بەرتەسکی پۆپۆلیزم یەکەی گرووپە بچووکترەکان شیکار بکەین. (هەر شتێکی ئاستی سیاسی یان ئایدیۆلۆژی).

2. پۆپۆلیزم وتەزای بوونناسییە نەک بوون، واتا مانای ئەو بڕیارە نییە لە هیچ ناوەرۆکێکی سیاسی یا ئایدیۆلۆژی دەستەبەر بێت، ناوەرۆکێک

که دەچێتە پانتایی وەسفکردنی کارلێکەکانی گرووپێکی دیاریکراوەوە؛ مانای پۆپۆلیزم بۆ شێوازی جومگەبەندی(mode of articulation) وردەکاری هەرجۆرە ناوەرۆکێکی سیاسی، ئایدیۆلۆژی و کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە.

3. شێوازی جومگەبەندی (articulating form)، جیا لە ناوەرۆکی بەرهەمهێنەری ئاکامە بنەمابیەکان، کە بە پلەی یەکەم خۆی لە ئاستی شێوازەکانی پیشاندەرەوە(mode of representation ) دەردەخات.

**داواکاری کۆمەڵایەتی و یەکپارچەیی کۆمەڵایەتی:**

هەروەک کە وتمان دەبێت خاڵی ویستمان وەرگرتنی یەکەی بچوکتر لە گرووپ و هەروەها سەرنجدان لە لۆژیکە کۆمەڵایەتییەکان بێت کە جومگەبەندی ئەو یەکانە پێکدەهێنن. پۆپۆلیزم لۆژیکێکیانە. لە دەسپێکدا بڵێین کە شیکارەکەمان لەسەر گریمانەی بەراوورد نەکردنی نێوان گرووپ لە حوکمی یەک لە ئێکرا (کۆمەڵگا) و هەر چالاکوانێکی کۆمەڵایەتی، پشتڕاست دەکەینەوە، کە هەڵسوڕاویەتی. لەڕاستیدا مانای وایە فاکتەری کۆمەڵایەتی نییە کە خواستی تەبای ئەزموونەکانی ئێستای کۆمەڵگا بێت و لە حوکمی تەواویەتێکیش ئێگەیەنراو بێت.

ڕۆسۆ ئاگای لەم کارە بوو، کە هەڵسەنگاندنی خواستێکی هەموانی، کە بەلایەوە مەرجی پێویستی دیموکراسی بوو لەژێر هەلومەرج و پێوەندی کۆمەڵگا مۆدێرنەکان کارێکی زۆر سەختە. کۆمەڵگایەک کە ڕێک هەمان شێواز (فرەجۆر) و ناتەبا (ناوەوەیی)انە، پێویستی بە بەهێزکردنی میکانیزمە ڕواڵەتییەکانیان زیاد دەکات؛ هیگڵ هەوڵیدا ئەو مەسەلەیە بە گریمانەی جیاکاری نێوان کۆمەڵگای سیاسی و کۆمەڵگای نەتەوەیی بخاتە بەرباس و لێکۆڵینەوەوە، بەم شێوەیە بە یەکەوە تەبان، کە کۆمەڵگای مەدەنی

ڕەسەنێتی بابەتی (particularism) و ناتەبا پیشاندەداث (سیستەمی پێداویستییەکان «system of needs») و کۆمەڵگای سیاسی ئاماژەپێدەری ساتەکانی یەکپارچەیی(totalisation)و تێکڕایی و مارکس جارێکی تر یۆتۆپیایەکەی دووپاتکردەوە، کە لە کۆمەڵگایەکی گونجاو جێگای کۆمۆنە و ئیرادەی هەموانی بەهۆی دەوری چینی هەمەگیر و تێکڕا کردووەتەوە {نەک ئەنتاگۆنیستی}.

لە ڕاستیدا بەرایی باسەکەمان جەختکردن بوو لەو خاڵە، کە هەر هەوڵێک بۆ وێکهێنانەوەی درزی نێوان ئیرادەی سیاسی و فەزای کۆمۆنە سەرەنجام ئاکامی نابێث. گەرچی دەکرێث هەوڵێکی لەو چەشنە بە دیاری کردنی جومگەبەندی سیاسی و تایبەتی نێوان ناسنامە کۆمەڵایەتییەکان کۆتایی بێث.

دیارە بۆ بەرگرتن لە بەدحاڵیبوونیشی دەبێث بڵێین، کە ئەم ناتەباییەی نێوان کۆمەڵ وەکو تەواویەتێک و ئیرادەی کەسی و هەڵسوڕاوانی کۆمەڵایەتی وا ناکاث لە وەڵامدانەوەی مەسەلەیەک لە ڕوانگەی هۆکاری (agency) میتۆدێکی تاکگەرایانە چارەسەری بکەین. چارەسەری تاکگەرایانە پێشتر ئەو گریمانەیەی هەبوو، کە بەڕاستی تاکەکان تەواویەتی مانادار و خۆ-ناسێنەرن؛ (self-defined) بەم گریمانەیە تەنیا کەمێک لەو ئەنجامگیریە دوورین، کە هەر کارلێکێکی کۆمەڵایەتی دەبێث دانوستانی نێوان بکەران {کۆمەڵایەتی} بێث، بکەرانێک کە ناسنامەکەیان بە دەوری پەیوەندی گەلێکی تەواوو لێکجیادا بەهێز بووە.

دوورکیم دەڵێث: «پیشاندەرەوە کۆمەڵییەکانی زەینی تاک دەرەوەیین». بەڵام بۆچوونمان بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونەیە تەواوی تێکڕایی باوەڕانە (holistic)، تەنیا بەو کۆتە کارێکی دەستپێنەگەیشتووە کە وادەی گەیشتن بە

پڕبوون ڕەگی بۆ وازانینی ئێکڕاییەکی کۆمەڵایەتی تەواو ئازاد دەگەڕێنەوە. بۆیە هەوڵدان بۆ بیناکردنی فەزای کۆمۆنە لە دەرەوەی زۆرینەی ئیرادەی هەمووان هەرگیز هاوشێوەی (تیۆری پەیماننامەی کۆمەڵایەتی) ڕۆسۆ نابێت.

ئێستا دەمانەوێت ڕەخنە لە {تیۆری} پەیماننامە بگرین کە لەسەر بنەمای وێنای پەیوەندییەکان و ئیرادەی خۆیان ویستویانە. پڕبوونی بەشداری یا کۆمۆنەیەک بۆ تاکیش ناگوازرێنەوە، کە تێکڕای کۆمەڵ ناتوانێت بەدیبێنێت. تاکەکان تەواویەتی پێکەوە بەستراو نین، بەڵکو ناسنامەی گەڕێندراوەن کە دەبێت بۆ زنجیرەیەک خاڵی ڕوانگەی ژێر دەسەڵات دابەش بن و جومگەبەندی نێوان ئەم خاڵانەش ڕواڵەتی کۆمەڵایەتی هەیە، نەک تاکی (بۆچوونی «تاک تەوەر» لە تێڕوانینماندا نییە).

بەم شێوەیە، دەکرێت ئەو یەکە گچکەترانە چیین کە لە بەرایی شیکارەکەماندا ئاماژەمان پێکردن؟ وتەزای «داواکەمان» سەرەداومانە. داخوازی لەجیاتی ڕواڵەتی بەرایی بەستنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی: وشەی «دەیەوێت» (demand) لە ئینگلیزیدا وشەیەکی ونە: ئەم وشەیە لەلایەک مانای داواکاری (request) و لە لاکەی تر مانای سەپاندنی داخوازیەک داواکاریەک (claim) بەسەر تاکێکی دی (هەروەک «ڕوونکردنەوەی ویستنە لە کەسێک). لە هەموو زمانەکاندا. بۆ نموونە ئیسپانی وشە بۆ ئەو دوو مانایە زۆرە: وشەیەک کە بۆ مانای دووەم بگونجێت «reivindication»ە. گەرچی کاتێک سوود لە وشەی «داخوازی» وەردەگرین مەبەستمان جەختکردنەوەیە لە مانای دووەم، بەم حاڵە، هەمان ترسی پەنهان لە وشەدا بەدەر نییە لە سوود، چونکە چەمکی زارەکی داخوازی کە ئێمە سوودی لێ وەردەگرین جۆرێک بڕیار نەدانی نێوان ئەو دوو مانایەیە وەک لەبنچینەدا دەبینین، ئەم دوو مانایە بەجیا ئاماژە بە جومگەبەندی سیاسی دەکەن.

دەبێت ئەوەشی بخەینەسەر کە گریمانەی هاوبەش لە هەردوو ماناکەدا پەنهانە: واتا داواکاری سەربەخۆ {self–satisfied} لە پێگەیەک جیابێت، کە داخوازی تێدا بەدیهاتووە.

ئێستا نموونەیەکی داخوازی ئاسایی دێنمەوە: گرووپێک لە خەڵک کە پێکەوە دەژین، داوای پاسێک دەکەن کە لە شوێنی نیشتەجێبونیانەوە بیانباتە سەر کارەکەیان. گریمان هەموویان بچنە شارەوانی و داواکەیان پەسەند بکرێت. لێرەدا کۆمەڵێک بنەمای تەرخانکراومان هەیە:

1. پێویستی کۆمەڵایەتی دەبێتە داواکاریەک، واتا ئەو داواکارییە بە خۆڕێکخەری نایەتەدی، بەڵکو بە پەنابردنە بەر شوێنێکی دی چارەسەر دەکرێت. شوێنێک کە دەسەڵاتی بڕیاردانی هەیە.

2. کاتێک داواکاری فۆرمۆلە دەبێت، پیشانی دەدات کە هەرگیز پێگەی باڵاتری دەسەڵاتی بڕیاردان جێی گومان نابێت. بەمشێوەیە تەواو لە چوارچێوەی مانای یەکەمی «داخوازی» دەچینەدەر.

3. ئەو داواکاریە داخوازیەکی بەوەخت و ڕێکوپێکە، چونکە لە خۆیدا پوختبووەتەوە – واتا وەک کێویێک داخوازی یان لافاوێکی گەورەی داواکاری نوسراوی کۆمەڵایەتییە. ئەگەر ئەو سێ تایبەتمەندییە بەدوای یەکدا ڕیز بکەین، بەم ئەنجامە دەگەین: داخوازی لەمجۆرە هیچ درز یان سنوور لە کۆمەڵگادا درووست ناکات کە داواکارییەکانی ڕێکوپێکن یا هەریەکەیان بە تەنیا دەخەملێنرێن، لە بەرامبەردا هەڵسوڕاوانی کۆمەڵایەتی ڕەوایەتی هەریەک لەم پێگانە لە حوکمی گریمانەیەکی باسەکراودا پێشتر پەسەند دەکەن. هیچ کەس نە مافی خۆی بۆ داخوازی دەخاتە گومانەوە، نە مافی پێگەی بڕیاردەر بۆ بڕیاردان دەباتە ژێر پرسیارەوە. هەر پێگەیەک بەشێک (یان خاڵی جیاوازی دانان) لە گەیشتنی یا دەروون مانەوەی (immanence)

کۆمەڵایەتی تەواو دامـەزراوە (institutional). لۆژیکە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵایەتی بەپێی ئەم مۆدیلە جێگیر و جیاوازی دانانە کاردەکەن، ئەو لۆژیکانەی کە ناویان دەنێین لۆژیکە جیاوازەکان. پێشگریمانەی ئەو لۆژیکانە یەک، هیچ جۆرە دابەشکرندێکی کۆمەڵایەتی نییە. دوو، دەکرێت هەموو جۆرە داواکارییەکی ڕەوا بە نائەنتاگۆنیستی {واتا بەبێ شەڕو کێشە} و {دەروون حکومەتیی} بخەملێنرێت.

نموونەی لەم یۆتۆپیا کۆمەڵایەتی جیاوازی دانەرەکان دەکات، کە نوێنەری کاری جیهانگری لۆژیکە: چەمکی دیسرائیلی (بنجامین دیسرائیلی)، دەوڵەتکار و نوسەری ئینگلیزی، (میللەتی تاک) و دەوڵەتی خۆشگوزەران، یان ئایدیالی سان سیمۆنی (حکومەتکردن بەسەر مرۆڤەکان بۆ ڕاییکردنی شتەکان).

با بۆ نموونەکەمان بگەڕێینەوە: گریمان داواکـاری ناوبراو ڕەتکراوەتەوە، بێگومان ئەو بڕیارە بارودۆخێک لە ڕیشەکێشی کۆمەڵایەتی دێنێتە ئاراوە، کە پێگەی باڵاتر داویەتی. ئێستا لە کاتێکدا کە داواکاریەک بەدی نەهێنرێت، ئیدی ماهیەتی بارودۆخ وەرناچەرخێت. ئەگەر بە هەر هۆیەک ژمارەی داواکاری نەهاتووەدی زۆربن، زۆرینەی ڕیشەکێشی بەرهەمهێنەریان دەبێتەهۆی هەڵتۆقینی لۆژیکە کۆمەڵایەتیە تەواو جیاوازەکان. وەک نموونە ئەگەر هەمان گرووپ لە خەڵک کە لە دراوسێیەتی یەکتری دەژیان و لە بەدیهاتنی داخوازییان بۆ هەڵگرتن و گواستنەوە بێهێوا بوون، بزانە دراوسێکەشیان بە چوونیەک لە خەمڵاندنی داواکـاری خۆیان لە ئاستی ئاسایش، دابینکردنی ئاو، شوێنی نیشتەجێبوون و فێربوون و هتد ڕیشەکێش کراون، جۆرێک یەکێتی و یەکگرتوویی نێوانیان بەهێز دەبێت: هەموویان لەو واقیعیەتەی نەهاتووەتە دی داواکارییەکانیان هاوبەش دەبن، بەم مانایە

که لە داواکاری شێوەی نەرێنی فەرەنسی ماهیەتی پۆزەتیڤ و جیاوازی دانەرەیان هاوبەش دەبن.

بارودۆخی کۆمەڵایەتی حەزدەکەن لە بەستێنی نەرێنیدا کەڵەکە بن کە تێیدا داواکارییەکان نەهاتوونە دی، لەڕاستیدا هەمان پێش بارودۆخی ڕواڵەتی جومگەبەندی سیاسیە کە ناوی دەنێین پۆپۆلیزم. دیارە ئەمە تاکە پێش بارودۆخی حاڵەتی جومگەبەندی ناوبراو {واتا پۆپۆلیزم} نییە. ئێستا ئاماژە بە چەند تایبەتمەندییەکی بنەمایی ئەو بارودۆخە دەکەین:

1. کاتێک کە ڕێکوپێکی دامەزراوەیی لەسەر بنچینەی لۆژیکی لێکجیابوونەوە وەستابوو، لێرەدا لەبەردەم بارودۆخی هەڵگەڕاوەداین، بارودۆخێک کە دەکرێت ناوی بنێین جۆرێک لۆژیکی هاوبەهایی (logic of equivalence) لۆژیکێک کە داواکارییەکان سەرباری سروشتی جیاوازییان دەیانەوێت لەناویدا یەکبگرن، کە ناوی دەنێین زنجیری هاوبەهایی (equivalential chains) ئەم کارە بەو مانایەیە کە هەر داواکارییەکی تاکی لە ڕوانگەی بنەماییەوە پارچە پارچەیە: داواکاری هەمان خودی بەش بەش بووە و لەلاکەی دی بەهۆی پەیوەندییەکانی (links) هاوبەهایی ئاماژە بە تەواوی داواکارییەکانی تر دەکات.

بۆ وەسفکردنەکەمان گەڕاینەوە: لەڕاستیدا هەر داواکاریەک وەک لوتکەی شاخێکی سەهۆڵکردووە، چونکە ئەو لوتکەی شاخە سەهۆڵکردووە (کە بەشی زۆری لەژێر ئاوە) هەرچەند خۆی لە وردەکاری دەخاتەڕوو، بەڵام داوای دەرکەوتنی خۆی لەبری داواکاری گەلێک لە کۆمەڵێکی گەورەتری داواکارییە کۆمەڵایەتییەکان دەزانێت.

2. ناسکاری داواکاری لە دوو دۆخی سەرەوەدا جیاوازە: لە دۆخی یەکەم ناسکاری داواکاری هەر هێندە ئاراستەیە، کە داواکاری بۆخۆی ئاراستە

و ماقوڵە. ئێمە ئەو ناسکاریە ناودەنێین ناسکاری دیموکراسی کە لەبری کاری لاوەکی ئێگەیەنراو دەبێت. لە دۆخی دووەم، ناسکار بەربڵاوترە، وەک سۆبجێکتیڤیەکەی سەر چاوەی لە کەڵەکەبوونی هاوبەهایی زۆری داواکاری دیموکراسیی گرتووە. ناسکاریەک ناودەنێین ناسکاری پۆپۆلار {popular subject= ناسکاری پۆپۆلیستی} کە بەپێی ئەم لۆژیکە هەڵدەسەنگێنرێت. هەر ڕادەیەکی داواکاری کۆمەڵایەتی حەزبکەن بە جیاوازیدانان ڕابکێشرێنە سیستەمی دامەزراوەییەوە، پەیوەندییەکانی هاوبەهایی نێوانیان لاوازتر دەبێت و شیمانەی دامەزراندنی سۆبژێکتیڤینەی پۆپۆلار کەمتر دەبێتەوە، ئەم کارە بە باشی هەلومەرجی سەرهەڵدان و ئاوابوونی ناخی پۆپۆلار دەردەخات. لە بەرامبەردا، بارودۆخێکمان هەیە، کە تێیدا زۆری داواکاری نەهاتووەتە دی و هەروەها جۆرێک لاوازی زۆری سیستەمی بەدامەزراوەکراو لە ڕاکێشانی جیاوازی دانانەی ئەم داواکاریانە بەرچاو دەکەوێت. ئەم بارودۆخە جۆرێک درزی پۆپۆلیستی لێدەکەوێتەوە.

3. پێشتر دەزانین هیچ کرۆکێکی پۆپۆلاری بێکێشانی سنووری دەروونیی بوونی نابێت. هاوبەهاییەکانیش بەهۆی لەدەستدانێک بەمجۆرەن کە لەدەروونیاندا گەشەی کردووە و پێویستی بە دەستنیشانکردنی سەرچاوەی ڕواڵەتی نەرێنی کۆمەڵە. بەمشێوەیە وتارەکانی {وتار} پۆپۆلاری و هاوبەهایی کاری کۆمەڵایەتی بۆ دوو بەشی لێکجیا دابەش دەکەن: دەسەڵات و دۆڕاو. ئەم کارە وادەکات ماهیەتی داواکارییەکان ئاڵوگۆڕیان بەسەردا بێت. ئەمانە لەمەودوا تەنیا داخوازی سادە و ئاسایی نین، دەبنە داواکاری ململانێ (reivindicationes)، لێرەدا بە دووەم مانای داواکاری دەگەین.

هاوبەهاییەکان، واتا هەمان ناخی پۆپۆلار، هەڵسەنگاندنی دوولایەنەی کاری کۆمەڵایەتی سنوری دەروونیە، پێدەچێت ئێستا بنەمای

تایبەتی پێویستمان بۆ پێناسەکردنی پۆپۆلیزم لەبەردەست دابێت، بەڵام هێشتا ناتەواو، ڕواڵەتی گرنگ و کلیلی جێگرتووە کە ئێستا شرۆڤەیان دەکەین.

## داله کۆتاکان و لێهاتووەکان

تا ئێرە ئاشنای دوو بارودۆخ بووین، کە ڕەنگە درزێکی پۆپۆلیستی تێدا فۆرمۆلە دەبێت، ئەو بارودۆخانەی کە لەڕوانگەی بنەماییەوە پێویست و تەواوکەری یەکدین: جیاکاری فەزای کۆمەڵایەتی بەهۆی درووستبوونی سنووری دەروونی و پێکهاتنی زنجیرەی هاوبەهایی نێوان داواکاری بەدی نەهاتوو، بە دەربڕینێکی وردتر ئەم بارودۆخانە بارودۆخی تەواو جیانین، بەڵکو دوو ڕووی بارودۆخێکن، چونکە سنوری دەروونی تەنیا بەهۆی کاری زنجیری هاوبەهایی دێنەدی.

لەو ناوەدا گرنگە بزانین، کە زنجیری هاوبەهایی سرووشتی دژ جێگرتووە: زنجیری هاوبەهایی ماهیەت و سروشت، جیاوازی دانانە و بەشێک لە داواکارییەکان لە دەرووندا دەگۆڕێت. لەکاتی پەیوەندی کورتی نێوان داواکارییەک کە دەخرێنە سەر «سیستەم» و توانای سیستەم بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان ڕوودەدات. دەبێت ئێستا لەکاریگەری ئەو پەیوەندییە کورتە، هەم لەسەر ماهیەتی داواکاری و هەم لەسەر ماهیەت و سروشتی سیستەمێک بکۆڵینەوە، کە لەجیاتی تەواویەتێک تێگەیەنراو دەبێت.

داواکاری هاوبەهاییمان یەکسەر ڕووبەڕووی مەسەلەی پیشاندانەوەی هاوبەهایی دەبێتەوە، چونکە لە لایەک ئاشکرایە، کە داواکاری لاوەکین، لە کاتێکدا کە ڕەهەند یان لایەنی ئێکرایی تری بێبەشە کە پەیوەستە بە هاوبەهایی بەستراوە بە هەبوونی هەردۆخێکی بێهۆو ئاشکرای پیشاندانەوە.

بەڵگەمان، یەکەم پێشمەرجی پێویست بۆ پیشاندانەوەی ساتەکانی هاوبەهایی و هاومانای تەواویەتی بەخشی دەسەڵاتێکە (لە ڕێگای چەمکەکەی) کە بەگژ یەکگرتنی داواکاری گەلێکدا دەچێتەوە، کە داخوازی گشتی بەهێز دەکات. بەڵگە نەویستە، کە زنجیری هاوبەهایی سنووری دەروونی کۆمەڵ بەرهەم دێنێت، دەبێت بە شێوازێک لاکەی تری سنووریش پیشانبدرێتەوە. هیچ پۆپۆلیزمێک بەبێ دروستکردنی دوژمنی گریمانەیی نییە: سیستەمی پێشوو، ئۆلیگاریشی، دەسەڵاتداران یا هەر شتێکی تر.

پاشان بۆ ئەم بابەتە دەگەڕێینەوە. ئەوەی ئێستا لەسەری پەڕینەوە لە بابەتەکانی ناسکاری دیموکراسی بۆ بابەتەکانی ناسکاری پۆپۆلار قووڵدەبینەوە، پەڕینەوەیەک، کە بەپێی کاریگەری دوای پێکهاتنی سنوری دەروونی کۆمەڵگا، شیکاری دەکەین.

چۆن هاوبەهایی بەم تاریفە خۆی پیشاندەدات؟ هەروەک پێشتر وتمان هەرگیز خاڵی هاوبەهایی لە تایبەتمەندیەتی ئەرێنی و پۆزەتیڤی، واتە تایبەتمەندیەتیەکدا نییە، کە لە هەموو داواکاریەکاندا پەنهانە، چونکە داواکاری لەڕووی تایبەتمەندیەتی ئەرێنیان لە یەکتر جیاوازن. هاوبەهایی تەواو بەهۆی لێکدژیەک گەشە دەکات کە سنور بۆ دەسەڵاتی هەمەلایەنی کێشراوە، دەسەڵاتێک کە هیچکام لە داواکارییە هاوبەهاییەکان بەدی ناهێنێت.

لەم حاڵەتەدا زنجیری هاوبەهایی چۆن دەتوانێت بە مانای وردی وشە پێشان بدرێتەوە؟ پێشتر لە شوێنێک وتبووم (بۆچی داله کۆتاکان هێندە بۆ سیاسەت گرنگن؟)، لە ڕزگارییەکان، لەندەن، ویرسۆ) پیشاندانەوە یان نوێنەرایەتی تەنیا کاتێک ئاسانە، کە داواکارییەکی لاوەکی بەبێ دەستهەڵگرتنی لە وردەکارییەکەی خۆی، وەک دالێک کار بکات، دالێک کە

زنجیرەی {هاوبەهایی} لەبری تەواویەتێک پیشانی دابێتەوە (بە هەمانجۆر کە بۆ نموونە زێڕ بەبێ ڕەگەزی لاوەکی لەدەستبداتـ، ڕەگەزی خۆی بۆ پیشاندانەوەی تێکڕای بەهایی دەگۆڕێت).

ئەم پڕۆسەیە، کە بەهۆی ئەو داواکارییە لاوەکییە زنجیرەیەک هاوبەهایی پیشاندەداتەوە، بە مسۆگەری هەمان شتە، کە پێشتر ناومان نابوو هەژموونی. بۆ نموونە داواکارییەک کە ئەندامانی سۆلیدارنیشک داوایان دەکرد بە تایبەت پێشینەی داواکاری چینی کرێکار بوو لە گدانیسک، بەڵام کە داواکاری ئەو یەکێتیە لە کۆمەڵگای لاواز فۆرمۆلە ببوو، کۆمەڵگایەک کە زۆربەی داواکارییە کۆمەڵایەتییەکانیان لەبار بردبوو، ئەم داواکارییە لە وتاری نوێ دا دوولەتبوو بۆ دالەکانی ئۆردوگای جەماوەری گۆڕان.

کەوایە تایبەتمەندییەک لە ڕەوتی هەڵسەنگاندنی بەڵگە و دەلیلی تێکڕایی و پۆپۆلاردا هەیە، کە بە تایبەتی بۆ تێگەیشتن لە پۆپۆلیزم گرنگە. ئەو تایبەتمەندیە ئەوەیە: تا زنجیری هاوبەهایی زیاتر گەشە بکات، پەیوەندی بە داواکاری لاوەکیەکەی لاوازتر بوو قبووڵیان کردووە تێکڕای داوای گشتی پیشان بدەنەوە. ئێستا دەگەینە ئەنجامێکی گرنگ: هەڵسەنگاندنی ناخی پۆپۆلار تەنیا لە ڕێگای بەرهەمهێنانی لۆژیکی دالە کۆتاکان گونجاوە، ئەو دالانەی کە کنووپڕ لایەنگرانە بەرهەم دەهێنرێن. بەو جۆرەی باوە «نەداری» هێمای پۆپۆلیستی هاومانای مەرجی پێویست بۆ کاریگەری سیاسی ئەو هێمایانەیە کاری ئەو هێمایانە پێدانی ڕاستی تەواو ناتەبایە بە هاوبەهایی تەبا. ئەم هێمایانە دەتوانن بە کەمکردنەوەیان بە لانیکەمی ناوەرۆکی لاوەکیان کاریگەری سیاسی ناوبراو بەوپەڕی باشی ئەنجام بدەن . ئەم ڕەوتە لە دۆخێکدا ئاستی بە خاڵێک دەگات کە ناوێکی پاک ئەرکی تەباسازی بە ئەستۆوە دەگرێت: ناوی پێشەوا (leader).

هێشتا دوو خاڵی تر ماون کە دەبێت لێیان بکۆڵینەوە... خاڵی یەکەم پەیوەندی بە گۆڕانکاری شێوەی تایبەتەوە هەیە، کە لۆژیکە هاوبەهاییەکان لەکاتی هەڵسەنگاندن و ساختەکاری (خەڵک) و (دەسـەڵات) جێی دوو جەمسەری ئەنتاگۆنیستی دەگرنەوە. لە پەیوەندی بە بابەتی تایبەتی (خەڵک)، هەروەک پێشتر دیتمان، لۆژیکی هاوبەهایی لەسەر لۆژیکی «بەتاڵکەرەوە» وەستاوە، لۆژیکێک، کە دەکرێت بەدیهاتووەکانی بەهێز یا لاواز بکەن. ئەوە لۆژیکی بەهێزە وەک دالەکانی زنجیرێکی هاوبەهایی پێکدەهێنن. چونکە دەبێت هەموو پەیوەندییەکانی بەستراوە بەو زنجیرەوە هەڵگرێت.

ئەو دالانە سەرچاوەی کراوەتریان هەیە و تەنیا بەڵگە و دەلیلی لەسەر ناوەرۆکی جیاوازدانەرانە نییە، کە دالێک بە مەدلولێک دەبەستێتەوە. ئەم لۆژیکە لاوازکەرە، چونکە ڕێک لەبەر ئەو گەڕاندنەوەیە (بە زەبری تێکڕایی) بەرینتری پەیوەندی دال بە ناوەرۆکە لاوەکییەکان بەزوویی ڕوو لە شیکارە. دەکرێت بە بەهرەمەند بوون لە جیاکاریەکی لۆژیکی بڵێین چەند لە پشتڕاستکردنەوە نزیکتر دەبینەوە، لە چەمکەکە دوورتر دەکەوینەوە. هەمانکار لە هەڵسەنگاندنی جەمسەری دەسەڵاتدا ڕوودەدات: ئەو جەمسەرە بە سادەیی بەهۆی ماددی بونی ناوەرۆکی جیاوازدانەرانەی کار ناکات، چونکە ئەو ناوەرۆکە بەرەنجامی ڕەتکردنەوەی جەمسەری پۆپۆلار و جەماوەرییە (بەهۆی بەدینەهاتنی داواکاری جەمسەری پۆپۆلار واتە «خەڵک»). لەو ڕوانگەیەوە جۆرێکی نابەردەوام و لەرزۆکی بنچینەیی دێتەپێش، کە ڕەنگە دزە بکاتە تەواوی وتاری ناچالاکەوە. تا ئەو جێیە چ دەبێت، کە پەیوەندی بە داواکاری لاوەکیەوە هەیە، ئاڕاستەیەک نارەخسێت کە تێیدا ئەو داواکارییانە بتوانن بە شێوازی جیاواز دانەرانە یا هاوبەهایی جومگەبەندی بن، واتا هەلومەرجی مێژوویە، کە شێوازی جومگەبەندییان

دیاری دەکات وێڕای (دەربارەی هاوبەهاییەکان). شتێک نییە کە پێشینە و شێوازی پێکهاتەی زنجیرەکان دیاری بکات کە ئەو داواکارییانە تێیدا هاوبەشن، بەڵام دەبێت دەربارەی دوو جەمسەری دەوالیزمی دەسەڵاتی خەڵک بوترێت ناسنامە و ستراکتۆری واقیعیان لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە بۆ ئێرە شایەتی ئاژاوەگێڕییەکان بوو لەسەر خۆراک، دیارە حکومەتی پاشایەتی و ڕژێمی پادشایی دوژمنی سەرەکی ئەو ئاژاوەگێڕیانە نەبوون.

دەبوایە تەواوی وەرچەرخانی سەدەی هەژدە بە قۆناغێک گەیشتبان، کە داواکاری خۆراک تێیدا بەشێک لە زنجیری هاوبەهایی شۆڕش بێت، ئەو زنجیرانەی کە بریتی بوون لە تەواوی سیستەمی سیاسی. پۆپۆلیزمی ئەمریکی جوتیاران لە کۆتایی سەدەی نۆزدە شکستی خوارد، چونکە هەوڵ بۆ پێکهێنانی زنجیرە هاوبەهاییەکانی پۆپۆلار، کە داواکاری گرووپەکانی ماڵ لەدەستچووەکانی دەکردە هاوەبەست و ئامانج بەهۆی کۆمەڵێک بەربەستی جیاوازدانەرانە ڕووبەڕووی بنەمای گرژی بڕیار نەدان بووەوە، کێشەگەلێک کە لەسەر یەکگرتنەوەی دووبارەی جوتیارانی پێستڕەش و سپی پێس بوو، بێمتمانەیی جوتیاران و کرێکارانی شاری، زێدەڕۆیی وەفاداری جوتیارانی باشوور بۆ حزبی دیموکرات و لەمجۆرانە.

ئێستا لەخاڵی دووەم دەکۆڵینەوە. ئێمە لە باسەکەماندا بە گریمانەی ئاساییکەری پشت ئەستور بە بونی ئێستای (de facto) سنوری هەنگاومان نا، کە دوو زنجیری هاوبەهایی و ئەنتاگۆنیستی لێکجیادەکاتەوە. ئەو گریمانە بو، کە ئێستا دەمانەوێت زیاتر شرۆڤەی بکەین. لێڕوانینی تێکڕاییمان ناچارمان دەکات سەرلەنوێ ئەو گریمانەیە هەڵسەنگێنین، کە ئەگەر عەقڵی کۆن لە گۆڕێ نییە، کەوایە بۆ داواکارییەک لەبری ئەوەی بچێتە هەر زنجیرێکی هاوبەهایی یان هەر جومگەبەندیی جیاوازیدانەرانە ئاسان بێت. دەبێت

بچێنە زنجیری هاوبەهایی یان جومگەبەندی جیاوازی دانەرانەی تایبەتەوە. لەم کاتەدایە، کە دەبێت چاوەڕێ بین ستراتیژیە سیاسی و ئەنتاگۆنیستییەکان بە جیا جیا پەیوەندیان بە بەرهەمهێنانی سنوورە سیاسیەکانەوەیە، دیارە دەبێت ئەوەش بەشیمانە بزانین، کە ڕەنگە سنوورە سیاسییەکان بگۆڕێن.

دەبێت لە ئێستادا گریمانەکانمان دیاری بکەین. سەرەنجام هەر توخمێک کە لە بەڵگەیەکدایە خۆی ڕادەستی فشاری بنەماییەکەی دەکات کە بەهۆی جومگەبەندی لێکدژی ئەو بنەمایە بەدیهاتووە. تیۆرسێنیمان دەربارەی دالە کۆتەکان بە ئێرە گەیشت، کە وتمان تەبایی ئەو دالانە پەیوەندی تەواویان بە ئامادەیی زنجیرە هاوبەهاییەکانەوە بو، ئەو زنجیرانەی کە سنووری دەروونیان لەخۆ گرتبوو.

شێوەی کلاسیکی پۆپۆلیزم بۆ وێنە، زۆربەی پۆپۆلیستەکانی ئەمریکای لاتین لە دەیەکانی 1920 و 1950 هاوتای ئەم وەسفەن. دینامیکی سیاسی پۆپۆلیزم پشتی بە بەرهەمهێناوەی بەردەوامی ئەو سنوورە دەروونیە بەستووە. دەتوانین بە سوود وەرگرتن لە شوبهاندنێکی زمانناسی بڵێین کاتێک وتاری سیاسی جێگیرە، کە جەمسەری هاونیشینی زمان نایاب بکات ژمارەی شوێنەکانی جیاوازدانەرانەی، کە بەهۆی پەیوەندی ئاوێتە کردنەوە جومگەبەندی دەبن، وتاری پۆپۆلیستی لە هەمان دۆخدا دەیەوێت جەمسەری جێگرەوەی زمان نایاب بکات. بە دیوێکی دیکەدا، پەیوەندی جێگرەوەیی نێوان توخمەکان (لە باسەکەماندا، داواکارییەکان) تەنیا لە دەوری دوو بابەتی هاونشینی کۆدەبنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت سنوورە دەروونییەکەی لە بەین بچێت، کە وتاری پۆپۆلیستی لەسەری وەستاوەتەوە. ڕەنگە ئەو کارە بە دوو شێوە ڕوو بدات: یەکیان بەهۆی پچڕانی پەیوەندی هاوبەهایی نێوان داواکاری لاوەکی، واتا بە تاک خەمڵاندنی ئەو داواکارییانە. ئەم ئاڕاستەیە

شێوەی پۆپۆلیستی سیاسەت تێکدەدات، ئاڕاستەیەک کە بەرەو سڕینەوەی سنووری دەروونی و دەرباز بۆ ئاستی باڵاتر لە لێکدان و یەکگرتنی سیستەمی دامەزراوەیی بە وتەی گرامشی، چالاکیەکی سەر بە قۆناغی پەڕینەوە کۆتایی دێت. ئەم ئاڕاستەیە هاوشێوەی پڕۆژەی (یەک میللەتی) دیسرائیلی یان هەوڵە هاوچەرخەکانی تیۆرسێنانی «ڕێگای سێیەم» و «ناوەندی بنەمایی» بە ئامانجی قەرەبووکردنەوەی هەڵکردنە (administration) لەگەڵ سیاسەت.

دووەم ئاڕاسنە سروشتێکی سەرانسەر جیاوازی هەیە، کە وەک مەرجی پێویستی پۆپۆلیزم پاشەکشەی سنووری دەروونی لێدەکەوێتەوە. ئەم ئاڕاستەیە بەماوەی لابردنی سنورەکاندا تێناپەڕێت، بەڵکو بە گۆڕانی ئاماژەی سیاسی سنورەکان پەکیان دەخات. بە هەمانجۆر کە دیتمان ئەم ئاماژە سیاسییانە، هەروەک داله تەوەرییەکانی وتاری پۆپۆلار و کۆتای ڕادیکالیزم خۆیان بپارێزن، واتا بتوانن کۆمەڵگا بۆ دووبەش دابەش بکەن لەم کاتەدایە، کە زنجیری هاوبەهاییەکان بەهۆی ئەم دالانەوە یەکدەگرن، بۆ زنجیری جیاواز دەگۆڕێن، چونکە پێکهاتەی سیاسی تێکڕای کاری پۆپۆلیزم پێویستی بە ئاماژەی سیاسی لێکدژە.

سەدەی بیست نموونەی لە ژمار نەهاتووی لەوجۆرە هەڵگەڕاوەی هەیە. لە ئەمەریکا ئەو دالانە لە نەخشەی نوێی (New Deal) ڕۆزفلێت بە زۆری ئاماژەی چەپیان هەبوو، کە ڕادیکالیزمی پۆپۆلارییان لەخۆگرتبوو، پاشان بە دەستە ڕاستە بیرتەسکەکان، لە جۆرج ڤالاس تا «زۆرینەی ئەخلاقی»، لە نوێوە بوژایەوە. بەرەی میللی لە فەرەنسا تا ڕادەیەک «دەوری تریبۆن»ی حزبی کۆمۆنیستی گرتە ئەستۆ و هەروەها بڵاوبوونەوەی فاشیزم لە شەڕی ناوخۆ {ئەڵمانیا} بێ لە زەینگرتنی دیسانەوە جومگەبەندی ناواخن و داواکارییەکان تێناگات کە لە بنچینەدا پەیوەندییان بە نەریتی

شۆڕشگێڕییەوە هەبوو، شتێک کە دیارە بەهۆی باڵی ڕاست (واتە حزبێک پێکهات، کە پاشان دەرفەتی دەرکەوتنی دایە فاشیزمیی هیتلەر).

دیسانەوە ناسینی ئەلگۆی ڕەوتی ئەو جومگەبەندییە، کە ئێستا گرنگە: ئەو ئەلگۆیە لەسەر شێوازی بەرپەرچدانەوەی لایەنگرانەی دالەکانی تـەوەری ڕادیکاڵیزمی پۆپۆلار وەستاوەتەوە، ئەو دالانـەی کە زۆربەی داواکارییە دیموکراسییەکان لە زنجیری هاوبەهاییدا یاداشت دەکەن. دیسانەوە جومگەبەندی هەژموونیک ئاسانە، چونکە هیچ داواکارییەکی کۆمەڵایەتی پێوە نەلکێندراوە، داواکارییەک لە حوکمی «چارەنووسی ئاشکرا»، هەرچۆنێک بێت پێشتر شێوازی یاداشتکردنی {داواکاری زنجیری هاوبەهایی} دیاری دەکات، هەموو شتێک پەیوەستە بە ململانێی دەستەبەرکردنی هەژموونی. هەرجارێک داوکارییەک ڕادەستی نەخشەی ئەنتاگۆنیستەکان بوو، چیتر لە هیچکام لەم نەخشانە جێی نابێتەوە، ئەو داواکارییە پێویستی بە جۆرێک خۆبنیاتنەری تێپەڕ و لایەنگرانە دەبێت.

بۆ ئاماژەکردن بە چەند مانایەکی پەنهان لە داله پۆپۆلارەکان و داواکارییەک کە بەهۆی ئەو دالانە جومگەبەندی دەبن، داله لێهاتووەکان (floating signifier) پێناسە دەکات. جۆری پەیوەندی بنەماییەکەی تەواو لە جۆری پەیوەندی ڕاسنکەرەوەی جیایە و ئەو دالانە سازدەدات، کە داله کۆتاکان ئامادە دەکات: لە کاتێکدا کە داله کۆتەکان گیراوەی سنورێکی دەروونی کامڵ و تەواو بەرئەنجامی زنجیری هاوبەهایین، داله لێهاتووەکان چەند لایەنێک پیشاندەدەن یان ترسی شـاراوەی سنورەکان و هەروەها نەشیاوی ئەو سنورانە لە دەستەبەرکردنی بەردەوامی کاملی دەردەبڕن، بەڵام بوونی ئەم جیاوازییە زۆر شیکاریە، داله کۆتەکان و داله لێهاتووەکان بە کردەوە زۆر تەبان: ناتوانین بارودۆخی مێژووییەکەی وەرگرین، کە کۆمەڵگا

تێیدا بەمشێوەیە یەکپارچە بێت، بە شێوەیەک کە سنوورە دەرونییەکەی هیچ جۆرە هەڵوەشانەوە یان گۆڕانکاری بەسەردا نەیەو هیچ قەیرانێکی گونجاوو قوڵ نەبێت، بە جۆرێک کە هیچ شێوەیەکی پتەوی نەتوانێت مەیلی کاولکاری سنوردار بکات، بە دەربڕینێک هەرگیز ئەو دوو جۆرەی داله بەڕەهایی ئەبانین.

**پۆپۆلیزم، سیاسەت و نوێنەرایەتی**

ئێستا هەموو بەشەکانی بەڵگاندنەکانمان ڕیزدەکەین تا چەمکی گونجاوی پۆپۆلیزممان چنگ بکەوێت. کاتێک گونجاو دەبن، کە ڕەهەندەکانی چوونە ژوورەوە بۆ شیکردنەوەی ئەم چەمکە ڕەهەندی لێکجیا نەبن، چونکە جگە لەمە تەنها چەند بەشێک لە لیستەکانمان بە تەنیشت یەکەوە ڕیز کردووە، دەبێت بە ئێکڕاییەکی زارەکی جومگەبەندی بەدەست بێنین.

سەرەتا ئەگەر زنجیرەیەک هەرەسی سیاسی وتارێکی ڕاستکەرەوەی ناسکاری پۆپۆلارمان هەبێت بەم مانایە، کە پۆپۆلیزممان هەیە و دیارە پێشمەرجی سەرهەڵدانی ناسکاریەکی لەم چەشنە هەروەک، کە دیتمان هەڵسەنگاندنی سنووری دەروونییە تا فەزای کۆمەڵایەتی بۆ دوو ئۆردوگا دابەش بکات. بەڵام بەهەمانجۆر کە دەزانین لۆژیکی ئەم دابەشکردنە بە هاتنەدی زنجیری هاوبەهایی نێوان کۆمەڵێک داواکاری کۆمەڵایەتی ڕێنوس کراوە، داواکارییەک کە ساتەکانی هاوبەهایی ناوی بەسەر سروشت و ماهییەتی جیاوازی دانەرانەیاندا زاڵدەبێت. لە ئەنجامدا ناکرێت زنجیری هاوبەهایی لەپڕ بێت، بەڵکو دەبێت بەهۆی توخمێک پتەو بێت، توخمێک کە بەپیشاندانی ئەو زنجیرە لەجیاتی تەواوەتێک گونجاوی دەداتێ. ئەم توخمە هەمان شتە کە پێی دەڵێین «دالی کۆتا».

ئەمانە هەموویان تایبەتی بنەمایی و ناساندنن کە لە ڕوانگەی منەوە دەچنە وتەزای پۆپۆلیزمەوە. هەروەک دەتوانی ببینی چەمکی پۆپۆلیزمی چەمکێکی ڕواڵەتییە، کە من بەنیازم بیخەمەڕوو، چونکە تەواوی تایبەتی ناساندنی بە دۆخێکی تایبەتی جومگەبەندی پێکەوە بەستراو دەورە، دراوە. زاڵبونی لۆژیکی هاوبەهایی بەسەر لۆژیکی جیاوازی دانەرانە شێوازی ئەو پەیوەندییە سەربەخۆیەی ناوەرۆکی کردارییە کە جومگەبەندییە. هەربۆیە لە بەرایی وتارەکە ئاشکرام کرد کە «پۆپۆلیزم» وتەزای ئەنتۆلۆژییە نەک ئەنتیک. هەموو هەوڵمان بۆ پێناسەکردنی پۆپۆلیزم بۆ ئەوە بوو تا پەیوەستەکان بە پۆپۆلیزمەوە لە ناوەرۆکی ئەنتیک و لاوەکی جێگیر بێت و لە ئەنجامدا، بەهۆی ڕەفتاری حەتمی بەشکان لە بەین بچێت، کارلێکێک کە دەرەنجامی لاوەکی و پێشبینیکراوی، یان هەڵبژاردنی ناوەرۆکی ئەزموونییە، ناوەرۆکێک کە یەکسەر ڕوبەڕووی لافاوێک لە ڕیزپەڕییەکان دەبێتەوە یان پەنابردن بۆ شایەتییەکە، کە بە هیچ ناوەرۆکێکی چەمکیەکەی ناگۆڕێت.

ئەم گەڕانی خستنەڕووی مانا، لە ناوەرۆکەوە بۆ شێوە، کۆمەڵێک بەسەرەوەبوونی هەیە، (جیا لە دوورخستنەوەی تێڕوانینی گەمژانەی ڕەسەنێتی سۆسیۆلۆژی، کە لەو وێنا سیاسیەدا بە یەکگرتوویی پێشتر هەڵسەنگێندراوی گرووپێکی دادەبەزێنرێن). یەکەم ڕێگایەک بۆ بەرکەوتنی مەسەلەی دووبـارە بـۆوەی ڕوبـەڕووبـوونـەوە بە ئامادەیی هەمەگیری پۆپۆلیزمان لەبەردەستە چونکە پۆپۆلیزم دەتوانێت لە خاڵی جۆراوجۆری بنەمای کۆمەڵایەتی سیاسی سەروەدەرنێت.

ئەگەر تەرخانکراوەکانی ناسێنەری پۆپۆلیزم بە زاڵبونی لۆژیکە هاوبەهاییەکانی بەرهەمهێنانی دالە کۆتاکان و پێکهێنانی سنوری سیاسی لە ماوەی ڕوونخوازی چینی ژێر ستەم لە پەیوەندیدا بێت، ئێمە یەکسەر

ئێدەگەین کە دەکرێت وتارە شاراوەکان لەم لۆژیکی جومگەبەندی لەهەر جێگایەکی ستراکتۆری کۆمەڵایەتی سیاسی ناوبراو سەرهەڵبدات: ڕێکخراوە سیاسییە لایەنگرە تەوەرییەکان، حزبە دامـەزراوە سیاسییەکان، یەکیەتیە بازرگانییەکان، سوپا، جووڵانەوەی شۆڕشگێڕی و هتد. «پۆپۆلیزم» سیاسەتی ئەم حزبانە دیاری ناکات، پۆپۆلیزم شێوازێک لە جومگەبەندی بیروناوەرۆکی سەرەکیانە ئێستا ئەو بیروناوەرۆکە سەرەکییانە هەرچییان دەوێت ببن.

دووەم، {ئایا شیکاری ڕواڵەتی} دەتوانین شتێکمان دەستکەوێت، کە بۆ باشتر تێگەیشتن لە مەیدانی سیاسی هاوچەرخ پێویستە: خولانەوەی دالە ناڕازییەکانی ڕادیکاڵ لەنێوان جولانەوەگەلێک، کە پەیوەندییان بە ئاماژە سیاسییەکانی تەواو نەیارەوە هەیە. نموونەیەک لەم بارەیەوە، خولانەوەی دالەکانی مارینیزم و گریبالدیزم لە ئیتالیای سەردەمی شەڕ بۆ ئازادکردن (1945 – 1943). ئەو دالانە، دالەکانی ناڕەزایی ڕادیکاڵی ئیتالیا بوون، کە زنجیرەکەیان دەگاتە ریزر جیمنۆ. هەم کۆمۆنیستەکان و هەم فاشیستەکان هەوڵدەدەن ئەم دالانە بە وتارەکانی خۆیانەوە بلکێنن و پاشان بۆ هاوتاییەکانی ئاڕادەیەک سەربەخۆی ئەو شێوازەی جومگەبەندی سیاسی بگۆڕێن.

ئەمان لایەنەکانی ڕادیکاڵی ئەو دالانەیان پاراستووە، بەڵام سەرنجدان لەوە سەرەتا دوودڵ بوون، کە ئەم ڕادیکالیزمە لای چەپ بێت یا ڕاست، ئەمان بەهەمان مانای کە وتمان دالی کۆتا بوون. دەکرێت بە ئاشکرا تێبگەین کارێکی بێهودەیە ئەگەر لە خۆمان بپرسین کام گرووپی کۆمەڵایەتی بەهۆی ئەو هێما پۆپۆلیستیانە ئامانجی خۆی دەربڕی: زنجیرەی هاوبەهاییەکەی لە زۆربەی بەشە کۆمەڵایەتییەکان پەڕیونەوە کە ئەو هێمایانەیان پێکهێناوە و ڕادیکالیزمێک کە هێماکانی هەروا نیشانەی ئەوەبوون دەیتوانی بەهۆی

جوڵانەوەکانی سەر بە ئاماژە سیاسییەکانی تەواوو نەیار جومگەبەندی بێت. کاتێک دەکرێت وەسفی ئەو کۆچکردنەی دالەکانی بکرێت کە پۆپۆلیزم وەکو بنەمایەکی وێنایی بۆ جومگە بەندی تێگەیەنراو بێت، نەک ئەو بنەمایە لە پشت ناوەرۆکە لاوەکیەکان پەنهان بکرێت و ئەم ناوەرۆکانە لە پێکهاتەی سیاسی جیاوازدا بەدی بێنێت. پۆپۆلیزم شێوەیەکی تایبەتی جومگەبەندی، لە ناوەرۆکەکان جیایە.

سەرەنجام دەستگەیشتن بە ڕێکاری ڕووکەشی لە مەسەلەی پۆپۆلیزمدا ئەگەری سۆراخی مەسەلەیەکی دیکەش دەڕەخسێنێت. لە ڕاستیدا، ئەو پرسیارە پرسیارێکی هەڵەیە، کە جوڵانەوەیەکی پۆپۆلیستیە یان نا. دەبێت لەجێدا پرسیارێک لە خۆمان بکەین: تا چ ڕادەیەک جوڵانەوەیەکی پۆپۆلیستییە؟ بە هەمانشێوە کە دەزانین ئەو پرسیارە هەمان پرسیارەکەی ترە: تا چەند لە وتاری جوڵانەوەیەکی لۆژیکی هاوبەهایی باڵادەستە؟ ئێمە تا ئێستا کارلێکە سیاسیەکەیمان ژماردووە، کە لە دوو سەری ناکۆکی بێ پسانەوە کارا بوون، نەپساوەیەک دووبەرایی بەڵگەی جێگرەوەی وتاری دامەزراوەییە، کە لۆژیکێکی جیاوازی دانەرانەی پەتی و هەروەها لۆژیکی پۆپۆلیستی بەسەریدا باڵادەستە و هێشتا لەو لۆژیکەی هاوبەهایی ڕانەکێشراوەتە ململانێوە. لەڕاستیدا ئەو دوو بەراییە گیر نەکەوتوون: وێنای جیاوازی یا جیابونەوەی کۆمەڵگایەک دەکات، کە هێندە لە بندەسەڵاتی بەڕێوەبردن (administration) و تاکانەی (individualization) داواکاری کۆمەڵایەتیدایە، کە ئەگەری هیچ شەڕێکی لەسەر سنورە دەروونیە شیاوەکانی تێدا نییە، بە دەربڕینێک سیاسەت لەو کۆمەڵگایەدا نییە و هاوبەهایی پێویستی بە شێوەیەک پسانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە، کە چەمکی (داواکاری کۆمەڵایەتی) مانای خۆی لەدەستدەدا ئەو کۆمەڵگایە هەمان وێنای

«دانیشتووان»ێکە کە ئیۆرسێنان «دەروونزانی کۆمەڵ» (mass psychology) لە سەدەی نۆزدە (تین، لیبۆن، سیگل و هتد «Taine, Le Bon, Sighele») دایانمەزراند بوو.

زۆر گرنگە درووست لەو بابەتە بگەین، کە نەگونجاوی جیابوونەوەی پەتی یا هاوبەهایی پەتی کارێکی ئەزموونی نییە؛ ئەو نەگونجاویە تەواو لۆژیکیە. نەمانی جیاوازی و جیابوونەوە بەهۆی لۆژیکی هاوبەهایی بە مانای لابردنی یەکجارەکی جیاوازی لە ڕێگای لۆژیکی هاوبەهایی نییە. ڕێژەیی هاوبەهایی ڕێژەیەک نییە، کە جیاوازییەکانی ڕۆبچنە یەکسانییەکەوە، هاوبەهایی ڕێژەیەکە هێشتا جیاوازییەکانی ناوی کـاران. هاوبەهایی جیابوونەوە (separation)ی نێوان داواکاریەکان ناهێڵێت، نەک داواکارییەکان. ئەگەر کۆمەڵێک لەداواکاریەکان هەڵگرتن و گواستنەوە، نیشتەجێبوون، کارو هتد، یان نموونەی سەرەتای وتارەکە نەهێنرێنەدی، هاوبەهاییەکانی نێوانیان ناسنامەی پۆپۆلاری، کە لەو هاوبەهاییە ئەنجامگیری دەکرێت، پێویستی بە پێداگری و سووربوونە لەسەر داواکارییەکان. هاوبەهایی لەم ڕووە میتۆدێکی تایبەتە بە جومگەبەندی جیاوازییەکان، چونکە جۆرێک نەگونجان لەنێوان جیاوازی و هاوبەهایی دیالێکتیکی ئاڵۆزدا، هەیە. ئێمە زۆر نمونەی مێژووییمان هەیە، کە ئامادەیی (presence) هەردووک لە ناویدا، بەڵام هاوکات گرژی (tension) نێوانیان پێشتر شایانی بەشوێندا چوونە. ئێستا لە چەند نموونەیەکی بەڵگەیی مێژوویی دەکۆڵینەوە:

1. وردە وردە سیستەمی دامەزراوەیی بۆ ڕاکێشانی جیاوازی دانەرانەی داواکـاری کۆمەڵایەتی لاواز دەبێ و ئەوکارە درزی دەروونی کۆمەڵگاو دامەزراندنی دوو زنجیری هاوبەهایی ئەنتاگۆنیستی (ناکۆکی یەکتری)لێ دەکەوێتەوە. ئەوە هەمان ئەزموونی کلاسیکی دابڕانێکی شۆڕشگێڕی یا

پۆپۆلیستییە، درزێک کە بەگشتی بۆ قەیرانی نوێنەرایەتی (یان پیشاندان) دەگەڕێنەوە، کە گرامشی ناوی ناوە (قەیرانە ڕێکخراوەکان).

2. ڕژێمێک وردەوردە دەبێتە دامەزراوەیی (regime) کە سەرچاوە لە درزی پۆپۆلیستی دەگرێت، بەمشێوەیە دووبارە لۆژیکی جیاوازی دانەرانە زاڵدەبێتەوە و ناسنامەی پۆپۆلار و هاوبەهایی بە زۆری دەبێتە قسەی بێمانا و پووچ، کە هەرچەند کەمترو کەمتر چاودێری کاری سیاسەت دەکەن. پیرۆنیزم لە ئەرجەنتین هەوڵیدا بەرەو سیاسەتی بەرایی بەرکەوتن و گرفتاری بجوڵێ، بەرکەوتن و شەڕی گرووپێک کە ناسکاری پۆپۆلاریان (دیسکامیزادۆ)، {ناوی هێمایی لایەنگرانی سیاسەتەکانی خوان پیرۆ} بوو (هاوتای sans–culotte)؛ وردە وردە ئەو سیاسەتە ببووە وتاری ناوەندی کە بونیادنەری پێی دەوترێ «کۆمەڵی ڕێکخراو» (la commended organized) ئێمە لەبابەتێکدا سەیری نوسخەیەکی تری بەراوورد نەکراوی نێوان داواکاری و وتاری هاوبەهایی دەکەین، کە وتاری هاوبەهاییان قسەی بێماناو پووچی حکومەتی فەرمانڕەوایە.

زۆرجار لەم بابەتانەدا دەبینین، کە زۆری مەودای نێوان داواکاری کۆمەڵایەتی و وتاری هاوبەهایی زاڵ (لە جێدا خەملاندنی داواکارییەکان)، داواکارییەکان سەرکوت و وتاری ناوبراو دەسەپێنێ. زۆربەی ڕژێمە ئەفریقییەکان دوای پرۆسەی سڕینەوەی کۆڵۆنیالی، پەیڕەویان لەو ئەلگۆیە کردووە.

3. هەوڵی گرووپێکی لەو چەشنە زاڵ بۆ بەرهەمهێنانەوەی بەردەوامی سنورە دەروونییەکان بەهۆی وتارێکی زۆر دژ بەگشتی ناوەندێک بێ ئاکام دەبێت. دەکرێت لەو مۆدیلە ئاماژە بە پرۆسەی قۆناغی جۆراوجۆری «شۆڕشی کەلتوری چین» بکرێت کە لە فەرەنسا لە دۆمنیکنیزمەوە تا

دیرکتوار درێژبێتەوە.

جوڵانەوەیەک یا ئایدۆلۆژیەک هەردوو لەژێر ڕەگەزێکی هاوبەش، دەکرێ وتارێک (disco use) – پۆپۆلیستیترین (وتاری شیاو) بن، کە تا چەند لۆژیکەکانی هاوبەهایی ناوەرۆکەکەیان جومگەبەندی کردبێ. مانای وایە، کە هیچ جوڵانەوەیەکی سیاسی لەپۆپۆلیزم بێ بەهرە نییە، چونکە هیچ ئایدۆلۆژیەک یا جوڵانەوەیەک (یا بەگشتی وتاری) لە ڕوونخوازی و بانگهێشتی «خەڵک» دژی دووژمنی ئەوەش بەهۆی کێشانی سنووری کۆمەڵایەتی هەڵە ناکا. هەربۆیە لاپەڕەکانی ناسنامەی پۆپۆلیزمی جوڵانەوەیەک یا ئایدۆلۆژیەک لە کاتی پەڕینەوەی سیاسی دەگۆڕێن، کاتێک کە دوورنمای کۆمەڵایەتی لە بارودۆخێکی هاوتا بەزەین دەگاتێ.

بۆیە پلەی «پۆپۆلیزم» سەربە قوڵایی درزێکە کە جێگرەوە سیاسیەکان لێکجیا دەکاتەوە. دیارە ئەو شێوازە ڕوانینی مەسەلەیەکی تر دێنێتەگۆڕێ؛ ئەگەر پۆپۆلیزم ئەو بنەمای مەسەلەیە لەخۆ بگرێت کە بە دیلێکی ڕادیکاڵی ناو فەزای کۆمۆنە یا سۆسیالیستی ئامادەیە، واتە مافی هەڵبژاردن، کە چارەنووسی کۆمەڵێکی دەستنیشانکراو لە گرووپەکەیەتی، ئایا پۆپۆلیزم {بە سەرنجدان بە دوا شیکار} هەمان سیاسەت نابێت؟. بێگومان وەڵام ئەرێنییە، پۆپۆلیزم بەمانای تووشی ململانێکردنی سیستەمی دامەزراوەیی بەهۆی هەڵسەنگاندنی کۆمەڵێکی ستەمدیتوو لە حوکمی هۆکارێکی مێژوویی فاکتەرێک کە دەربارەی سەرهەڵدانی شتەکان یەک بە ئەوی دی هەژمار دەکرێت، بەڵام ئەوە هەمان سیاسەتە، ئێمە سیاسەت بەهۆی ئاماژە (gesture) بەدەست دێنین، جووڵەیەک کە دۆخی هەبووی کاروبارەکان لەجیاتی سیستەمێکی لەخۆیدا گونجاندووە و هاوکات بەدیلێکی لە بەرامبەر دادەنێت یان بە پێچەوانەوە {کاتێک سیاسەت هەیە}، کە بەرگری لە

سیستەمی ناوبراو بکەین لە بەرامبەر بەدیلە بەزەبرو هەبووەکاندا. هەربۆیە کۆتایی پۆپۆلیزم هاوکاتی کۆتایی سیاسەتە. کاتێک دەگەینە کۆتایی سیاسەت، کە کۆمەڵ وەکو تەواویەتێک تێگەیەنراو بێ و ویست یان ئیرادەیەک لە ویستەکانی دیکە جیا نەکرێتەوە، کە نوێنەرایەتی ئەو تەواویەتە دەکات.

لەم حاڵەتەدا، هـەروەک لەم باسەدا جەختمان لەسەر کردەوە، سیاسەت شوێنی خۆی دەداتـە بەڕێوەبردن و سەرپەرشتی و شوێنپێی دابەشکردنی کۆمەڵایەتی ون دەبێت. لویاثان هۆبز لە جیاتی ویستی یەکپارچەی باڵادەستی ڕەها و هەروەها ناسکاری تێکڕایی یان جیهانگری کۆمەڵگای بێ چینی مارکسی دوو ڕێگای هاوتەریب پیشاندەدەن، کۆتایی سیاسەت.

دیارە هەرچەند ڕەنگدەرەوەی دوو ئاماژەی لێکدژن، حکومەتێکی تەواو ململانێ هەڵنەگر یان حکومەتێکی لە تێکچووندا، دوو ئاڕاستەی یەکسانن بۆ سڕینەوەی شوێن پێی دابەشکردنی کۆمەڵ. بەم مانایە، تێگەیشتن لەو ڕاستییە ئاسان دەبێت، کە هەلومەرجی ئەگەری کاری سیاسی و هەلومەرجی ئەگەری پۆپۆلیزم یەکسانە: هەردووکیان هەڵگری پێشگریمانەی دابەشکردنی کۆمەڵن؛ لە هەردووکیاندا دیمۆس (demos= خەڵک) ئاڵۆز دەدۆزینەوە، کە لەلایەک هاوتای بەشێکی دەروونی کۆمەڵ (کۆمەڵی ستەمدیدەکان)ە و لەلاکەی دی، فاکتەرێکە کە خۆی بە شێوازی ئەنتاگۆنیستی، نوێنەری تێکڕای کۆمەڵ دەناسێنێت.

ئەم ئەنجامگیرییە بـەرەو کۆتایی شیکارەکەمان دەبـات. مادەم ڕوبـەڕووی سیاسەت بووینەوە (دیـارە ئەگەر بەڵگەکەمان ڕاستبێت و پێکهاتەکەی بە پۆپۆلیزم بزانین)، ڕوبەڕووی دابەشکردنی کۆمەڵایەتیش دەبینەوە. ئەنجامێکی سروشتی ئەم دابەشکردنی کۆمەڵایەتیە ئەوەیە، کە

بەشێک لە کرۆکی کۆمەڵ خۆی لە حوکمی دەربڕین و نوێنەری کۆمەڵ دەخاتەڕوو، کۆمەڵێکی تێکڕا. ئەو درزە لە بەین ناچێت تا ڕووبەڕووی کۆمەڵگای سیاسی ببینەوە. ئەوە بەو مانایەیە کە (خەڵک ) لە چوارچێوەی ڕێژەکانی پیشاندەرەوەدا {یان نوێنەرایەتی} هەڵدەسەنگێنرێت واتە «خەڵک» ناتوانێت نوێنەری شتێک نەبێت، «خەڵک» لەبری بونەوەرێکی جیاواز لەڕاستیدا بوونی نییە. ئێمە پێشتر نەخشەی تۆڕی ڕێژەکانی پیشاندەرەوەمان (representative matrix) لە دەرەوەی کێشاوە، کە «خەڵک» لێی دەردەکەون: وردەکاری زانراوێک کە نموونەیەکی پیشاندەرەوەی دۆخی تێکڕایی هەڵگرتووە و جیهانگرە.

گۆڕانی ناسنامەی ئەو وردەکارییە بەهۆی بنەمای زنجیرە هاوبەهاییەکان؛ ئۆردوگای پۆپۆلاری خۆی بەجۆرێک دەخاتەڕوو، کە لەو جێگرەوانە دەردەکەوێت، گوایا کۆمەڵگا وەک یەک لە تێکڕای نوێنەرایەتی (پیشان) دەداتەوە. ئەنجامگیرییەکی گرنگی ئەم شیکارانە دەکەین. یەکەم، چونکە «خەڵک» بەوجۆرەی کە لە وتاری پۆپۆلیستیدا ڕەفتار دەکات، دراوی خاو نییە، بەڵکو بنەمایەکە – وتاری پۆپۆلیستی جۆرێک لە ناسنامەی ڕەسەنی پۆپۆلار دیاری ناکات، لە ڕاستیدا هەڵی دەسەنگێنێت. دووەم ئەنجامگیریمان ڕێژەی بەشداربوانە لە {پڕۆسەی} پیشاندانەوە، ئاستی مامناوەندی نین، کە ڕەنگدەرەوەی ڕاستێکی کۆمەڵایەتی سەرەتایی و خاو بن، ڕاستیەک کە گومان دەکرێت لە جێگایەکی دیکە هەڵسەنگێنراوە. ئەو ڕێژانە، بە پێچەوانەوە، چوارچێوەی بەرایی پێکدەهێنن، کە کاری کۆمەڵایەتی تێدا هەڵدەسەنگێنرێت. لەو ڕوانگەیەوە هەرجۆرە گۆڕانێکی سیاسی بەهۆی جێگۆڕکێی دەروونی تۆخمگەلێک ڕوودەدات، کە چوونەتە ناو پڕۆسەی پیشاندانەوەوە.

ئاكامی سێیەمی شیکارەکەمان {پرۆسە} پیشاندانەوە یان نوێنەرایەتی، بە هەمانجۆر کە ئەگەر ڕۆسۆ ئێستا زیندووبوایە لەوانەیە پشتڕاستی دەکردەوە. دووەم و باشترین ئەنجامی قوڵتربوونی درزی نێوان فەزای تێکڕایی سۆسیالیستی و وردەکاری باوەڕی {پەنهان} لە ویستی بەکردەوە هەبوو کۆمەڵی نییە. ڕاست بە پێچەوانەوە، ئەم ناهاوسەنگییەی نێوان کۆمەڵ وەکیەک لە تێکڕاو ویستەکانی کۆمەڵی سەرچاوەکەی گەمەیەکی هاندەرە، کە بە سیاسەتی دەخوێنینەوە، یارییەک کە دیارە سنورو توانای خۆمانی تێدا دەدۆزینەوە. شتی گرنگ و زۆر نائەبا لاوازی یا نەگونجاوی (impossibility) لە مەحاڵبوون (absurdity) جیاوازە تێکڕاییەک یان جیهانگری لەسەدا سەد سەرچاوە دەگرن، لەنێوانیاندا سەرهەڵدان و دەرکەوتنی «خەڵک» لە ئەوانی تر گرنگترە.

**لەم وتارە وەرگێڕدراوە:**

POPULISM:WHATS, IN A NAME? »in Panzer, Francisco– (ed.) 2005. Populism and the Mirror of Democracy. London: .Verso

# دژی کەڵکەڵەی پۆپۆلیستی

نوسینی: سڵاڤۆی ژیژەک

بێگومان وەڵامی نەرێنی فەرەنسی و ئەڵمانییەکان بۆ ڕەشنووسی دەستـوری ئـەوروپا نموونەیەکە لە تیۆری فەرەنسیدا، بەدالی کۆتا دەخوێنرێتەوە. یەک نەی مانای شێوێنراو، نەگونجاو، سەرچاوە گرتوو لە هۆکاری فرەلایەن؛ سندوقێک لە خاڵە هاوبەشەکان، بەرگریکردن لە مافەکانی کرێکاران و ڕەگەزپەرستی، کاردانەوەی کوێرانە و ترسناک بە هەڕەشەی واتای ئاڵوگۆڕ و ئومێدە شاراوە یۆتۆپیایەکان، هەموویان بە یەکەوە، پێمان دەوترێت ئەو (نە)یە. لەڕاستیدا، نە وتنە بە زۆربەی شتەکان: نیو لیبرالیزمی ئەنگلۆ ساکسۆن، شیراک و حکومەتی ئەوسای فەرەنسا، پەلاماری کرێکارانی کۆچبەری پۆڵەندی کە حەقدەستی کرێکارانی فەرەنسی کەمدەکەنەوە و شەڕی ئێستا ڕاستەقینەیە: شەڕ لەسەر مانای ئەو نەیە، کێ داگیری دەکات؟ کێ ئەگەر کەس هەبێت بۆ بۆچوونی سیاسی جیاواز و گونجاو دەگۆڕێت؟

ئەگەر مناڵای زاڵی ئەم نەیە هەبێت، هاوتای گۆڕانکاری نوێی دروشمی کۆنینەی کلینتۆنە، «ئەو ئابوورییە، گەمژە!». بەمجۆرە ئەو نەیە وەڵامێک بوو بۆ وەستانەوەی ئابووری ئەوروپا، بەسەرنجدان بە بەربەستە نوێکانی ئابوری، کە لەسەر ڕێگای دەردەکەوتن و خاوبوونەوەی ئابوری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئایدۆلۆژیەکەی، بەڵام وەڵامێکی لێکدژ، نەگونجاو، کاردانەوەیەک کە درووست نوێنەرایەتی خاوبوونەوە و ناکردەیی ئەوروپیە نایابەکانی دەکرد. کەسانێک، کە خوازیاری ئیمتیازاتی حکومەتی

خۆشگوزەرانی پێشوو بوون، کاردانەوەی ئەوروپای کۆن لە دەرەنجامی ترسی گۆڕانی ڕاستەقینە، خۆدزینەوە لە قبوڵکردنی نەپسانی یۆتۆپیای مۆدێرانیزاسیۆنی جیهانگر.

جێی سەرسوڕمان نییە کە کاردانەوەی ئەوروپای فەرمی بۆ ئارەزومەندییە ترسناکەکان، دژی عەقڵخوازانە، ڕەگەزپەرستانە و تەریتخوازی ئاڕادەیەک سەراسیمە بوو کە پشتیوانی ئەم نەیە بون، (نە) یەک کە بەڕەنگەرەوەی تەسکبینانەی فەزای کراوە و فرەکەلتورگەرایی لیبراڵ دادەنرێت. بیستنی سکاڵای گەشەی بێمەیلی نێوان دەنگدەران و دابەزینی بەشداری سیاسی خەڵک بووەتە نەریت. لیبراڵەکان بەردەوام نیگەرانی پێویستی جوڵەی خەڵک و باسی پێگەی پێشەوایانی کۆمەڵگای مەدەنی دەکەن تا زیاتر ڕایانبکێشنە ناو پڕۆسەی سیاسییەوە. هەرچەند هەر کاتێک خەڵک لە خەوی خۆشی دوور لە سیاسەت هەڵدەستن، بەپێی ڕێسا، دەکەونە ژێر ئاڵای ئاژاوەی پۆپۆلیستی و دەستە ڕاستەوە. کەوایە سەیر نییە کە ئێستا زۆربەی لیبراڵە تەکنۆکراتە گەشبینەکان حەپەساون، کە چجای ئەو سستی و خۆدزینەوە لە سیاسەت بەرهەمێکی پەنهان و پێچراوە بێت.

دەبێ لە زەینماندا بێت، کە هەتا ئەو توخمانە چۆن، بە کردەوە، شوێن ناڕازی کرێکاری داگیر دەکەن، کە بەناوی ڕەگەزپەرستی پەتیی دەستە ڕاست سەرهەڵدەدەن.

دیارە داواکاری وەستانی کۆچکردنی کرێکارانی بێگانە پێشینەی ڕەگەزپەرستییە، کە بە هەڕەشەیەک بۆسەر کارمان هەژمار دەکرێن؛ بەم حاڵە، دەبێت سەرنج لەو واقیعیەتە ئاساییە بدەین کە پەلاماری کرێکارانی کۆچبەر لە وڵاتانی کۆمۆنیستی پێشوو دەرەنجامی لێکبوردەیی فرە کەلتورگەرایی نەبووە و لەڕاستیدا بەشێکە لە ستراتیژیەتی سەرمایە بۆ جڵەوی

هێشتنەوەی ویستی کرێکاران. هەربۆیە لە ئەمریکا، بۆش بۆ دیموکراتەکان زیاتر هەڵدەسوڕێت، کە گیرۆدەی گوشاری یەکیەتییە پیشەییەکانن، بۆ بە یاساکردنی بارودۆخی کۆچبەرانی نایاسایی مەکزیکی.

بەمەش ئەمڕۆ، تەنزاویانە، پۆپۆلیزمی ڕەگەزپەرستی ڕاست بەباشترین شێوە، دەیسەلمێنێت کە دژایەتی چینایەتی نەک نەماوە، بەڵکو ڕاستیشە. وانەیەک کە دەبێت چەپەکان فێری بن ئەوەیە، کە لە هەڵەی هاوکات نهێنییانەی جێگرەوەی ڕەگەزپەرستانەی پۆپۆلیستی لە نەفرەت بە بێگانە خۆیان بواردو تەڕو وشکیان پێکەوە نەسوتاند، هەروەها نابێت بە نوێنەرایەتی لە فەزای کراوە، فرەکەلتوری، بە تەواوەتی، لە بەرامبەر پۆپۆلیزمی ڕەگەزپەرست و دژە کۆچبەری بوەستێت و پێکهاتەی چینایەتی جێگۆڕکێ بووی لە بەین ببات. کاری خێرخوازانە، کە ئیدیعای دەکات، پێداگری پەتیی بەسەر فەزای کراوەی لەسەر بنەمای فرەکەلتوری، خائینانەترین شێوازی دەرکەوتنی دژایەتی چینایەتی، دژی کرێکاریە.

لەم بارەیەوە، کاردانەوەی سیاسەتکاری سەرەکی ئەڵمانیا بۆ دامەزراندنی حزبی چەپی (links parties) نوێ بۆ هەڵبژاردنی 2005 نمونەی گروپێکی باشە لە خەڵک، ئیئتلافێک لە حزبی چەپی ئەڵمانیای خۆرهەڵات و بیرکەرەوانی دیکەی چەپی حزبی سۆسیال دیموکراسی (SPD). کاتێک یۆشکا فیشەر سکار لاڤۆنتینی ناونا هایدگەرێکی ئەڵمانی (چونکە لاڤۆنتین بە هاتنەناوەوەی هێزی کاری هەرزان بۆ ئەوروپای خۆرهەڵات ڕازی نەبوو، کە مافی کرێکارانی ئەڵمانی دادەبەزاند) بۆ ئاستێکی زۆر خوار پیشەیی دابەزی. کاردانەوەی ئاڵۆز و زێدەڕۆی دەزگای سیاسی (تەنانەت کەلتوری)، کاتێک کە سکرتێری حزبی سۆسیال دیموکرات دەڵالانی دارایی ناونا کوللەی وتار، ئاماژەیەک بوو لە نەخۆشی، گوایا ئێمە لەسەدا سەد بووژانەوەی نیونازیزم

دەبینین.

لەدەستدانی تەواوی بۆچوونی سیاسی و جگە لەوە توانای لێکجیاکردنەوەی چەپ و ڕاست، خۆی لەخۆیدا سەراسیمەی سیاسی دەردەخات. ڕاڕابوون و ڕاوەدوونانی پەروەردەی هەرجۆرە ئەندێشەیەک لە دەرەوەی تایبەتی پۆست سیاسی تۆمارکراو بەناوی خەڵک خەڵەتێنی پۆپۆلیستی. تا ئەم ساتە، حەتمیترین شایستەیە بەسەر ژیانمان لەژێر یاساغی ئەندێشەی (denkverbot)ی نوێ بووە. (تراژیدی، ئامادەیی حزبی چەپ وەک حزبی ئۆپۆزسیۆنی پاکە کە بە کردەوە هیچ بەرنامەیەکی گشتی نزیکی سەرکەوتنی نییە).

### پۆپۆلیزم: لێکدژەکانی چەمکێک

بەمجۆرە (نە)ی فەرەنسی و ئەڵمانی دوا بەسەرهاتی چیرۆکی پۆپۆلیزممان بۆ دەخاتەڕوو. پۆپۆلیزم بۆ دەستەبژێرانی لیبراڵ، تەکنۆکرات، بەشێوەی سروشتی وێنای سەرەتاییەکەی دەرخستنی فاشیزمە، مردنی عەقڵی سیاسی، شۆڕشێکە لەژێر ئاڵای خولیای کوێری یۆتۆپیایی، سادەترین وەڵام بۆ ئەو بەدگومانییە ئەوەیە، کە ئیدیعا بکەین پۆپۆلیزم لەخۆیدا ناچالاکە: جۆرێک سامانە یان میکانیزم (deposited) ڕواڵەتی - باڵادەستی کە دەکرێت ئاوێتەی کێشە سیاسیە جیاوازەکان بکرێت. ئارنستۆ لاکلاو بە ڕاشکاوی ئەم بابەتەی شرۆڤەکردووە.

بە باوەڕی لاکلاو، لەنمونەی جوانی خود - گەڕاوە، لۆژیکی جومگەبەندی (articulation) هەژمۆنیک بۆ بەرەنگاری چەمکی نێوان پۆپۆلیزم و سیاسەتیش بەکاردەبرێت: پۆپۆلیزم بابەتی سمبولی لکاندنی سیاسەتە، وێنای تایبەتی کە نیشانەی ڕەهەندی تێکڕایی کاری سیاسیە و لەم ڕووەوە سادەترین

ڕێگا بۆ تێگەیشتنی دەخاتە بەردەستمان. هیگڵ زاراوەیەکی بۆ دەستوەردانی کاری تێکڕایی بە بەشێک لە ناوەرۆکی تایبەتی داهێنا: حەتمیەتی بەرامبەر، (gegensatzliche Bestimmung) خاڵێک کە تێکڕایی لە کرۆکی یەکێک لە بەشەکانی، ڕوبەڕووی خۆی دەبێتەوە. پۆپۆلیزم نەک جۆری تایبەتی جووڵانەوەی سیاسی، بەڵکو پاکترین شێوەی کاری سیاسییە، هەڵاوسانی فەزای کۆمەڵایەتییە کە هەر ناوەرۆکێکی سیاسی دەخاتە ژێر کاریگەرییەوە.

بەشەکانی بە جۆرێک پەتی وێنایی باڵادەستی و نائەنتیکن؛ کاتێک پۆپۆلیزم ڕوودەدات کە کۆمەڵێک خواستی دیموکراسی بەتایبەت (ئاسایشی کۆمەڵایەتی، تەندروستی، خزمەتگوزاری، باجی کەمتر، ئاشتی و....)، وەک زنجیر لە کۆمەڵەی هاوبەهاییەکاندا دەتەنرێن، زنجیرێک کە خەڵک وەک ناسکاری سیاسی کۆمەڵیی بەرهەمدێنێت. تایبەتمەندی پۆپۆلیزم نەک ناوەرۆکی بوونی داواکارییەکان، بەڵکو ئەو ڕاستیە ڕواڵەتیە پاکەیە، کە خەڵک لەناو ئەڵقەکانی پەیوەندییان وەک ناسکاری سیاسی دەردەکەوێت و هەموو لێکدژیە لاوەکییە جۆراوجۆرەکان و هاوشەڕەکان لە دەستەی ئۆپۆزسیۆنی ئەنتاگۆنیستی تێکڕایی و هەمەلایەنەی نێوانمان (خەڵک) و ئەمان هەڵدەتۆقێت. دیسانەوە، پێشتر ناوەرۆکی ئێمەو ئەمانیشی چێکردووە و جێگیر نەبووە، ڕێک وەک ئەو قومارەیە لە ململانێ بۆ هەژموونیی، هەتا تۆخمە ئایدۆلۆژییەکانی وەک ڕەگەزپەرستی دڕندانە و شەڕی جولەکەش، دەتوانن بۆ درووستکردنیان ببنە پێکەوەبەستراوی کۆمەڵەی پۆپۆلیزمی هاوبەهاییەکان.

ئێستا ئاشکرایە کە بۆچی لاکلاو پۆپۆلیزم لە ململانێی چینایەتی بە باشتر دەزانێت: پۆپۆلیزم لە ململانێی کراوەدا قاڵبی نەزۆک و باڵادەستی بەدیدێنێت، کە بیرو ناوەرۆکی سەرەکییەکەی بەهۆی شەڕی شیمانەیی بۆ دەستەبەرکردنی هەژموونی دیاری دەکرێت، لە کاتێکدا ململانێی چینایەتی

بوونی گرووپێکی کۆمەڵایەتی تایبەت (چینی کرێکار) وەک فاکتەری سیاسی باش دەکاتە پێشگریمانە؛ ئەم باشیە بۆخۆی بەرهەمی ململانێی هەژموونیک نەبووە و لەسەر پێگەی کۆمەڵایەتی واتایی چینی کرێکار وەستاوەتەوە، ململانێی سیاسی - ئایدۆلۆژی بەم شێوەیە لەکۆتایی دەربارەی پرۆسە کۆمەڵایەتیە واتاییەکان، دەسەڵاتەکان و لێکدژیان بۆ دیاردەی مامناوەندی دادەبەزێت. لە بەرامبەردا، ڕاستی لای لاکلاو هەڵکشانی جۆرێکی تایبەتی ململانێی هاوسەنگە بۆ هەموو جۆرە شەڕەکان، نەک ڕاستیەکی پێشتر زانراو، بەڵکو دەرەنجامی ململانێی سیاسی شیمانەییە بۆ هەژموونی. لە سیستەمێکدا.

دەکرێت ئەو ململانێیە شەڕی چینایەتی بێت، لە سیستەمێکی تردا ململانێی ئەنارشیستی بۆ لێکبوردەیی کەلتوری. هیچ پێویستیەکی دەروونی خۆیی لە ململانێیەکی تایبەتی نییە، کە پێشتر لە دەروونی هەژموونیک، وەکو هاوسەنگی گشتی، بۆ هەموو شێوەکانی پێکدادانی بداتێ. بەمەش ململانێ بۆ هەژموونی هەم مەودای کەمنەکراوەی نێوان شێوەی ئێکرایی و زۆرینەی بیرو ناوەرۆکی سەرەکی لاوەکی و هەم بوونی پرۆسەی شیمانەیی پێشگریمانە دەکات، کە بەهۆی یەکێک لەم بیروناوەرۆکە سەرەکییە گۆڕانی ماهیەت دەداتە بەرجەستەکراوی یەکجێی ڕەهەندی ئێکرایی. بۆ نموونە (بەپێی نموونەی خودی لاکلاو) لە پۆڵەندای دەیەی 1980 خواستەکانی Solidarnosc {جوڵانەوەی هاوپێوەندی} بووە، بەرجەستەی ڕەتکردنەوەی ڕژێمی کۆمۆنیستی ئێکڕای خەڵک، بەمەش هەموو ئەو بابەتە جیاوازانەی دژی کۆمۆنیستی (لە بابەتی ناسیۆنالیزمی موحافیزکار، لیبراڵ دیموکراسی، بیروڕا جیاوازی کەلتوری تا بابەتی کرێکارانی چەپ) خۆیان لە دالی کۆتای هاوپەیوەندی ناسینەوە پشتڕاست کردەوە.

بەمجۆرە لاکلاو بابەتەکەی هەم لەبەرە بەرەخوازی (بە دابەزینی ڕەهەندی کاری سیاسی، تێگەیشتنی قۆناغ بەقۆناغی داواکاری دیموکراسی و لاوەکی کەشی کۆمەڵایەتی، لەسەر بنەمای جیاوازی بەجێی دەهێڵێت) جیادەکاتەوە و هەم لە ئەندێشەی بەرامبەری واتا شۆڕشی هەمەلایەنە، کە کۆمەڵی تەواو تاکی لەگەڵ خۆی لێدەکەوێتەوە. ململانێی هەژموونی لە هەردوولای نادیارە، کە داواکاری تایبەتی ناوی بۆ فاکتەری سەرەکی هەڵکشاوە و تێکڕای خەڵک پیشاندەدات. کەوایە مەیدانی سیاسی گرفتاری گرژی نێوان دالە کۆتاکان و لێهاتووەکان دەبێت.

هەندێک کە دەوری دالـی کۆتا دەبینن، بە بەرجەستەکردنی ڕاستەوخۆی ڕەهەندی تێکڕایی و تێکهەڵکێشی زنجیرە هاوبەهاییەکان، ژمارەیەکی زۆر لە دالە لێهاتووەکان یەکپارچە و یەکسان دەکەن. لاکلاو ئەو کەشە بۆشەی نێوان پێویستی بوون ناسی بە بۆچوونی ئۆپۆزسیۆنی پۆپۆلیستی (مەرجدار بەو ڕاستیە کە وتاری دەسەڵاتی هەژمونی ناتوانێت کۆمەڵێک داواکـاری جەماوەری تێکهەڵکێش و یەکپارچە بکات) و هانی ناوەڕۆکی بونی شیمانەیی دەدات کە ئەم ڕایە، بۆ شرۆڤەی گۆڕانکاری زۆربەی دەنگدەرانی فەرەنسی لە دەیەی 1970، حزبی کۆمۆنیست بۆ بەرەی میللی (Front National) ڕاسنگەراو پۆپۆلیستی، دەچنە پاڵی. ئەو چارەسەرە دزە دەکاتە بابەتی داهێزرانی هاوپەیوەندی قوڵتری (بێگومان، تەواویەتخواز)ی نێوان ڕاستی دەمارگیر و چەپی دەمارگیرەوە.

هەرچەند تیۆری لاکلاو دەربـارەی پۆپۆلیزم وەک نموونەیەکی باڵا (مەخابن لە تیۆری کۆمەڵایەتی، دەگمەن) پێ لەسەر چەمکی زۆر بەرجەستە دادەگرێت، بەڵام دەبێت دوولایەنی مەسەلەساز بیربهێنرێتەوە. یەکەم، پێناسەی بۆ پۆپۆلیزمە، کۆمەڵێک مەرجی ڕواڵەتی بۆ پاساودانی بە

پۆپۆلیستی زانینی دیاردەیەک بەس نییە کە هەژماری دەکات؛ هەروەها دەبێت ئاڕاستەیەک بخرێنە ژێر سەرنجەوە، کە وتاری پۆپۆلیستی ناوی جێی ئەنتاگۆنیستی گرتووەتەوە و دوژمن ئافەریدە دەکات. لە پۆپۆلیزمدا، لە بەینبردنی دووژمن، کە بونەوەرێکە فڕێدراوەتە دەرەوە یان لە بونەوەری ئەرێنی و بوناسانەدا بۆتە شت (تەنانەت گەر ئەو بونەوەرە تارمایی ئاسا بێت)، هاوسەنگی و دادپەوەری دەگێڕێتەوە؛ بە جۆرێکی هاووێنە، ناسنامەکەمان هۆکاری سیاسی پۆپۆلیست، وەک بونەوەری پێشوو دەربارەی هێرشی دوژمن تێگەیەنراو دەبێت.

با لە شیکاری خودی لاکلاو بکۆڵینەوە کە بۆچی چارتیزمی وەک پۆپۆلیزم هەژمار کردووە. (ناوەرۆکی زاڵی چارتیزم دانانی ئاژاوەگێڕیەکانی کۆمەڵ، نەک لە خودی سیستەمی ئابوریدا، بەڵکو لە بەرامبەردا قۆرخکردنی دەسەڵاتە لەلایەن گرووپە ئەنگڵ و بازرگانانی جلەوکەری دەسەڵاتی سیاسی، بە دەربڕینی کۆبن «Cobbett» «گەندەڵی کۆنی». هەر بەو هۆیەوە کە تایبەتمەندی زۆر زەقی چینی باڵادەست، بە کاهلی و ئەنگڵ دەزانرێن).

بە دەربڕینێکی دی، هەرگیز خودی سیستەم هۆکاری کۆتایی ئاڵۆز نییە بۆ پۆپۆلیستێکە، بەڵکو هۆی تاکیەتی (قۆرخکردنی دارایی و هاوشێوەی و نەک حەتمەن سەرمایەداری)ە کە گەندەڵی بەسەر سیستەمەکەدا دەسەپێنن؛ نەک ڕەوتێکی کوشندە، کە خۆی لەخۆیدا لە سیستەمەکە دوور دەخرێتەوە، بەڵکو بەشێک کە خۆی لە ئەنجامدانی ئەرکەکەی دەدزێتەوە. لە بەرامبەردا، بۆ مارکسیستێک (هەروەها بۆ فرۆیدێک)، کاری خەسارناسانە (هەڵەی لە خشتەبەرانەی هەندێک لە بەشەکان)، ئاماژەی نەخۆشی کاری بەهاداریە، ئاماژەیەکە لە تێکچوونی بنەمایەک، کە ڕاپەڕینی خەسارناسانە هەڕەشەی لێدەکات.

لای مارکس، ناڵە و هاواری ئابوری، کلیلی تێگەیشتنی کاری ڕێسایی سەرمایەدارین و لای فرۆید، دیاردەی خەسارناسی وەک هەستانی هیستریایی، کلیلی تێگەیشتنی چۆنییەتی پێکهاتنی ناسکاریەکی ڕێوشوێنی درووستمان دەخاتە بەردەست (شەڕی نهێنی کە کارەکەی دەپارێزن). هەروەها هەر بۆیە، کە فاشیزم بێگومان جۆری پۆپۆلیزمە. وێنای فاشیستی لە مرۆڤی جولەکە هاوشێوەی کۆمەڵێک هەڕەشەی (ناکۆک و تەنانەت نەگونجاو) کە تاکی بەئەزموون؛ جولەکە هاوکات زۆر ڕوناکبیر، قرێژ، لەڕووی سێکسیەوە نێر نەبو، زۆر هەوڵدەرو لەڕوانگەی داراییەوە زۆر چەوسێنەرە. لێرەدا ڕوبەڕووی تایبەتمەندیەکی کلیلی تری پۆپۆلیزم دەبینەوە، کە لاکلاو ئاماژەی پێنەداوە. بە دروستی پشتگیری دالی باڵاتری پۆپۆلیستی لەمەڕ دوژمنی کۆتایی، لاڵ و پەنهان دەکات کە:

ئەو دەربڕینەی کە ئۆلیگاریشی بەرپرسیاری ناکامی داواکاری کۆمەڵایەتییە بەمانای دیاریکردنی هۆکارێک نییە، کە بتوانێت لە کرۆکی داواکاری کۆمەڵایەتی دەربیبێنێت؛ ئۆلیگاریشی جیا لەو خواستانە زادەی گوتارێکە کە ئەو خواستانە دەتوانن دەوری لە سەر ببینن. لێرەیە کە ساتی بۆشایی بەناچاری سەر وەدەردەنێت و بەدوایدا زنجیرەی هاوبەهایی جێگیر دەبێت. بەمەش (پەنهانی و لاڵی)، بێئەوەی کە لەهیچ جۆرە بارودۆخێکی پەراوێزی و بەرایی سەرچاوە بگرن، لە سروشتی کاری سیاسیدا جێگیربوون.

کەوایە تایبەتمەندی دەرهەستەیی لەخودی پۆپۆلیزمدا، دەبێتە پاشکۆی هەمیشەیی واتایی درۆینی وێنای هەڵبژێردراوی دوژمن، تاکە هۆکاری ئەودیوو شتەکان کە هەڕەشە لە خەڵک دەکەن. ئەمڕۆیە لاپێۆپە کرداوەکان لاسایی بەرگری پەنجەکان و دەنگی بەرکەوتنی پیتەکان لەسەر کاغەزی ئامێری چاپی کۆن دەکەنەوە.

چ نموونەیەک بۆ پێویستی تازە سەرهەڵدراوی ڕاستی درۆیین لەوە باشترە؟ ئەمڕۆ، کاتێک نەک پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵکو هەروەها تەکنەلۆجیا، زیاترو زۆرتـر، پەنهان دەبـن. (کێ دەتوانێت بزانێت لە کۆمپیوتەرێکی شەخسیدا چ باسە؟)، پێویستی شاراوە بۆڕیفۆرمی واتەییەکی دەستکردی گوڕپێدانی تاک بۆ بەستنی پەیوەندی لەگەڵ دەورووبەری ئاڵۆزیان، بە ناوی ژینگەی جیهانی بەمانا، هەیە. لە بەرنامەنوسی کۆمپیوتەریدا، ئەپڵ (Apple) ئەم هەنگاوەی واتایی درۆینی ئایکۆنەکانی لابرد.

لە ئەنجامدا دەخرێتە سەر فۆرمۆلی کۆنی (گی دووبۆر) دەربارەی کۆمەڵگای نمایش، دژواری نوێ: وێنا بە مەبەستی پڕکردنەوەی بۆشایی دەخوڵقێن، کە جیهانی دەستکردی نوێ لە دەوری ژینگەی جیهانی کۆنینەمان جیادەکاتەوە، بە دیوێکی تردا، قبوڵکردنی ئەم جیهانی نوێیە دەوری وێناکانە. ئایا وێنای واتایی درۆیینی پۆپۆلیستی لە مرۆڤێکی جولەکە، کە کەڵەکەیەکی زۆری هێزی بێ ناونیشانی کورت و پوخت دەکاتەوە، وەک کیبۆردێک نییە کە لاسای ئامێری چاپ دەکاتەوە؟ جولەکە، لەبری دوژمن، بێگومان دیاردەیەکی دەرەوەیی داواکاری کۆمەڵایەتی ناکامە.

ئەم زیادکراوە بۆ پێناسەی پۆپۆلیزمی لاکلاو، بەڕەهایی بەمانای گەڕانەوە بۆ قۆناغی بوون یا ئەنتیک نییە؛ ئێمە لە قۆناغی وێنایی – بوون ناسیدا ماوینەتەوە و بە قبوڵکردنی تێزی لاکلاو، پشت ئەستوور بەوەی کە پۆپۆلیزم، لۆژیکی سیاسی و وێنایی تایبەتیەکە کە بۆ هیچ ناوەرۆکێک تەرخان ناکرێت، تەنیا کردوومانەتە پاشکۆی خەسڵەتی شتبوونی (کە لەباقی تایبەتمەندییەکانی باڵادەستی کەمتر نییە) ئەنتاگۆنیزم (لە بوونەوەری ئەرێنیدا). پۆپۆلیزم هەڵگری لانیکەمی – شێوەی بەرایی – سۆفیگەرێتی ئایدۆلۆژییە.

هەربۆیە هەرچەند پۆپۆلیزم بنەماییەکی وێنایی یا قاڵبێک، کە دەکرێ خولانەوەی سیاسی جیاواز بگرێتەخۆ (ناسیۆنالیزمی کاردانەوەگەرا، ناسیۆنالیزمی پێشڕەو)، بەم حاڵە، ئاکو ئەو جێیە کە ئەنتاگۆنیزم یان شەڕی کۆمەڵایەتی لەکرۆکدا ماوە دەخاتە شەڕی نێوان خەڵکی یەکگرتوو دوژمنی دەرەکی، سەرەنجام لەناخی خۆیدا پاڵنەری درێژماوەی بۆ سەرهەڵدانی فاشیزمی هەڵگرتووە.

لەم ڕووەوە، هەژمارکردنی هەرجۆرە جووڵانەوەیەکی کۆمۆنیستی لەجیاتی جۆرێک پۆپۆلیزم مەسەلە سازدەبێت. فرۆید دوای دەستنیشاکردنی ئەگەری گۆڕان لەڕووی ناسنامەی هاوبەشەوە کە هۆکاری کۆکردنەوەی خەڵکە، بەمجۆرە درێژە بە کەسایەتی ڕابەر بۆ ئەندێشەی ناکەسی دەدات: (ئەم دەرهەستکاری، دووبارە، ڕەنگە بە دامێنی کەمتر یا زۆرتر لە کەسایەتییەکدا، کەسێک بەرجەستە بێت، کە دەتوانین بە پێشەوای مامناوەندی بزانین، پەیوەندی نێوان ئەندێشە و ڕابەری جۆراوجۆر دەبێتە مایەی سەرنجڕاکێشان.). یان ئەو دەربڕینە، بە تایبەت لەمەڕ ڕابەرێکی ستالینیست، لە ڕوبەڕوبوونەوە بە ڕابەری فاشیست، وەک میکانیزمی بەرجەستەکردنی ئەندێشەی کۆمۆنیستی ڕاست نییە؟ هەر بەوهۆیە، جولانەوە و ڕژێمە کۆمۆنیستەکان ناتوانن لە پۆپۆلیزمدا چینبەندی بکرێن.

شیکارەکەی لاکلاو زۆر خاڵی لاوازتـری تێدایە، بچوکترین یەکەی شیکاری پۆپۆلیزم کۆمەڵێک داواکاری کۆمەڵایەتییە (لە مانای دوالیزمیەکەی واتا دەرخستن و خواستن). هۆی ستراتیژیەتی هەڵبژاردنی ئەو زاراوەیە ئاشکرایە: ناسکاری و داواکاری لە کرۆکی مەیلی زۆری خواستدا جێگیر دەبێت؛ واتە خەڵک خۆی لەنێوان زنجیری هاوبەهایی داواکاری جێگیر دەکات.

خەڵک گرووپێکی لەپێشدا هەبوو نین، بەڵکە ئاکامی کردەییانەی

زۆربوونی ئەم داواکارییانەیە، بەڵام زاراوەی داوکاری پێویستی مەیدانی نمایشی لەسەدا سەدە، کە ناسکاری داواکاری لەناویدا بۆ ئەوی دی دەگۆڕێت و پێشتر ئەگەری خەملاندنیان گریمانە دەکات. ئایا شۆڕشی ڕاستەقینە یان کردەی سیاسی ڕزگاریخوازی فەرەنسی ئەم ئاسۆی بابەتی ناکەوێتە سەر ئەو ڕەوشە؟ ناسکاری شۆڕشێکی دیکە هیچی لە خاوەن دەسەڵات ناوێت؛ ئێستا خوازیاری لەناوبردنیانە.

سەرباری ئەوە، لاکلاو بابەتی بەرایی لەو چەشنەی، پێش جێگیربوونی یەکجارەکی لە زنجیری هاوبەهاییەکان، بە دیموکراسی تێدەگات؛ بەوجۆرەی کە لاکلاو شرۆڤەی دەکات بۆ ئاماژەکردن بە بابەتێک تا ئاستێکی تایبەتی پەنا دەباتە بەر ئەو کاراییە، کە هێشتا لە سیستەمی کۆمەڵایەتی-سیاسی دەخەملێنرێت و لە ئەنجامدا ناکام نەبووە و لەکاتی ناکامی ناچار دەبێت خۆی بخاتە ناو کۆمەڵێک ئەنتاگۆنیستی هاوبەهاییەوە. هەرچەند لە کەشێکی سیاسی لەباردا جەخت لە بوونی دوژمنایەتی زۆرینە دەکاتەوە ئەو لێکدژییانەی کە یەک بەیەک پێکەوە بەستراونەتەوە، بێئەوەی هۆکاری یەکگرتن یان دژایەتی لێکدابڕان و چەند لایەنە بێت، بەڵام باش ئاگاداری پێکهاتنی زنجیری هاوبەهاییە لە فەزای دیموکراسی لەباردا.

بەبیر خۆت بێنیەوە چۆن لە بەریتانیا بە سەرۆکایەتی موحافیزکارانەی جۆن مێجەر لە کۆتایی دەیەی 1980، کەسایەتی دایکێکی ڕەبەنی بێکار بۆ هێمای ناکارامەی حکومەتی خۆشگوزەران گۆڕا؛ هەموو نەگونجاوییەکانی کۆمەڵگا بە شێوازێک بۆ ئەم کەسایەتییە دابەزی. (قەیرانی بودجەی حکومەت؟ پارەیەکی زۆر بۆ پارێزگاری لە دایکان و منداڵەکانیان خەرج دەکرێت. هەرزەکاری لاوان؟ دایکانی سەڵت دەسەڵات و زاڵبوونی پێویستیان بۆ سەروبەرکردنی خوێندنی منداڵەکانیان نییە و....).

لاکلاو لە جەختکردنەوە لەسەر ناوازەبوونی دیموکراسی لە پەیوەندی بە دابەزینی چەمکی بنەمایی نێوان لۆژیکی جیاوازییەکان (کۆمەڵگا وەکو سیستەمێکی گشتگیری ڕێکخراو) و لۆژیکی هاوبەهاییەکان (فەزای کۆمەڵایەتی وەکو درزی نێوان دوو ئۆردوی تێکهەڵچوو کە جیاوازییەکانیان بەرابەر دەکەن) و لە هاوئاڵۆزی تەواودا خودی ئەو دوو لۆژیکە درێغی دەکات. یەکەم شت کە دەبێت بیربهێنرێتەوە ئەوەیە، کە چۆن لە سیستەمێکی دیموکراسیدا، لۆژیکی ئەنتاگۆنیستی هاوبەهاییەکان لە کرۆکی بینای سیاسی، وەک تایبەتمەندی ستراکتۆری بونیادیەکەی، جێگر دەبێت. پێدەچێت بەرهەمەکانی شنتاڵ موفە، بە تایبەت (Democratic Paradox 2000). لەم بارەیەوە زیاتر بابەتی بن، لە کاتێکدا دلێرانە هەوڵی دەدا دیموکراسی و ڕۆحی خەباتی پڕ کێشمەکێش کۆبکاتەوە، هەردوو ئاستی کۆتایی بە گوماناوی دادەنا: لەلایەک، بەرز نرخاندنی ڕوبەڕوویی و شەڕی دلێرانە کە دیموکراسی و ڕێساکەی هەڵدەوەسێت (نیتچە، هایدگەر، شمیت) و لەلاکەی دی، بردنەدەری خەباتی ڕاستەقینە لە فەزای دیموکراسی، کە تاکە هۆکاری ڕکابەرێتی ڕێسامەند و بێهێز دەبێت (هابرماس). موفە لە پیشاندانەوەی چۆنیەتی گەڕانەوەی خێرای توندوتیژی، بەهۆی وازپێهێنانی کەسانێک لەسەر حەقە، کە ناتەبای پەیوەندی بێکۆت و مەرجن. هەرچەند ئەمڕۆ لە وڵاتانی دیموکراسیدا هەڕەشەی سەرەکی لە دیموکراسی ئەو دوو لایەنەی دەمارگیری نییە، کە کاری سیاسی لە ناخی بە کاڵایی بوونی سیاسەتدا دەمرێت.

لە سەرەتای یەکەم، مەترسی شێوازی گورزەبەندی و فرۆشی سیاسەتکاران لە هەڵبژاردنەکاندا نییە، کێشەو گرفتی قوڵتر، فۆرمۆلەبوونی باوەڕێکە هەڵبژادرن بە درێژایی هێڵەکانی بازرگانی (لەم بارەیەوە، کڕینی

دەسـەڵاتـ) دادەنێتـ؛ هەڵبژاردن بریتییە لە ململانێی نێوان حزبەکانی فرۆشیاری جیاوازی و دەنگمان وەک ئەو پارەیە، کە بۆ کڕینی حکومەتی دڵخوازمان دەدەین. لەم کاتەدا سیاسەتـ وەک خزمەتگوزاریەک بە تەنیشتـ هەموو خزمەتگوزارییەکانی شایانی کڕین، سیاسەتـ وەک گفتوگۆی گشتی و هاوبەش دەربارەی مەسەلە و بڕیاری هەمووان مانای خۆی لەدەستداوە.

لە ئاکامدا، پێدەچێتـ دیموکراسی نەک تەنها دەتوانێتـ ئەنتاگۆنیستی لەخۆ بگرێتـ، بەڵکو تاکە وێنای سیاسییە کە کردویەتییە پێشگریمانە، پێیدا هەڵدەواسێ و بە دامەزراوەیی دەکاتـ. دیموکراسی بۆ مەرجی ئەرێنی ڕێسای کاری خۆی دەیگۆڕێتـ کە لە سیستمە سیاسییەکانی تردا بە هەڕەشەیەک دەزانرێتـ، (لەدەستدانی بانگەشەکارێکی دەسەڵاتی بێلایەن). پێگەی دەسەڵاتـ بەتاڵە، هیچ بانگەشەکارێکی بێلایەن بۆ ئەوە نییە، POlemos یان شەڕ کەم نەبێتەوە و هەر دەوڵەتێکی نەگۆڕ بۆ گرتنەدەستی دەسەڵاتـ، دەبێ تا تێکشکانی دەوڵەتی بەرامبەر بجەنگێتـ. تێبینی ڕەخنەیی لاکلاو بۆ {کلود} لیفۆر (Lefort) خاڵی سەرەوەی نییە: (بۆ لیفۆر، پێگەی دەسەڵاتـ لە دیموکراسیەکاندا بەتاڵە. مەسەلەکە بۆ من بە شێوازێکی تر دەخرێتەڕوو: مەسەلەی بەرهەمهێنانی بۆشایی لە دەرەوەی کاری لۆژیکی هەژمۆنیک. بۆشایی جۆرێک ناسنامەیە نەک پێگەیەکی بنەمایی). ئەو دوو بۆشاییە بە سادەیی شایانی هەڵسەنگاندن نین.

بۆشایی خەڵک، پووچبوونی دالی هەژمۆنیکە کە تەواوی زنجیری هاوبەهاییەکان لەخۆ دەگرێتـ یا ناوەرۆکی تایبەتی بە بەرجەستەکردنی لە تێکڕای کۆمەڵگا ماهیەتی دەگۆڕێتـ، لە کاتێکدا کە پووچبوونی پێگەی دەسەڵاتـ بیرو ناوەرۆکێکی سەرەکییە کە هەر هەڵگرێکی دەسەڵاتی ئەزموونگەرایی ناتەواو، شیمانە و زوو دەکاتـ.

سەرباری ئەمانە، لاکلاو ئاپیەتمەندیەکی تریش نادیدە دەگرێت، پارادۆکسی بونیادی فاشیزمی یاخی، پێچەوانەی پارادۆکسی دیموکراسی (موفە)یە. ئەگەر گەمەی دیموکراسی (بە دامەزراوەیی بوو)، هەروەک ئاوێنەی شەڕی ئەنتاگۆنیستی لە فەزای دامەزراوە جیابوونەوە و گۆڕینی بۆ کێشمەکێشی ڕێسامەندە، فاشیزم ئاڕاستەی دژ دەبڕێت. کاتێک کە فاشیزم، لە شێوازی کاری، لۆژیکی ئەنتاگۆنیستی بەدوا ئاستی دەگەیەنێت (باسی ململانێی تا ئاستی مردن لەگەڵ دوژمنانی و بـەردەوام بانگەشە دەکات لانیکەمی هەڕەشە بۆ توندوتیژی لەدەرەوەی مەیدانی دامەزراوەیی بەهۆی گوشاری ڕاستەوخۆی کەسانێک هەیە، کە کەناڵە ئاڵۆزەکانی یاسایی دامەزراوەیی دەخەنە لاوە، تەنانەت ئەگەر دیاریشی نەکەن)، ئامانجە سیاسییەکەی ڕێکدەخاتە لای بەرامبەرەوە: پەیکەری کۆمەڵایەتی زۆر ڕێکو قاتبەندی (جێی سەرسوڕمان نییە، کە فاشیزم هەمیشە پشت بە خوازەی جەستەی گومان ڕیزباوەڕ دەبەستێت).

دەکـرێـت ئـەم بـەگـژداچـوونـەوەیـە لەوشە لکاوەکانی بابەتی ڕوبەڕووبوونەوەی نێوان ناسکاری دەربڕین (subject of enunciation) و ناسکاری دەربڕاو (ناوەرۆک) (subject of enunciated). من وەک تاکێک کە قسە دەکات، ناسکاری قسە (من) لە ستراکتۆری دەستوری زمان، ناسکاری لە قسە ئاڕاستە کرد. کاتێک کە دیموکراسی وەک ئامانجی مقۆمقۆی ئەنتاگۆنیستی قبوڵ دەکـات (لە وشە لکێنراوەکاندا: بەناوی ناسکاری دەربــڕدراوی، ناوەرۆکەکەی)، شێوازی کاری ڕێکوپێک و دەوڵەمەندە لە بەرامبەردا فاشیزم هەوڵدەدات هاوئاهەنگی پێگەی بنەما بەهۆی ئەنتاگۆنیستی لغاو پچڕاو بسەپێنێت.

لە ئەنجامدا، پۆپۆلیزم (بەو شێوازەی، کە ئێمە پێناسەکەی لاکلاومان

تەواوکرد)، دۆخێک نییە لە بوونی زێدەبایی ئەنتاگۆنیستی بەسەر چوارچێوەی دامـەزراوەیـی دیموکراسیی ململانێدا. نەک ڕێکخراوە شۆڕشگێڕەکانی کۆمۆنیستی (پێشوو)، بەڵکو دیاردەی ناڕەزایی کۆمەڵایەتی و سیاسی نا دامەزراوەیی، لە شێوازی جۆراوجۆریدا، لە جوڵانەوەی خوێندکاری 1968 تا ناڕەزاییەکانی دژی شەڕو جوڵانەوەکانی دژی جیهانسازی دواکەوتوو، شایستەی ناونیشانی پۆپۆلیزم نین. وەک نموونە جوڵانەوەی دژی جیاوازی ڕەگەزی لە ئەمەریکای کۆتایی دەیەی 1950 و سەرەتای دەیەی 1960 کە مارتین لۆسەر کینگ سیمبولیەتی.

هەرچەند ئەو جوڵانەوەیە هەوڵێک بوو بۆ دەربڕینی ئەو خواستانەی، کە دامەزراوە دیموکراسییەکان وەڵامی پڕ بەپێستیانی نەدایەوە، بەم حاڵە، ناکرێت لەژێر ئاڵای هیچ مانایەکی پۆپۆلیزم بیگونجێنی. چونکە شێوەی ڕابەری خەبات و دیاریکردنی لایەنی بەرامبەر (دووژمن) هەرگیز پۆپۆلیستی نەبو. (دەبێت سەرنجێکی ئێکرایی لە جووڵانەوەی جەماوەری تاک تەوەری بدەین. بۆ نموونە ئەو شۆڕشانەی کە لەسەر دارایی لە ئەمەریکا ڕوویدا هەرچەند شێوەی پۆپۆلیستی بوو، هاندانی خەڵک بەپێی ئەو داواکارییانەی، کە دامەزراوە دیموکراسییەکان لێی ناکۆڵنەوە، بەڵام پێناچێ پشتی بە زنجیری ئاڵۆزی هاوبەهاییەکان بەستبێت، بەڵکو قوڵبوونەوەیە لەسەر خواستێک).

## تا بنبەستی بڕیاری سیاسی

لە ساڵی 2004، جۆرج لاکۆف (George Lakoff)، فەیلەسوفی زمانی پۆست چۆمسکی کتوپڕ ناوبانگی دەرکرد، کە پێشتر زۆرجار وەک خوازە دەناسرا، بەهۆی خستنەڕووی گەڵاڵەی بەرایی و سادەی هۆکاری ناکارایی سیاسەتی دیموکراتەکان و چۆنییەتی لابردنی لەڕووی بووژانەوەی هێزی

داینەمۆی حزب. هۆی سەرنجمان لە گەلاڵەکەی کۆمەڵێک تایبەتی وێنایی هاوبەشە کە لەگەڵ تیۆرەکەی لاکلاو هەیەتی: بزووتنەوەی خەباتی سیاسی لەبری شەڕی نێوان ئەو بکەرانەی، کە بۆ بەرژەوەندی کەسی لێپرسینەوەی عەقڵانی دەگرنەبەر.

بە بۆچوونی کراوەتر لە خەبات، واتە شەڕی نێوان ئەو ئامەزرۆیانەی، کە لە قسەی خوازەیی پشتیوانیان دانابەزێت و دەپارێزرێن (لای لاکلاو، خوازە بە درووستی دەکەوێتە کرۆکی خەبات بۆ هەژموونی سیاسی - ئایدۆلۆژی؛ کاری ڕیشەیی هەژموونی واتا هەڵکشانی بیرو ناوەرۆکی سەرەکی تایبەتی بۆ بەرجەستەکردنی ڕاستەوخۆی گشتی، لەڕاستیدا ڕەوایی تەوەری پەیوەندی کورت «short circuit» خوازەییە).

دەبێت لەبیرمان بێت لاکۆف بەڕاستی دژی چۆمسکییە کە بە ئاشکراکردنی ڕاستی و دەسەلاتی بەڵگاندنی ئاشکرا، باوەڕی وایە (جێی سەرسوڕمان نییە کە لەنێوان خۆی و چۆمسکی، مامۆستای پێشووی، دوژمنایەتی پیشەیی و هەروەها کەسی نییە). لاکۆف ڕوانگەی دژی ڕۆشنگەری سەیر هەڵدەبژێرێت کە بە دەوری پارادایمی ئەقڵخوازانە - ماتریالیستیدا دەخولێتەوە.

خەڵک بۆ بەرژەوەندییان، لێپرسینەوەی عەقڵانی ناگرنەبەر، ئەمان لە چوارچێوەی ڕەوایی نیمچە ئاگاییدا بیردەکەنەوە، کە بە دەوری خوازەکانی ناوەندیدا ڕێکخراون، باوەڕییان بەهۆی ئەو چوارچێوانەوە نەک پشتیوانی لیدەکرێت، بە بەڵگاندنی عەقڵانی. بۆیە، ئێمە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کۆنی نێوان ئستورە و لۆگۆس، بۆ وتاربێژی و بەڵگەهێنانەوە، خوازە و مانای وردو ڕاشکاو گەڕاینەوە. شیکارەکانی چوونە ڕیزەوەی لاکۆف لە نێوان پێشنیازی سەرگەرمکەری بابەتی چۆنییەتی گورزەکردنی ڕاڤەکانی

وتاربێژانەی ڕۆژانە، بەهۆی گریمانە نەگوتراوەکان (بۆ وێنە، لە هەڵبژاردنی ساڵی 2004دا میدیاکانیان وەک سەرچاوەی زانیاری سەیری ماڵی کیری و وەک کێڵگە سەیری ماڵی بۆشیان دەکرد) و کۆدکردنەوەی بەرایی شێوە فرۆیدی لە لەرانەوەدان.

دەربارەی 11ی سێپتەمبەر دەنوسێت: «تاوەرەکان هێمای دەسەڵاتن و دارمانیان ئەندێشەی لەدەستچوونی دەسەڵاتی بەهێز دەکەن.... ئەو فڕۆکانەی، کە بە ستوونی ئاگرەوە دەچوونە ناو تاوەرەکانەوە و وەک سارۆخ لە پنتاگۆن، وێنەیەکی بێمانا لە ئاسمانەوە، دەهاتنە خوارێ. لە ڕوانگەی فرۆیدیزمێکی وا ڕواڵەتی، سەرسوڕهێن نییە لای لاکۆف، سەرچاوەی خوازە ڕێکخراوەکانی ناوەندی بۆ بۆچوونی ناڕازی بنەمای خێزانی ئایدیالی دەگەڕێنەوە. نەریتخوازان، میللەت وەک مۆدیلێکی خێزانی باوکسالاری وێنا دەکات و بۆ دیسپلین و گوێڕایەڵی منداڵەکانی و گۆڕینیان بۆ مرۆڤی پێگەیشتووی متمانە بەخۆ، پەنا دەباتە بەر تەمبێکردن؛ لە کاتێکدا کە لە مۆدێلە پێشکەوتووەکان، باوان بەپەیوەندی بەرامبەر و هاوکارانە، منداڵەکانیان پەروەردە دەکەن. (بە هەمانجۆر کە تێبینی دەکرێت، هەردوو ئەلگۆکە، ئەلگۆی خێزانین، گوایە جیاکردنەوەی سیاسەت لە ڕەگی لیبیدۆیی خێزانیەکەی ئاسان نییە).

لاکۆف ئەنجامگیری دەکات کە چەپ، لەجیاتی کەڵکوەرگرتن لە بەڵگە عەقڵانییەکان و ئامۆژگاری ئەخلاقی دەرهەستەیی، کە لە زمانی خوازەیی بەهەست دووری دەخاتەوە، دەبێت لەم مەیدانە پێشوازی لە شەڕ بکرێت و فێربێت کە چوارچێوەکانی لەخشتە بەرانەتر ئاڕاستە بکات. لاکۆف لە کۆتایی کتێبی بە دوای فیلدا مەگەڕێ! دەنوسێت موحافیزکاران (پەی بە بەهاکانیان، بنەماکان و ڕێبازەکانیان دەبەن و زۆر کاریگەرتر لە

سی ساڵی ڕابـردوو لە زەینی گشتیدا بڵاوییان کردوونەتەوە). دەکرێت ئەو بنەمایانە لە دە وشەدا وەبیربێنیەوە: بەرگری بەهێز، بازاڕی ئازاد، باجی کەمتر، دەوڵەتۆکە، بەهاکانی خێزانی)، ئەو فەلسەفە دە وشەییە بۆ لیبراڵەکان پێشنیاز دەکات. (ئەمریکایەکی بە دەسەڵات، درەوشانەوەی بەربڵاو، داهاتووی باشتر، دەوڵەتی کارامە، بەرپرسێتی بەرامبەر). پێشتر لاوازی ئەو بەدیلەش ئاشکرایە.

کاتێک کە فۆرمۆلی موحافیزکارانەی خراوەڕوو بژاردەکانی بە ڕواڵەت ڕوون، دەرحەق وەرگرتنی بابەتی لێکجیا و ڕوبەڕوبوونەوەن (بەرگری بەهێز دژی داکۆکیکارانی داماڵینی چەک، بازاڕی ئازاد دژی چاکسازییەکانی دەوڵەت، کەمکردنەوەی باج دژی بەرنامە کۆمەڵایەتییەکان tax and spend و...)، فۆرمۆلی لیبراڵ بریتیە لە ڕاڤە ئێکڕاییەکان و دڵخۆشکەرە کە هیچ ناکۆکیەکی نییە (کێ دژی درەوشانەوە، داهاتووی باشتر و دەوڵەتی کارایە؟). هەموو ئەوەی ڕوودەدات جێی وتاربێژی توندوتیژی بە گوڕوتینی جۆری سەرپێیی و هەستی دەگرێتەوە، خاڵی زۆر سەیری لاوازی لاکۆف، زمانناسی ورد و شارەزا لە ماناناسی، فۆرمۆلی ئەرێنیەکەی تێگەیشتنی ئاشکرایە لەم لاوازییە، لاوازیـەک کە بە دیقەتەوە لە زاراوەی لاکۆف فۆرمۆلبەندی دەکرێت: فۆرمۆلی لاکۆف بە ئاشکرا باری ئەنتاگۆنیستی تێدا نییە بۆ دیاریکردنی دوژمن، کە مەرجی بنچینەیی هەر فۆرمۆلێکی سیاسی ڕاستەقینەی بزاڤی سیاسییە.

ئامانجمان خستنەڕووی ئەو درکە نییە، کە لاکۆف سیاسەتی لاکلاوی پێشنیاز دەکات، بە پێچەوانەوە، گەڕانەوەیە بۆ لاکۆف، کە وامان لێدەکات سنوردارییەکانی لاکۆف لەژێر لێکچووە ڕواڵەتییەکاندا ببینین. بەپێی گوتەی سیناتۆر دیک دۆرین (Dick Durbin)، کە بەرگریکارێکی لاکۆفە لە لیستی

دیموکراتەکان: لاکۆف داوامان لێ ناکات ئێڕوانین یا فەلسەفەمان بگۆڕین، بۆ نوێکردنەوەی پەیوەندی بانگمان دەکات. کۆماریخوازەکان بە کۆکردنەوەی ئەندێشە کۆنەکان لە پێچراوەیەکی نوێدا سەرکەوتن. لە ئەنجامدا ململانێ تەنیا بۆ وتاربێژی دادەبەزێت.

ئەندێشەکان (سیاسەتی ڕاستەقینە) بە یەکسانی دەمێنێتەوە، مەسەلە هەر چۆنیەتی کۆکردنەوە و فرۆشتنیانە (یان دانانیان لەژێر ئاڵای زاراوەی مرۆڤایەتی تری بەستنی پەیوەندی باشتر). لاکۆف بە پشتگیری ئەو خوێندنەوەیە لە تێزەکەی پیشانی دەدات کە شێلگیرانە، جەخت لە هێزی چوارچێوەی خوازەیی ناکاتەوە و بۆ کۆکردنەوەی سەرلەنوێ دایبەزاندووە، لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاشکرا بە لاکلاو کە وتاربێژی لە دڵی پرۆسەی سیاسی – ئایدۆلۆژی و لە هاتنەدی جومگەبەندی هەژمۆنیک، دەدۆزێتەوە؛ گەرچی، هەندێک کات پێدەچێت بە ناکامی وتاربێژانە ڕادەستی کەڵکەڵەی کەمکردنەوەی ئاڵۆزییەکانی ئێستای چەپ دەبێت، وەک ئەم پەرەگرافەی خوارەوە:

ڕاست و چەپ لە ئاستێکدا ململانێ ناکات. لەلایەک، ڕاست هەوڵدەدات کێشە جیاوازەکانی خەڵک بە خەیاڵی سیاسی ببەستێتەوە و لەلاکەی دی، چەپ لە پاشەکشێدایە بۆ وتاری ئەخلاقی پەتی، کە ناچێتە گەمەی هەژمۆنیکەوە.. کێشەی سەرەکی چەپ، ڕوونەدانی ململانێیە لە ئاستی شیکاری سیاسی ئەمڕۆ. چەپ پشتی بە وتاری عەقڵگەرایانەی ڕاست بەستووە، وتاری دەرهەستەیی پەتی کە ناچێتە مەیدانی هەژمۆنیکەوە و بەبێ ئەو چوونەناوەوە ئەگەرێک بۆ ئاڕاستەکردنی بەدیلی سیاسی هەڵکشاو نییە.

بەمەش کێشەی بنەڕەتی چەپ لاوازیەتی لە پیشاندانی وێنەی بە هەست و جیهانی گۆڕان. بە ڕاستی ئایا مەسەلەکە بەم سادەییەیە؟ ئایا چارەسەری کێشەی چەپ، لابردنی وتاری عەقڵگەرایانەی ئەخلاقی پەتی و نیشاندانی بۆچوونی دەستەبەرتری خەیاڵی سیاسی، بۆچوونێک کە بتوانێت بە پێشنیازی نیۆموحافیزکارانە و هەروەها ڕکابەرێتی ڕوانگەکانی پێشووی چەپ بکات؟ ئایا دەستنیشانکردنێکی لەو چەشنە هاوشێوەی ئەو وەڵامە بەناوبانگە نییە، کە پزیشکێک دەیداتە نەخۆشی پەرێشان: (تۆ پێویستت بە ئامۆژگاری دکتۆرێکی گرۆییە؟)، دەربـارەی پرسیاری یەکەم دەڵێی چی؟ ئەو بۆچوونەی چەپی نوێ، بە جسۆری چوونەپاڵی، بە سەرنجدان بە ناوەرۆکەکەی چ دەبێت؟ ئایا هەرەسی چەپی باو، پاشەکشەکەی بۆ گوتاری ئەقڵگەرایانە و ئەخلاقی کە لەمەودوا ناچێتە یاری هەژمۆنیکەوە، پەیوەندی بە گۆڕانکاریە گەورەکانی ئابوری دەیەکانی ڕابردووەوە نییە؟ چارەسەری باشتر، جیهانی چەپگەرایانە بۆ قەیرانی ئێستامان لە کوێیە؟ دژایەتیکردنی ڕێگای سێیەم لانیکەم هەوڵێکە بۆ ئاڕاستەکردنی بۆچوونێک کە ئەم گۆڕانکارییانە لە زەین دەگرێت. جێی سەرسوڕمان نییە، کە لەگەڵ نزیکبوونەوە لە شیکاری سیاسی و چوونەپاڵ، ئاڵۆزی و پشێوی هەمەگیر دەبێت. لاکلاو لەگفتوگۆیەکی ئەم دواییەی تۆمەتێکی سەیر لە دژی دەخاتە ڕوو، دەڵێت من بانگەشەم کردووە.

کێشەی وڵاتە یەکگرتووەکان ئەوەیە کە وەک باڵادەستی جیهانی کـاردەکـات، بـەڵام وەک باڵادەستی جیهانی بیرناکاتەوە و بـەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆیەوەیەتی. لە ئەنجامدا دەبێت لەبری باڵادەستی جیهانی بیر بکەنەوە و کاربکەن، دەبێت دەوریان وەک (پۆلیسی جیهانیی) قبوڵ بکەن. بۆ کەسانی وەک ژیژەک، کە هەڵتۆقیوی نەریتی هیگڵین، ئەم

کاره مانای پاڵنەری وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ ئاڵوگۆڕی بۆ چینی ئێکڕایی (universal class)، دەورێک کە هیگڵ دەیداتە پاڵ دەوڵەت و مارکس بە پڕۆلیتاریا، ئێستا ژیژەک دەیداتە پاڵ باڵاترین ئاستی ئیمپریالیزمی ئەمریکا. ئەندێشەی لەو چەشنە هیچ پێگەیەکی نییە.

من پێموانیە بکرێت هیچ ئایدیالێکی پێشڕەوی هیچ شوێنێکی دنیا لەژێر ئەندێشەیەکی وا دەرببڕێت.

من بۆ ئەو پەرەگرافە پەنجە لەسەر بەڵگەی چەواشەکاری پێکەنیناوی و جمک بە نیەتخراپی دانانێم. بێگومان هیچ کاتێک لەبری چینی ئێکڕا یان جیهانگیر بەرگریم لە ئەمریکا نەکردووە. مەبەستم لەو دەربڕینەیە کە ئەمریکا جیهانی کار دەکات و ناوخۆیی بیردەکاتەوە، ئەوە نەبوو کە دەبێت جیهانی بیربکاتەوە و کاربکات، نیەتم دەربڕینی پێویستی بنەمای بۆشایی نێوان ئێکڕا و بەش بوو، بەپێی هەمان پێویستی، ئەمریکا لە ماوەیەکی زۆردا گۆڕی خۆی هەڵدەکەنێت و لەپڕ لەوێ، لە هیگڵگەراییەکەمدا جێگیر بووە: مانۆڕ پڕۆسەی مێژوویی - دیالێکتیکی بۆشایی نێوان کارو بیرکردنەوەیە. خەڵک بەو شتە کار ناکەن کە پێیانوایە؛ مادام ئەندێشە بە ڕووکەش ئێکڕاییە، کار لاوەکی دەبێت، هەر بەو هۆیە، لای هیگڵ هیچ ناسکارییەکی مێژوویی ڕوون نییە.

هەموو ناسکارییەکانی کاری کۆمەڵایەتی، بەردەوام بەپێی پێناسە دەکەونە داوی پیلانی عەقڵەوە و دەوری خۆیان بە ناکامی لە بە ئەنجامگەیاندنی نیەتیان دەبینن. لە ئەنجامدا بۆشایی جێ سەرنج تەنها کەشێکی بەتاڵی نێوان شێوەی ئێکڕایی ئەندێشە و بەرژەوەندی لاوەکی پشتیوانی کارەکانیان - کۆمەڵە کارێک نییە، کە بەهۆی ئەندێشەی ئێکڕایی ڕەوا بوون. لە ڕوانگەی ڕاستی هیگڵەوە، شێوەی ئێکڕایی، لە ڕووبەڕوو بوونەوە بە ناوەرۆکی لاوەکی

لابراو، خۆی دەکاتە لاوەکی، خۆی پێشێلدەکاتـ، بەمەش، پێویستی بە ئەو ناوەرۆکە زیان ناسیە نییە کە ئێکڕایی پەتی ئاڵودە دەکاتـ.

هۆی گواستنەوەی ئەو پەڕەگرافە سەرنجی زارەکی وردە بۆچوونی ئێکڕاییەکی؛ لێرەدا، لە دوو لۆژیکی لێکدژو جیاواز دەکۆڵینەوە. لەلایەک، بۆرۆکراسی دەوڵەتی وەک چینی ئێکڕای کۆمەڵگا (یا لەڕوانگەیەکی بەرفرەتر، ئەمەریکا وەک پۆلیسی جیهان، بەهێزکەرو زامنکەری جێهانی مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی) و هۆکاری ڕاستەوخۆی یاسای جیهانی، لەلاکەی دی، ئێکڕاییەکی «زێدەبایی»، بەرجەستە بوو لە بەشێکی زیادەی ڕێسای هەبو، کە لەکاتی خۆییبوون لەم ڕێسایەدا، هیچ شوێنێکی گونجاوی نییە (ئەوەی ژاک رانسیر Part of no-part دەیخوێنێتەوە).

ئەو دوو ئێکڕاییە، نەک هاوتا نین، بەڵکو شەڕی کۆتایی لەنێوان ئەو دووانەدا ڕوودەدا و نەک بە سادەیی لە نێوان تۆخمە لاوەکییەکانی ئێکڕایی، نەک لەسەر ئەوەی کە کام ناوەرۆکی لاوەکی بەسەر شێوەی بۆشایی ئێکڕاییدا زاڵدەبێت، بەڵکو لەنێوان دوو جۆر لەمپەری گشتی ئێکڕایی.

لەمڕووە لاکلاو، ئەو کاتەی کە چینی کرێکار و خەڵکی، لەسەر بنەمای ڕووبەڕووی بیرو ناوەرۆکی سەرەکی چەمکێک و کاریگەری (nomination) ڕیشەیی، دەخاتە بەرامبەر یەکەوە، خاڵێک لەبەرچاو ناگرێت: چینی کرێکار ناودەنێت گرووپێکی کۆمەڵایەتی پێشتر هەبوو، گرووپێک کە بە ناوەرۆکی گەوهەری جیادەکرێتەوە، لە کاتێکدا خەڵک لەبری هۆکاری یەکگرتوو، دروست لە کردەی دانان دەردەکەوێت. لە ناتەبایی داواکارییەک هیچ نییە، کە خەڵک بە یەکگرتوویی لایەنگرنی(On Populist Reason p. 183). مارکس چینی کرێکاری لە پڕۆلیتاریا جیا دەکردەوە: چینی کرێکار گرووپێکی تایبەتی کۆمەڵایەتییە، لە کاتێکدا پڕۆلیتاریا دال لەسەر پێگەی بکەرێکە

(هەربۆیە باسی ڕەخنەیی لاکلاو دەربارەی ڕوبەڕوبوونەوەی مارکسی نێوان پڕۆلیتاریا و پڕۆلیتاریای دواکەوتووش ئەو خاڵەی تێدا نییە.

جیاکاری نێوان گرووپێکی واتایی و کەسێکی دەرەوەی گرووپ «nongroup»، زێدەبایی نەماوەتەوە، کە هیچ شوێنێکی شایستەی لە بنەمای کۆمەڵایەتیدا نییە، بەڵکو جیاکاری نێوان دوو شێوەی ئەم زێدەباییە ماوەتەوە، کە دوو پێگەی بکەری جیاواز دێنێتە ئارا) ناوەرۆکی شیکاری مارکس ئەوەیە کە بە لێکدژی، هەرچەند پڕۆلیتاریای دواکەوتوو بە شێوەیەکی ڕەگاژۆتر لە پەیوەندی بە پەیکەری کۆمەڵایەتی جێگۆڕکێی پێکراوە، بەڵام زۆر زیاتر لەگەڵ یەکپارچەیی بینای کۆمەڵایەتی دەگونجێت. بەپێی جیاکردنەوەی کانتی نێوان ناوبژیوانی نەرێنی و داوەری کۆتایی نەهاتوو، پڕۆلیتاریای دواکەوتوو لە ڕاستیدا نەک کەسێک لە دەرەوەی گرووپ (نەرێنی لەدەرووندا ماوەی گروپێک، گرووپێک کە کەسێکی دەرەوەی گرووپە)، بەڵکو گرووپێک نییە و لابردنی لە هەموو چینەکاندا نەک تەنها ناسنامەی گرووپەکانی تر یەکپارچە دەکات، بەڵکو هەروەها بۆ توخمی ئازاد و لێهاتووی دەگۆڕێت، کە دەکرێت هەموو چینێک سوودی لێوەربگرێت. دەکرێت پڕۆلیتاریای دواکەوتوو بەشێک بێت لە کەرنەڤاڵی ڕادیکالیزە بووی خەباتی ئەو کرێکارانە کە لە ستراتیژیەتەکانی سازشکارانە و میانەڕەو بەرەو ڕوبەڕوبوونەوەی کراوەتریان دەبات، یان بەشێک کە بەهۆی چینی باڵادەست بۆ سەرکوتکردنی نەیارەکانیان سوودی لێوەردەگرن (نەریتی دوورو درێژی خزمەتی گرووپە خراپەکارەکان بۆ فەرمانڕەوایان) چینی کرێکار، لە بەرامبەردا، گرووپێکە کە لە خۆیدا وەکو گرووپێک لە بنەمای کۆمەڵایەتی، غەیرە گرووپێکە، بە دیوێکی دیکەدا، گرووپێک کە پێگەی لەخۆیدا لێکدژی هەیە؛ چینی کرێکار هێزی بەرهەمهێنە کە کۆمەڵگا (فەرمانڕەوایان) بە مەبەستی بەرهەمهێنانەوەی

خۆی و فەرمانڕەوای خۆی پێویستیان پێیانە، بەڵام بەم حاڵە، ناتوانرێت شوێنێکی شایستەیان بۆ بدۆزنەوە.

ئەم کارە ڕێنماییمان دەکات بۆ سەرزەنشتی سەرەکی لاکلاو لە ڕەخنەی مارکسی ئابوری سیاسی: ئابوری سیاسی زانستی «ئەنتیک» و ئەرێنیە، کە سنووری بەشێک لە ڕاستی کۆمەڵایەتی ماددی دیاریدەکات، بەمەش بە تۆکمەکردنی ڕەخنەی ئابوری سیاسی لەسەر سیاسەتی ڕزگاری بەخش (یان بە دەربڕینێکی تر، ڕازی بوون بە ئیمتیازی پاوانکاری بۆ خەباتی چینایەتی)، لە ڕاستی مادیدا کاری سیاسی بۆ دیاردەی لاوەکی دادەبەزێت. ڕوانگەیەکی وا ئەو شتەی تێدا نییە، کە دێرێدا بە ڕەهەندی تارمایی ئاسای ڕەخنەی ئابوری سیاسی مارکسی دانا، سەرووتر لە ئاڕاستەکردنی بوون ناسی پەراوێزێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو، ڕەخنەی ئابوری سیاسی پیشانی دەدات کە چۆن ئەم بووناسیە بەردەوام لەگەڵ (haunt logy) زانستی ڕۆحەکان، تەواو دەبێت، ناوێکە مارکس لە وردەکاری میتافیزیکی و مەعنەوی جیهانی کاڵاکانی ناوە.

ڕۆح یا تارمایی، درووست لە دڵی ڕاستی ئابوریدا جێگیر دەبێت، هەربۆیە، بازنەی ڕەخنەی مارکس بە ڕەخنەی ئابوری سیاسی دەبەسترێتەوە. تێزی بەرایی مارکس، لە بەرهەمە بەراییەکانی، ئەوە بوو کە ڕەخنەی ئایین خاڵی بەرایی هەر ڕەخنەیەکە، لەم خاڵەوە، بە ڕەخنەی دەوڵەت، سیاسەت و سەرەنجام بە ڕەخنەی ئابوری سیاسیدا تێپەڕی. ڕەخنەیەک، بۆچوونێکی بۆ ڕوانین لە بنچینەترین میکانیزمی بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵایەتی پێدەدای. هەرچەند، لەم کۆتاییەدا، بزاوت و جوولانەوە دەبێت و لە بازنەدا بۆ خاڵی بەرایی دەگەڕێتەوە، بە دەربڕینێکی دیکە، هەمان ڕەهەندی خواییە لە ناخی ئەو واقیعیەتە تاڵەدا ئاشکرا دەبێت. کاتێک کە مارکس سوڕانەوەی

خۆزیادکەری شێنانەی سەرمایە شرۆڤە دەکات، کە ئاڕاستەی پڕباری ئەمڕۆ لە نەهێشتنی گومانی سەرەوە ڕەنگدانەوەیەک لە بابەتی داهاتوو گەیشتووەتە لوتکەی خۆی، ئەو ئیدیعایەی ڕۆح، ئەو زەبەلاحەی خۆبەرهەمهێن کە بێ سەرنجدان لە مرۆڤ یا دەورووبەر ڕێگاکەی دەگرێتەبەر، دەرهەستەیی ئایدۆلۆژیە و لەودیو ئەو دەرهەستەیە، خولانەوەی سەرمایە بەسەر توانا و سەرچاوەی بەرهەمهێنانی مرۆڤە واقیعی و شمەکی سروشتی وەستاوەتەوە و وەکو ئەنگڵی زەبەلاح هێزیان لێوەردەگرێت، زۆر سادە ڕوانینانەیە.

کێشە، واقیعی بونی ئەم دەرهەستەیە لە چەمکی وردی دیاریکردنی بنەمای تەواو ماددی پڕۆسە کۆمەڵایەتییەکان، دەرهەستەیەک کە تەنها بەدحاڵیبوونمان (مامەڵەکارانی دارایی) لە ڕاستی کۆمەڵایەتیدا جێگای نییە. چارەنووسی تێکڕای چینەکانی مرۆڤایەتی و هەندێکجار هەموو وڵاتان دەتوانن لەلایەک سەمای تاک و بازرگانانەی سەرمایە دیاری بکرێت، کە لە جیاوازی نەکردنی سەرخۆشانەی چۆنیەتی کاریگەری بەسەر ڕاستی کۆمەڵایەتی تەنها بیر لە قازانج دەکاتەوە. لێرەدا توندوتیژی سیستەمی و بنەمای سەرمایەداری جێگیرە.

لە توندوتیژی سۆسیۆلۆژی داوەری نەکراوی پێش سەرمایەداری زۆر گوماناوینرە. توندوتیژییەکەی تر شایانی پێوەندی نییە بە کەسە واتاییەکان و ئامانجی زیرەکییانەوە، بەڵکو بە پەتیی، واتایی، سیستەمی و بێ ئاماژەیە. لێرەدا ڕوبەڕووی جیاوازی لکاندنی واقیعیەت و کاری ڕاستەقینە دەبینەوە: واقیعیەت، ڕاستی کۆمەڵایەتی خەڵکانی ڕاستەقینەیە، کە گیرۆدەی پڕۆسەی لایەنێکی کڕیار یان فرۆشیار و بەرهەمهێنەرن، لە کاتێکدا کاری ڕاستەقینە، لۆژیکی ئاڵوگۆڕی نەبو، تارمایی ئاساو دەرهەستەیی سەرمایەیە، کە ڕەوتی ڕاستی کۆمەڵایەتی دیاری دەکات.

لەو کاتەدا ئاماژەی ڕەخنەی ئابوری سیاسی فەرامۆش نەکەین: ئابوری بە جۆرێک لەخۆیدا، سیاسییە، بەمەش ناکرێت شەڕی سیاسی بۆ دیاردە یان ئاکامی مامناوەندی پڕۆسەیەکی ئابوری- کۆمەڵایەتی بنەمایی تر دابەزێنێت. دژایەتی چینایەتی لای مارکس، ئامادەیی کاری سیاسی درووستە لە دڵی ئابوریدا، هەر لەبەر ئەوە کاتێک کە لە نوسینی بەرگی سێیەمی سەرمایە ڕوویدا، ڕێک کاتێک گرنگە، کە مارکس بەنیاز بوو ڕاستەوخۆ لە دژایەتی چینایەتی بکۆڵێتەوە. ئەو کاتە لەدەستدان یان نیشانەی شکست نییە، بەڵکو ئاماژەیەکی لاری ئەو هێڵە فکرییەیە لەسەر ڕووی خۆی و گۆڕانی بۆ ڕەهەندی ئامادەیە.

شەڕی چینایەتی سیاسی و هەمان سەرەتا لە هەموو شیکارەکاندا بڵاودەبێتەوە؛ کۆمەڵێکی ئابوری سیاسی (بە دەستەواژەیەکی تر بەهای هێزی کاری کاڵایی یان ڕادەی قازانج) نەک زانیاری واتایی ئابوری – کۆمەڵایەتی، بەڵکو ڕێنمایی هەمیشەیین بۆ وەدەرنانی ململانێی سیاسی و ڕێکەوت، پێدەچێت لاکلاو لە پێوەندی بە کاری ڕاستەقینەی نێوان بۆچوونی ڕواڵەتیی کاری ڕاستەقینە وەک ئەنتاگۆنیزم و باوەڕی ئەزموونی تری ڕاڕایە، کە ناکرێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕواڵەتیی دابەزێت: (ڕوبەڕوبوونەوەی ئەلف – با هەرگیز بۆ بەرەنگاربوونەوەی «جگە لە ئەلف – ئەلف» ناگۆڕێت. با واتا بونی با، سەرەنجام دیالێکتیزە نابێت. خەڵک بەردەوام شتێک لە سەرووی نەیاری دەسەڵاتەوەیە. ڕاستییەک لە خەڵکدا هەیە کە بەگژ یەکپارچەکردنی هێمادا دەچێتەوە.

پرسیاری گرنگ ئەوەیە کە تایبەتمەندی زێدەبایی خەڵک، لە سەرووی دژایەتی دەسەڵات، چییە، یان چ شتێک لە خەڵکدا بەگژ یەکپارچەکردنی هێمادا دەچێتەوە؟ ئایا هۆکار تەنیا دیاریکردنی زۆری ئەو (ئەزموونی هێند)

نییە؟ ئەگەر بەمجۆرەیە، ئەوکاتە ئێمە ڕوبەڕووی کاری ڕاستەقینە نابینەوە کە لە بەرامبەر یەکپارچەکردنی هێمایین دەوەستێنەوە (چونکە کاری ڕاستەقینە، لێرەدا، ڕێک شەڕ «جگە لە ئەلف - ئەلف»ە بەمەش «ئەوەی لە بادا زیاتر «جگە لە ئەلف» هەیە)، کاری ڕاستەقینەی هەبوو لە بادا نییە، بەڵکو دیاریکردنی هێماییینی بایە.

لە ئەنجامدا، سەرمایەداری تەنها کۆمەڵەیەک نییە، کە سنور بە دەوری مەیدانێکی کۆمەڵایەتی ئەرێنیدا دەکێشێت، بەڵکو مانرسی ڕووکەشی باڵادەستیە کە تێکڕای فەزای کۆمەڵایەتی ڕێکدەخات، بە دەربڕینێکی دی، سەرمایەداری شێوازێکی بەرهەمهێنانە.

دەسەڵاتەکەی، لە لاوازییەکەیدایە؛ سەرمایەداری، بە مەبەستی خۆدزینەوە لە بەرەنگاربوونەوەی ئەنتاگۆنیزمی بنەمایی و ناهاوسەنگی ستراکتۆریەکەی، ناچارە بە جووڵەی جێگیرو ئارامگرتن بکەوێتە بەردەم بارودۆخی شپرزەیی بـەردەوام. بەم ڕێگایە، سەرمایەداری بە جۆرێک بووناسانەی کراوەیە و خۆی لە زاڵبوونێکی هەمیشەیی بەسەر خۆیدا بەرهەم دێنێتەوە، گوایە قەرزداری داهاتووی خۆیەتی، قەرزی لێوەردەگرێت و بەردەوام ڕۆژی دانەوەی دوادەخات.

## مارشی تورک

ئەوە دەرەنجامی تێکڕایی دەبێت، هەرچەند وتەزای پۆپۆلیزم لە دوورنوێنی سیاسی ئێستا گرنگ بووە، بەڵام ناکرێت وەک بنەمایەک بۆ زادەی سیاسەتی ڕزگاری بەکار ببرێت. سەرەتا دەبێت سەرنج لە جیاوازی پۆپۆلیزمی ئەمڕۆ لەگەڵ جۆری باوی بدەین.

لایەنی نەیار، ڕووی جیاوازیانە کە خەڵک لە بەرامبەریدا دەجوڵێنرێن: سەرهەڵدانی پۆست سیاسەت، داشکاندنی سیاسەت بۆ بەڕێوەبردنی عەقڵانی بەرژەوەندی لێکدژ. لانیکەم پۆپۆلیزم لە وڵاتانی پێشکەوتووی ئەورووپای خۆراوا و ئەمەریکا، وەک سێبەرێکی خۆیی پۆست سیاسەتی دامەزراوەیی، دەردەکەوێت؛ دوودڵ دەبین پۆپۆلیزم بە تەواوکەری پۆست سیاسەت، بە تێگەیشتنی درێداییەکەی بزانین، مەیدانێک کە دەکرێت تێیدا خواستە سیاسییە ناتەباکان و فەزای دامەزراوەیی پێکەوە ببەسترێنەوە. لەم چەمکەدا، سۆفیگەرێتی بنەمای هاوپێوەندی پۆپۆلیزمە. ئاماژە بنچینەییەکەی پێویستی نەبونە بە ڕوبەڕوبوونەوە بە ئاڵۆزی و دابەزاندنی بۆ شەڕێکی ڕوونی گەڵ دوژمنێکی واتایی درۆیین (لە بۆرۆکراسی برۆکسلەوە تاکۆچبەرانی نایاسایی) ە. لە ئاکامدا، بەپێی پێناسە، پۆپۆلیزم دیاردەیەکی نەرێنیە، دیاردەیەک کە بنچینەکەی لەسەر پێویست نەبوون و یان تەنانەت لە پەسەندکردنی ناوەوەیی لاوازە.

هەمووان ئەو نوکتە کۆنە دەزانین، ئەو پیاوەی لەژێر گڵۆپەکانی شەقامەکەدا بەدوای کلیلەکانیدا دەگەڕا، لە وەڵامدانەوەی پرسیاری کە کلیلەکانی لەکوێ بزر کردووە، گوتی، لە کونجێکی تاریک، کەوایە بۆچی لە ڕووناکیدا بە دوایاندا دەگەڕا؟ چونکە دەیتوانی لە ڕووناکیدا باشتر ببینێت. بەردەوام گەمژەییەکی وا لە پۆپۆلیزمدا هەیە. بەمەش نەک تەنها پۆپۆلیزمی ڕواڵەتی بۆ وەدیهاتن پێشنیازە ڕزگاری بەخشەکانی ئەمڕۆ نییە، بەڵکو دەبێ لە هەنگاوێکی زیاتردا بگوترێت کە ئەرکی سەرەکی سیاسەتی ڕزگاری بەخشی ئەمڕۆ، مەسەلەی ژیان و مردنی، دۆزینەوەی شێوەیەک لە بزاوتی سیاسیە کە هەرچەند (وەک پۆپۆلیزم) ڕەخنە لە سیاسەتی ناوەندی دەگرێت، بەڵام دەبێت خۆمان لە ڕاڕایی پۆپۆلیزم بە دوور بگرین.

ئێستا ئەمانە پەیوەندییان بە بارودۆخی ئاڵۆزی ئەوروپاوە چییە؟ نزیکیەکی ئاشکرا لە بەرامبەر هەلومەرجێک بۆ دەنگدەرانی فەرەنسی نەخرایەڕوو کە بەڵێی نایاب کرد.

بژاردەی پێشنیازی دەسنەبژێران بۆ خەڵک بژاردە نەبوو، خەڵک بە ناچاری بانگکراون دەنگ بدەن، واتای هەمان دەرەنجامی شارەزای گەشبینانە. میدیاکان و دەسنەبژێرانی سیاسی هەڵبژاردنیان لەبری هەڵبژاردنی نێوان زانایی و نەزانیان خستەڕوو، لەنێوان کارزانی و ئایدۆلۆژی، لەنێوان بەڕێوەبردنی پۆست سیاسی و ئارەزووی کۆنی سیاسی چەپ و ڕاست. بەمەش نە وەک کاردانەوەیەکی تەسکبینانە و نائاگا لە ئاکامەکانی وەلانرا، کاردانەوەی ترسناک و سەرچاوەگرتوو لە ترسی سیستەمی جیهانی پۆست تەکنەلۆژی لە سەرهەڵداندا، غەریزەیەکی بۆ پاراستنی نەریتە ئارامی بەخشەکانی دەوڵەتی خۆشگوزەران، ئاماژەیەکی پێویستی نەبوونی شتێ، کە هیچ جۆرە بەرنامەیەکی ئەرێنی تێدا نەبوو. جێی سەرسووڕمان نییە کە تەنها ئەو حزبە سیاسیانە هەڵوێستی نەرێنیان وەرگرت کە کەوتبوونە دوولای کۆتایی جەمسەری سیاسییەوە: بەرەی میللی لوین لە ڕاست و کۆمۆنیستەکان و ترۆتسکیستەکان لە چەپ.

لەگەڵ ئەوەشدا، تەنانەت ئەگەر ئەو چیرۆکە تۆزێک ڕاستی تێدا بێت، ڕاستە کە سیاسییەکان لە ڕوانگەیانەوە جیاواز و گونجاو و پشتیوانی لەو (نە)یە ناکەن، ڕەنگە پتەوترین مەحکوم بۆ دەسنەبژێرانی سیاسی و میدیاییەکان، کۆڕیاد بێ بۆ لاوازی جومگەبەندی و تەرجومانی ئارەزوو ناڕەزاییەکانی خەڵک بۆ بۆچوونێکی سیاسی.

لەگەڵ خەڵک وەک ئەو بەردەستە کەم زەینانە ڕەفتارییان کرد، کە ئامۆژگاری وەستاکەیان لەگوێ نەدەگرت؛ ڕەخنەیان لەخۆیان، قبووڵکردنی

ناکامی دەرس وتنەوەی مامۆستای بۆ قوتابیانی هەڵگرتبوو. ئەوەی بەرگری لە تێزی ئاگادارکردنەوە ( نە ی ئەڵمانی و فەرەنسی مانای شکستی دەستەبژێرانە لە پێدانی زانیاری گونجاوو بە جەماوەرە) ناتوانێت بزانێت کە ئەم نەیە نموونەی لەسەدا سەدی پەیوەندیە، کە تێیدا هەروەک لکێندراوەکان دەربڕی، گێڕەوەی پەیام چ بە پێچەوانە یان ڕاستی لە دوێنەری خۆی وەردەگرێت؛ بۆرۆکراتەکانی گەشبینی ئەوروپی، ڕواڵەتی بوونی پەیامەکەیان بۆ دەنگدەران لە کاتی ڕاستیدا ئەوەیان زانی. پێشنیازی یەکیەتی ئەوروپا کە فەرەنسا هۆڵەندا ڕەتیانکردەوە، ئاماژەی پیلانێکی قێزەون بوو، گوایە ئەوروپا دەتوانێت خۆی ڕزگار بکات و بەهۆی متوربەکردنی باشترینەکانی هەردوو جیهان بەسەر ڕکابەرەکانیدا سەرکەوێت، واتا بەشکانی ئەمەریکا، چین و ژاپۆن لە بوژانەوەی زانستی و تەکنەلۆژی، نەریتە کەلتورییەکانی بە زیندوویی دەهێڵێتەوە. دەبێت پێداگرانە ڕای بگەیەنێت کە ئەگەر ئەوروپا خوازیاری ڕزگاربوونە دەبێت ئامادەبێت مەترسی لەدەستدانی (بردنە ژێر پرسیاری ڕیشەیی) هـەردووک قبوڵ بکات: سڕینەوەی بنی پێشکەوتنی زانستی -تەکنەلۆژی و خۆ بەدوورگرتن لە پشتبەستن بە بەرزەتری میراتە کەلتوریەکەی.

کەوایە، ئەم هەڵبژاردنە، لەنێوان دوو هەڵبژاردنی سیاسی و ڕوانگە گەشبینەکانی ئەوروپای مۆدێرن نەبوو، واتا ئامادەیی گونجان لەگەڵ سیستەمی نوێی جیهانی و ئارەزووی سیاسی ئاڵۆزی کۆن. ڕاڤەی ئەو نەیە وەک ترسێک داماوی هەڵە بوو. ترسی سەرەکی ئاڕاستەی دەستەبژێرانی سیاسی نوێی ئەوروپایە، ترس لە نەکڕینی ڕوانگەی پۆست سیاسیان بۆ سەرنجڕاکێشانی خەڵک.

ئەو نەیە بۆ هەمووان، دەربڕی هیوایە، هیوا بە زیندوو بوون و

ئەگەری سیاسەت، هیوا بە کرانەوەی باسوخواس لەسەر چییەتی ئێستا و داهاتووی ئەوروپای نوێ. هەربۆیە ئێمە، لە باڵی چەپ، دەبێت لە درکەیەکی گاڵتەجاڕانەی لیبراڵەکان بگەین، درکەیەک کە دەڵێت ئەو نەیە دەبێتە مایەی هاوپەیمانی ئێمە و فاشیستە نوێیەکان. ڕاست پۆپۆلیستی نوێ و چەپ تەنها لە شتێکدا هاوبەشن: ئاگاداربوون لە زیندوویی خودی سیاسەت.

هەڵبژاردنی ئەرێنی لەو نەیەدا هەیە: هەڵبژاردنی خودی هەڵبژاردن، سەرپێچی لە باجدان بە دەستەبژێرانی نوێ کە تەنها هەڵبژاردنێک پشتگیری زانستی پسپۆڕانەیان یان نمایشی پێنەگەیشتوویی ناعەقلانی ئێمە {چەپەکان}ە کە دەیخاتەڕوو. ئەو نەئە بڕیاری ئەرێنی دەسپێکی گفتوگۆی سیاسی بە قازانجی ئەوروپایە، کە ئێمە لە ڕاستیدا بۆی خوازیارین. فرۆید لە کۆتایی تەمەنی لە قبوڵکردنی سەرسامی خۆی لە ڕوبەڕوبوونەوە بە ئاڵۆزی ڕەگەزی مێینە پرسیارێکی گرنگی کرد، ژن چی دەوێت؟ ئایا واق وڕمان لە قبوڵکردن یان قبوڵ نەکردنی دەستوری ئەوروپا، شایەنی نییە بەسەر ناڕوونی یەکسانەوە: ئێمە خوازیاری کام ئەورووپاین؟

سرودی نافەرمی یەکییەتی ئەوروپا، کە لە زۆربەی ڕووداوە سیاسی، کەلتوری و وەرزشییەکان دەبیسترێت، میلۆدی «چەکامەی سرور» (Ode to Joy)، لەدوای مومان سەمفۆنی نۆیی بتهۆڤن وەرگیراوە، دالێکی کۆتایی ڕاستەقینەیە، کە دەکرێت هەموو شتێک پێشان بدات.

لە فەرەنسا، رۆمـان ڕۆلان لە ساڵی 1938 کردیە سروودێکی مرۆڤایەتی بۆ هاوڕێیەتی هەموو خەڵک (مارسیلیزی مرۆڤایەتی)، لە لوتکەی فیستڤاڵی مۆسیقای ڕایش (Reich›s musk tag) و هەروەها بۆ لەدایکبوونی هیتلەر لێدرا؛ لەکاتی شۆڕشی کەلتوری چین، لە فەزای کردنە دەرەوەی کلاسیکەکانی ئەوروپا، وەک پارچەیەک بۆ شەڕی چینایەتی پێشڕەو و

پارێزراو لە ژاپۆن بۆتە بابەتی ئایینی کە لەکاتی ئازاری پێکهاتەی کۆمەڵایەتی تێکەڵی پەیامی چێژ کراوە.

تاساڵی 1970، واتا کاتێک کە تیمەکانی ئۆڵەمپیکی ئەڵمانیای خۆرهەڵات و ئەڵمانیای خۆراوا ناچاربوون لە چوارچێوەی تیمێکدا یاری بکەن، (چەکامەی سرور) لەکاتی پێدانی مەدالیای زێڕ بە ئەڵمانیا لێدەدرا و هاوکات ڕژێمی نەژادپەرستی ڕۆدزیا بە سەرۆکایەتی یان سمیث، کە بە مەبەستی پاراستنی ئاپارتاید لە دەیەی 1960دا سەربەخۆیی ڕاگەیاند، ئاوازی هاوشێوەی بۆ سرودی نیشتمانی هەڵبژارد. تەنانەت ئابی مایڵ گازمان، سەرۆکی نوێ (ئێستا لە زیندان) سیندیرۆ لۆمینۆسۆ {حزبی کۆمۆنیستی پیرۆ، ناسراو بە ڕێگای درەوشاوە. و. ف}، لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی کە چ مۆسیقایەکی پێخۆشە، ئاماژەی بە (مومان) چوارەم سەمفۆنیای نۆیی بتهۆڤن کرد. بەمەش، بە ئاسانی دەتوانین ژەنینێکی خەیاڵی ئەو مۆسیقایە وێنا بکەین، کە تێیدا تەواوی دوژمنانی سوێندخۆر، لە هیتلەرەوە تا ستالین، لە بۆشەوە تا سەدام، بۆ ماوەیەک دوژمنکارییەکانیان خستۆتە لاوە، لە ساتێکی سیحراویدا، لە برایەکی جوان ناسیەوە دەبنە شەریک.

بەم حاڵە، پێشئەوەی وەک پارچەیەک بەلای مومانی چواردا، تێپەڕین، کە لە بەکارهێنانی کۆمەڵایەتیدا خەوشداربوو، سەرنج لە هەندێک تایبەتمەندی بنەماییەکەی دەدەین. لە ناوەڕاستی مومان، دوای میلۆدی سەرەکی کە لە سێ ئۆرکسترا و سێ واریاسۆن ئاوازی لێدەدرێت، لە یەکەم خاڵی لوتکە، شتێکی چاوەڕواننەکراو ڕوودەدات، کە لە یەکەم ژەنیندا پێش 180 ساڵ، ڕەخنەگرانی ئازاد: لە ڕادەی 331، ئاوازەکە بەگشتی دەگۆڕێت و لەجیاتی بەردەوامی ڕۆحانی، تیمی (Joy) لە شێوەی مارشی تورک، وەرگیراو لە مۆسیقای سەربازیدا ڕێکخراو بۆ سازە هەواییەکان و کوپلەیەک

دووباره دەبێتەوە، کە لە سەدەی هەژدە سەربازە ئەوروپییەکان لە سەربازە عوسمانییەکانیان وەرگرت.

شانۆی جمک بە لاسایی و گاڵتەجاڕی، وەک ڕێزی هەمووان و کەرنەڤاڵ ئاسا، پاشان هەموو شتێک چەواشە دەکرێت؛ چیتر بەرهەمێک لە شکۆی ڕۆحانی بەخشی یەکەمی مومان نییە، دوای ئەو بەشە «تورک» لەکن مومانی ڕوون، لە گەڕانەوەیەک بۆ پەنهانترین ئاناتی ڕۆحانی، مۆسیقای کۆراڵئاسا (کە بەناوی گەڕانەوەی گریگۆرییایی لەلایەن ڕەخنەگرانی دەرکراو) هەوڵدەدات وێنایەکی بەرز لە ملیۆنان مرۆڤ ئاراستە بکات، کە لە ئامێزی یەکتردا چۆکیان داداوە و لە ترس و ڕێزدا لە ئاسمانی دوور، دەگەڕێن باوکی میهرەبانیان بدۆزنەوە، خوایەک دەخاتە ڕوو، کە دەبێت لە بەرزایی ئاسمانی پڕ ئەستێرە شوێنی نیشتەجێبوونی هەڵبژاردبێت گەرچی بە زەین دەگات کە وشەی muss بەرایی لەلایەن باسەکان جێبەجێ و پاشان بەهۆی تێنۆرەکان و ئالتۆکان و سەرەنجام بەهۆی سۆپرانۆیەکان دووباره دەبێتەوە، مۆسیقا بێجووڵە دەمێنێتەوە، بەڵام گوایە دووباره بانگکردنەوەکە، هەوڵێکی بێئومێدانەیە بۆ قایلکردنی ئێمە (بۆ خۆی) ئەوەی دەیزانێت ڕاستی نییە، دێڕی (دەبێت لەوێ باوکی میهرەبان شوێنێکی بۆ نیشتەجێبوون هەڵبژاردبێت)» B, p. 109»ی دەبێتە پاڕانەوەیەکی بێئومێدانە و لە ئەنجامدا، ئەو ڕاستیە ئاشکرا دەکات کە بەرزایی ئاسمان هیچی بەسەرەوە نییە: هیچ باوکێکی میهرەبانی لێ نییە بمانپارێزێت و گرەنتی برایەتیمان بێت. لە درێژەیدا، گەڕانەوە بۆ دۆخێکی شادمانانەتر لە پێچراوەی فۆگی دوو ئەوەندە جێی کراوەتەوە، کە لە درەوشانەوەی بە زۆری دەستکردیدا، بە ناچاری درۆیین بە زەین دەگات، سەنتێزی بەڕاستی ساختە، هەوڵی بێئومێدانە بۆ داپۆشینی لەدەستدانی خوای نادیار کە لە بەشی پێشوو ئاشکرا بوو. بەڵام دوا کادینزا

سەیرترینیانە، کە نەک لەو بتهۆڤنە ، بەڵکو زیاتر هاوشێوەی نوسخەیەکی هەڵامساو لە Abduction form the Seraglio، بەرهەمی مۆزارتە کە ڕۆکۆکۆییانە متوربەی تۆخمەکانی تورک و نمایشی زووتێپەڕ کراوە.

(با تیۆری ئۆپێرای مۆزارت فەرامۆش نەکەین: وێنای فەرمانڕەوای ستەمکاری خۆرهەڵاتی وەک ئاغایەک لەڕاستیدا گەشبین پیشاندەدرێ.) بەشی کۆتایی، بەمشێوەیە، متوربەی نائاسایی لە ڕۆژهـەڵات ناسی و کشانەوە بۆ کلاسیزمی کۆتایی سەدەی هەژدە، پاشەکشەیەکی دوو ئەوەندە لە کاتی مێژوویی ئێستادا، پەسندکردنی ئارامی دڵسۆزی خەیاڵ وروژێنەری تایبەتمەندی شادمانی برایەکی هەمەگیر. ئەوە تاکە نوایەکە کە بەڕاستی خۆی نۆژەن دەکاتەوە. دژایەتی نێوان پێشڕەوی هێڵێکی زۆر ڕێکی یەکەمی مومان و دۆخی بە پەلەی ناتەباو نەگونجاوی بەشی دووەم، ناتوانێت لەوە حەتمیتر بێت.

جێی سەرسوڕمان نییە کە لە ساڵی 1826، دوو ساڵ دوای یەکەم ڕاپەڕاندن، هەندێک لە گەشنیاران بەمجۆرە بەشی کۆتاییان شرۆڤە کردووە: (ئاهەنگی نەفرەت لە تەواوی ئەوەی پێی دەوترێت شادی مرۆڤایەتی). جەماوەرێکی ترسناک بە هێزێکی پتەو دەردەکەوێت، دڵەکان پارچە پارچە و ئاگری خواوەندی خوایەکان بە گاڵتەجاڕی پڕخرۆش و زەبەلاحیەکەی تەفروتونا دەکات). (B, p. 93) (دیارە ئەم دێڕانەی مانای ڕەخنەگرتن نییە، لە بتهۆڤن تەواو بە پێچەوانەوە، بە شێوازی ئادرنۆیی، دەبێت ناکامی مومانی چوار بە هونەری کامڵی بتهۆڤن دابنرێت: ئاماژەی ڕاستەقینەی شکستی پێشنیازی ڕۆشنگەرانەی برایەتی جیهانگر).

سەمفۆنیای ژمارە نۆ لێوانلێوە لەو شتە کە نیکۆلاس کۆک ناوی دەنێت (هێما بەکارنەبراوەکان): تۆخمە زێدەباییەکان کاریگەری (تۆخمگەلێک کە لە

موماندا ڕوودەداتٛ) بەم مانایە ناکۆکن، گەرچی دیار نییە ئەو مانا زیادەیە چییە (B, p. 103). کۆک لیستی (مارشی پرسەی) لە ڕادەی 513 لە ئەوەی مومانی یەکەم، کئوپڕ کۆتایی مومانی دوو، دەنگە سەربازییەکان لە مومانی سێ، (فانفارەکانی ترس)، مارشی تورک و زۆربەی کاتەکانی مومانی چوار هەژمار دەکاتٛ، بەڵگەی ناوەوەیی هەموو ئەو توخمانە، (سیناریۆی مۆسیقی کەڵەکە کردووە و لێوڕێژی دەکاتٛ) (B, p. 103).

ماناکەیان بە ئاسانی، بەهۆی لێکدانەوەی ئامانجی ئاشکرا لە ڕواڵەتی (سیناریۆی مۆسیقی) زاڵ، مانایەکی پێشتر جێگیرکراوی هەبێتٛ (ئاهەنگی خۆشی، برایەتی هەموان و هتد)، پێشتر مانای ئەو توخمە نەدراوە و لە جۆری دیارینەکردنی مەجازی لێهاتووە. گوایە ئێمە دەزانین لەوێ مانایەک پەنهانە (یان دەبێ ببێتٛ) بێئەوەی کە هەرگیز بتوانین چییەتی ئەم مانایە بسەلمێنین.

ئێستا چارەسەر چییە؟ تاکە چارەسەری بنەڕەتی، گۆڕینی تێکڕای تێڕوانین و خستنەڕووی بەشی یەکەمی مومانی چوارە لەبری کاری مەسەلە ساز. لەڕاستیدا، سەرەتای لادان، تەنها ڕادەی 331، بە چوونە ناوەوەی Marcia Turca نییە، بەڵکو هەر لەبەراییەوە هەموو شتێک خەوشدارە. دەبێتٛ قبوڵی بکەین کە ساختەکاری بێگیان لە (چەکامەی سرور)دا هەیە، لە ئەنجامدا، پشێوی دوای ڕادەی 331، جۆرێک گەڕانەوەیە بۆ کاری کپ کراو، سمپتۆمی کە لە هەمان سەرەتاوە نادرووستٛ بوو. چ دەبێتٛ ئەگەر لە نوێووە ڕووبەڕووی ببینەوە و نادرووستەکاانی بیخەینە لاوە؟

ئایا ئەمڕۆ ئەوروپا تووشی بارودۆخێکی لەو چەشنە نییە؟ دوای بانگهێشنکردنی ملیۆنان کەس، لە بەرزترین تا نزمترین بۆ لەئامێزگرتنی یەکتری، پارچەی دووەم بە شومی کۆتایی دێتٛ: (بەڵام ئەو کە ناتوانێتٛ

دڵخۆشی بکاتن، یا لە پەنایەک بگری) . تەنزی (چەکامەی سرور)ی بتهۆڤن، وەک سرودی نافەرمی ئەوروپا، کە ئامادەیی تورکیا هۆکاری قەیرانی ئێستای یەکیەتیەکەیە. بەپێی زۆرینەی دەنگەکان، ئەندامیەتی تورکیا هۆی سەرەکی دژایەتی کەسانێک بوو، کە لە دوا ڕاپرسی فەرەنسا و هۆڵەندا وەڵامی نەرێنیان دایەوە. دەکرێت ئەو نە یە ڕەگی لە ڕاستی پۆپۆلیستدا هەبێ (نە بە هەڕەشەی تورکیا بۆسەر کەلتورەکەمان، نە بەکرێکارانی هەرزانی تورک) یا لە فرە کەلتوری لیبراڵ (تورکیا ڕێی هاتنەژورەوەی پێنەدراوە؛ شێوەی مامەڵەی لەگەڵ کوردەکان ئاماژەی نەپاراستنی مافەکانی مرۆڤە)، لە ڕوانگەی دژەوە، بەڵێ بە هەمان ناتەواوی دوا کادینزای بتهۆڤنە. ئایا دەبێت تورکیا ڕێی چوونە ژوورەوە بدۆزێتەوە یا دەبێت ڕێپێدراو بۆ پەنهانکردنی خۆی گریان، لە یەکیەتیەکە (Bund) بێت؟

ئایا ئەوروپا دەتوانێت پاش (مارشی تورک) بمێنێتەوە؟ هەروەک کۆتایی سەمفۆنیای ژمارە نۆ، چ دەبێت ئەگەر کێشەی سەرەکی نەی تورکیا، بۆخۆی میلۆدی سەرەکی بێت؟ ئاوازی یەکیەتی ئەوروپا، وەک دەستەبژێرانی تەکنۆکراتی پۆست سیاسی برۆکسل بۆمان دەژەنێت. ئێمە پێویستمان بەمیلۆدیەکی تەواو نوێیە، پێناسەی تازەی خودی ئەورووپا. کێشەی تورکیا، سەرلێشێواووی ئەوروپا لە پەیوەندی بە تورکیا، نەک دەربارەی تورکیا، بەڵکو دەربارەی ئاڵۆزی پێناسەی خودی ئەوروپایە.

تەنگژەی ئێستای ئەوروپا چییە؟ ئەوروپا کەوتۆتە قەپاڵی نێوان ئەمەریکا و چینەوە. هەردووکیان، میتافیزیکیانە، یەکسانن، شێتی نائومێدانەی یەکسان بەتەکنەلۆژیای لغاو پساوو ڕێکخستنەوەی سەرپێیی مرۆڤی مامناوەندی. کاتێک تەکنیک دوورترین قوژبنی دنیای داگیرکردووە و دەتوانێت بیبێتەوە بەرهێنەری ئابووری؛ کاتێک هەر ڕووداوێکت بوێت، لەهەر شوێن و کاتێک کە بتەوێت،

چۆنتان دەوێت بەو خێراییە لەبەردەستە؛ کاتێک کە لە ڕێگای پۆشەری زیندووی تەلەفزیۆنی دەتوانی هاوکات شەڕێک لە بیابانەکانی عێراق و ئۆپێرایەک لە بیجینگ ئەزموون بکەی؛ کاتێک کە لە تۆڕی دیجیتاڵی جیهانی، کات شتێک جگە لە خێرایی، یەکسەرو هاوکات نییە؛ کاتێک کە براوەی تەلەفزیۆنی بە بەرزترین مرۆڤ دادەنرێت. پاشان بەڵێ، پرسیار وەک تارماییەک بەسەر تێکڕایی ئەو هات و هاوارانەوە دەردەکەوێت، بۆچی؟ بۆ کوێ و پاشان چی؟

ئەوروپییەکان هایدگەرئاسا پێویستیان بە ڕوبەڕوبوونەوەی تەئویلیە (Auseinandersetwng)، ڕوبەڕوبوونەوەی ئەوانی دی و هەروەها ڕابردووی خودی ئەوروپا لە ڕوانگەی تـەواوەوە، لە کۆنەوە و ڕەگی جولەکەیی – مەسیحی تا ئەندێشەی دەوڵەتی خۆشگوزەران کە بەم دواییە مرد. ئەمڕۆ ئەوروپا بۆ دوو ئەلگۆ دابەشبووە، مۆدیلی وەک دەڵێن ئەنگلۆساکسۆن، واتا پەسەندکردنی مۆدێرنیزاسیۆن (هاوتای یاسای سیستەمی نوێی جیهانی) و مۆدیلی فەرەنسی- ئەڵمانی، واتا پاراستنی هەرچی زیاتری دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆنی ئەوروپی. ئەو دوو بژاردەیە دوو ڕووی دراوێکن و ئەرکی ڕاستەقینەمان، نەگەڕانەوەیە بۆ جۆری ڕابردووی ئایدیالیە نەڕازی کردنی ئەوروپییەکان بەوەی کە، ئەگەر خوازیارن ئەوروپا وەک دەسەڵاتێکی جیهانی بمێنێتەوە دەبێت بە خێراترین ڕێگای گونجاو خۆیان لەگەڵ مەیلی ئەم دواییەی بە جیهانی بوون بگونجێنن.

هەروەها نابێت ئەو ئەرکە پەیوەست بێ بەوەی، کە لەوانەیە خراپترین بژاردەیە، گەڕان بۆ (سەنتێزی ئەخلاقی) نێوان نەریتی ئەوروپی و بە جیهانیبوون، بە ئامانجی گەیشتن بە کەڵکەڵەی ناونانی بەجیهانی بوون بە ڕووخساری ئەوروپی.

هەر قەیرانێک بەجۆرێک لەخۆیدا، داینەمۆی سەرەتایەکی نوێیە؛ هەر شکانێکی ستراتیژی و کرداری لە لێپرسینەوەی ماوە کورت (بۆ ڕێکخستنەوەی سەرلەنوێی دارایی یەکیەتیەکە و هتد) بە نیعمەتێکی پێچراوە دادەنرێت، دەرفەتێک بۆ پێداچوونەوەی هەموو بنەماییەکان. ئێمە پێویستمان بە بەدەستهێنانەوەی لەکاتی دووبارەکردنەوەین (Wieder – Holung) لە ڕوبەڕوبوونەوەی ڕەخنەیی بە تێکڕای نەریتە ئەوروپییەکان، دەبێت ئەو پرسیارە دووبارە بکەینەوە کە ئەوروپا چییە؟ یا ئەوروپی بوون مانای چییە؟ بەمشێوەیە بەرایی نوێی دانا، کاری دژوار کە ئێمە بە هەنگاونانی نەشارەزایی، ناچارمان دەکات مەترسی گەورە قبوڵ بکەین. هێشتا تەنها ئاڵوگۆڕ نەمانی ئارامییە، گۆڕانی شێوەی پەیتا پەیتای ئەوروپا بەوەی حوکمی یۆنانی بۆ ئیمپراتۆری کامڵبوی ڕۆم هەیە، ئامانجێک بۆ جیهانگەڕی نوستالیژیک بەبێ هیچ هاوپەیوەستییەکی کرداری.

لە سەرووی ئەوەوە، دەبێت دەربارەی گریمانەی لەسەر حەقبونی هایدگەر بخەینە مەترسییەوە، هەر چەند نەک لەمانایەک کە دوورایی بوو، چ دەبێ ئەگەر دیموکراسی دەرووی چوونەدەرەوە نەبێت لەم تەنگژەیە؟ لە یاداشتنەکانی دەربارەی پێناسەی کەلتور، موحافیزکاری گەورە، تی. سی ئەلیۆت بیرمان دێنێتەوە، کە هەندێکجار تاکە ڕێگا، هەڵبژاردنی نێوان دەستەگەرایی و بێباوەڕیە، مادام کە تاکە ڕێگای زیندوو هێشتنەوەی ئایین درووستکردنی درزی دەستەگەریە لە جەستەیدا.

ئەمڕۆ ئەوە تاکە چانسمانە، تەنها بە (درزی دەستەگەری) لە میراتی باوی ئەوروپا، یان جیاکردنەوەی تابوتی هەڵامساوی ئەوروپای کۆن، دەتوانین میراتی زیندوکراوەی ئەوروپا بە زیندوویی بێڵینەوە. دەبێت درزێکی وا ئامانجی گریمانەییمان بکاتە مەسەلە، پێش نوسین دەربارەی

تەنگژەکانی ئێستا کە نەخراونە بەرباس، وەک دیاردەیەک کە زۆرجار وەک سیستەمی نوێی جیهان دیاری دەکرێت و هەروەها پێویستی بە ڕاییکردنە لە ڕێگای (مۆدیرنیزاسیۆن).

دەبێت بە ڕاشکاوی بگوترێت، ئەگەر سەرهەڵدانی سیستەمی نوێی جیهانی، چوارچێوەی بۆ مێزگرد دانەنراوە بۆ هەمووومان بێت، ئەوکاتە ئەوروپا دۆڕاوە، بەمەش تاکە چارەسەر خستنە مەترسیەوە و شکاندنی تەلیسمی چارەنووسمانە. هیچ شتێک نابێت وەک کاری ڕووماڵنەکراو لەو بنەمایە نوێیە قبووڵ بکرێت، نە پێویستی بە (مۆدێرنیزاسیۆن)ی ئابوری و نە بتی پیرۆزی لیبراڵ و دیموکراسی.

بەمەش هەرچەند بۆچوونی جیاواز، یەکپارچەو ڕەوا پشتیوانی لە نەی ئەڵمانی - فەرەنسی ناکا، بەڵام لانیکەم فەزا بۆ سەرهەڵدانی بۆچوونێکی وا دەکاتەوە، بە دەستەواژەیەکی دی، چاڵێک لێدەدات، کە داواکارییەکان، بە پێشنیازی نوێ پڕی دەکەنەوە لە دژایەتی بابەتی پارێزەرانی دەستور سیاسییە، کە بە کردەوە بەربەستی ئەندێشە و خستنەڕووی بارودۆخی نەگەڕاوەی کاری ڕاپەڕاندن.

پەیامی نەی فەرەنسی، بۆ هەمووومان کە گرنگی بە ئەوروپا دەدەین. ڕەتکردنەوەی شارەزایانی گومناو کە لە گورزەی ڕەنگاوڕەنگ و درەوشاوەی فرە کەلتورگەرایی لیبراڵ، کاڵاکانیانمان پێ دەفرۆشن، کاڵاگەلێک کە نابێتە بەربەستی بیرکردنەوەمان. کاتی ئەوە هاتووە کە بە ناچاری ئاگامان لە بڕیاری سیاسی بەجێ بێت بۆ خواستەکانمان. هیچ ئاسۆیەکی گەشبین لەبەر چاوی جوانی ئێمە ئەم کارە ناکات.

ئەم وتارە لەم سەرچاوەیە وەرگێردراوە:

«Ziezk, Slavoj, «Against the Populist Temptation –
.(Critical Inguiry 32 (Spring 2006

# بۆچی سازدانی خەڵکانێک ئەرکی سەرەکی سیاسەتی ڕادیکاڵە؟

نوسینی: ئارنستۆ لاکلاو

ئەو ڕەخنەیە کەمێک سەرسامی کردم، کە سڵاڤۆی ژیژەک لە کتێبی عەقڵی پۆپۆلیستی گرت. دیارە عەقڵی پۆپۆلیستی ڕەخنەیەکی جدی تێڕوانینی ژیژەک بوو، کاردانەوەشی چاوەڕواننەکراو نەبوو. ڕێبازێکی ناڕاستەوخۆی بۆ وەڵامدانەوەی ئەو ڕەخنانە هەڵبژاردووە؛ تەنانەت وەڵامێکی سادەی شێوازی تێفکرین و پێکهاتەی ڕەخنەکەمی نەداوەتەوە؛ لەجێدا، ڕەخنەکانی ئاڕاستەی کتێبەکەم کردووە، کە تەنها کاتێک مانا بەخشە کە سەرەتا هەموو بنەما زارەکییەکانی قبوڵ بکەین، شتێک کە پێشتر، گومانم لێی هەبوو.

ئێستا بۆ ئەوەی کۆتایی بەو هەڤپەیڤینە لێڵ و ئاڵۆزە بێنم، لە ئەسڵی مەسەلەکە دەکۆڵینەوە و ئەوە بیردێنمەوە، کە تێڕوانینی ژیژەک بە نادروست دەزانم و لە باسەکەشدا نادروستی ڕەخنەکانی ژیژەک دەسەلمێنم.

### پۆپۆلیزم و شەڕی چینایەتی

بەشگەلێک لە وتارەکەی ژیژەک دەخەمەلاوە، کە لە ڕیفراندۆمی ئەڵمانیا و فەرەنسای کۆڵیوەتەوە. ئەو بەشانەی کە تا ئاستێک لەگەڵی کۆکم لەجێدا لەسەر بەشە زارەکییەکان قوڵدەبمەوە، لەو جێیانەی کە لە جیاوازی بۆچوونمان دەکۆڵێنەوە. ژیژەک بەمجۆرە دەستپێدەکات کە پۆپۆلیزم لە شەڕی چینایەتی بە باشتر دەزانم (p. 554)، ڕەخنەی لەو بابەتە شتێک جگە لەڕەوشێکی بێمانای بردنە پێشی بەڵگەکان نییە. بەپێی بۆچوونێکی

وا، پۆپۆلیزم و شەڕی چینایەتی دوو شتی کردەیی و هەبوون، کە دەبێت لە هەر دوو یەکێکیان هەڵبژێرین. درووست وەک کەسێک کە بڕیار دەدات ئەندامی تیمێکی فوتبۆڵ یان ئەندامی حزبێک بێت.

مەسەلەی سەرەکی ئەوەیە کە گومانم لە خەڵک (people) و گومانم لەمارکسیزمی کلاسیکی چەمکی شەڕی چینایەتی، لەڕاستیدا دوو شێوازی جیاوازی تێگەیشتنی تەرزی هەڵسەنگاندن و ئامادەکردنی ناسنامەی کۆمەڵایەتیە، بۆیە ئەگەر گومانێکم ڕاستبێت، دەبێت ئەوی دی بخرێتە لاوە، یان لانیکەم دەبێ گومانێکم متوربەی تیۆری نوێ بکرێت و پێناسە بکرێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ژیژەک وەسفێکی جوانی خاڵی جیاوازی ئەو دوو تێڕوانینە ئاڕاستە دەکات:

ململانێی چینایەتی بوونی گروپێکی کۆمەڵایەتی تایبەت (چینی کرێکار) وەک هۆکاری سیاسی نایاب گریمانە دەکات؛ ئەو ئیمتیازە بۆخۆی بەرهەمی مململانێی هەژمۆنیک نەبووە و لەسەر پێگەی کۆمەڵایەتی واتایی چینی کرێکار وەستاوەتەوە، ململانێی سیاسی - ئایدۆلۆژی بەو ڕێگایە سەرئەنجام پرۆسە کۆمەڵایەتییە واتاییەکان، دەسەڵاتەکان و لێکدژییەکانیان، بۆ دیاردەی مامناوەندی دادەبەزێت.

لە بەرامبەردا، ڕاستی لای لاکلاو هەڵکشانی جۆرێکی تایبەتی ململانێی هاوسەنگە بۆ هەموو جۆرەکانی شەڕ، نەک ڕاستێکی پێشتر پەنهان، بەڵکو دەرەنجامی ململانێی سیاسی شیمانەییە بۆ هەژمونی. دەکرێ ئەو ململانێیە لە سیستەمێکدا، شەڕی چینایەتی بێت، لە سیستەمێکی تردا جەنگی شاراوەی دژی ئیمپریالیزم و تەنانەت لە سیستەمێکی دیکەدا ململانێی ئەنارشیستیە بۆ لێکبوردەیی کەلتوری. هیچ پێویستیەکی دەروون خۆیی لە ململانێیەکی تایبەتیدا نییە، کە پێشتر دەوری هەژمۆنیک، وەک

هاوسەنگی گشتی بداتە هەموو شکڵەکانی دەرهەستەیی، (p. 554).

گەرچی وەسفێکی وا جیاواز لەنێوان تیۆری لەسەر بنەمای شەڕی چینایەتی و تیۆرەکەی من بە ئاشکرا ناتەواوە، بەم حاڵە، لە شرۆڤەی ناباو ڕازیم، کە نەخشەی جیاوازی بنەمایی نێوان ئەو دوو تێڕوانینەی کێشاوە. لەڕاستیدا ژیژەک ئاماژە بە تایبەتمەندییەکانی پۆپۆلیزم دەکات، کە سەرنجم لێ نەدابوون. گەرچی من ئاماژەم بە سروشتی پووچی دالی گەورە کردبوو، کە دوژمن بەرجەستە دەکات، بەڵام لە نیمچە خرانە سەریەکی (Pseudo concreteness) فیگۆریم نەکۆڵیبۆوە، کە دوژمنێکی وا بەرجەستە دەکات. دەبێت دانی پێدابنێم هیچ بنەماو بنچینەیەکم لە تۆمەتبارکردنی ژیژەک نەدۆزیەوە. هەموو شیکارەکەم لەسەر ئەو بنەمایە وەستابۆوە کە هەرجۆرە فەزایەکی سیاسی - گوتاریی بەردەوام لە ڕێگای پڕۆسەی دوالیزمی ساختەکاری دەکرێت، پڕۆسەیەک کە پووچبوون لە ناویدا {دالی گەورە} وردەکاری دالێکی خرانە سەریەکی لاواز دەکات و لە بەرامبەردا، وردەکارییەکی وا بەپێدانی پەیکەری بەرجەستەکەر و پێویست بە تێکڕایی، ڕەفتاری بەرامبەر لەخۆی دەردەخات.

من هەژمۆنیکم بە پەیوەندیەک پێناسەکرد، کە وردەکارییە دەستنیشانکراوەکانی ناوی بۆ تێکڕاییەکی تەواو هەڵنەسەنگێندراو دەگۆڕێت. بۆیە کاری تێکڕاییەکەی، کە ئازاری هەژاری پیشاندانەوەی ڕاستەوخۆ یا نوێنەرایەتی بێهۆ دەکێشێ، لە ڕێگای پاوانکاری وردەکارییەکی دەستنیشانکراو تەنها دەکرێ ببێتە خاوەنی بوونی ڕووت.

لەو مەسەلەیە تێدەپەڕین، چونکە ژیژەک لە پۆپۆلیزم پێشەکییەکی تر دەخاتە سەر گومانم و دەڵێت:

«هەروەها دەبێت ئاڕاستەیەک بخرێتە بەرباس، کە وتاری پۆپۆلیستی جێی ئەنتاگۆنیستی گرتووەتەوە، دوژمن درووستدەکات. لە پۆپۆلیزمدا، لەناوبردنی دوژمن، کە بونەوەرێکی کراوەتە دەرو یان لە بونەوەری ئەرێنی و بوون ناسانەدا بۆتە شت (تەنانەت گەر ئەو بوونەوەرە تارمایی ئاسابێت)، هاوسەنگی و دادپـەروەری دەگێڕێتەوە، بە نزیکایەتی، ناسنامەکەمان-هۆکاری سیاسی پۆپۆلیست وەک بوونەوەری پێشوو دەربـارەی هێرشی دوژمن تێگەیەنراو دەبێت(p. 555)».

دیارە هەرگیز ئەم گوتووە ناسنامەی پۆپۆلار پێش پەلاماری دووژمن هەیە، بەڵکو لەپڕ پێچەوانە: پەلامارێکی وا مەرجی پێشبینی هەرجۆرە ناسنامەیەکی پۆپۆلارە. تەنانەت بۆ وەسفکردنی پەیوەندییەک گوتم یەکگرتنی کۆماری جگە لە لەناوبردنی ئەو شتە هیچ نییە، کە کەوتووەتە بەرامبەر کۆمارییەوە کە لە زەینمدایە. ئێستا بزانین ژیژەک چۆن بەڵگاندنەکان پێشدەخات. ڕای دەگەیەنێت بوونە شتی ئەنتاگۆنیزم لە دڵی گەوهەرێک یان شتی پۆوینیۆ، وێنەی بەرایی نهێنی ئامێزی ئایدۆلۆژیای هەڵگرتووە و هەرچەند پۆپۆلیزم دەتوانێت لەڕووی سیاسی جۆراوجۆرەوە کاربکات (گەڕانەوە، ناسیۆنالیزم، ناسیۆنالیزمی دەمارگیر و نموونەکانی)، «لەگەڵ ئەوەشدا، پۆپۆلیزم بە سەرنجدان بە خودی چەمکەکەی ئەنتاگۆنیزمی کۆمەڵایەتی و ناوەوەیی لەگەڵ ئەنتاگۆنیزم یان شەڕی نێوان خەڵکانێک، کە یەکییان گرتووە و جێگۆڕکێ بە دوژمنی دەرەکی دەکات؛ ئەو بارودۆخە سەرەنجام هەڵگری مەیلی درێژماوەیە بۆ فاشیزم» (p. 557). هەربۆیە بە ناوهێنانی چەندین هۆ دەیەوێت پیشانی بدات جووڵانەوە کۆمۆنیستیەکان هەرگیز پۆپۆلیستی نەبوون.

ئایدیا لە فاشیزمدا لەژێر هەژموونی پێشەوادایە، لە کاتێکدا کە

لە کۆمۆنیزم، ستالین پێشەوای مامناوەندی - بە مانای فرۆیدی-ە، چونکە بۆخۆی لەژێر هەژموونی ئایدیادایە و تا بڵێی وەسفێکی جوانی ستالینە! بە هەمانجۆر کە هەمووان دەزانن، ستالین لەژێر دەسەڵاتی هیچ ئایدۆلۆژییەک نەبوو! ئەو ئایۆدۆلۆژی لە ناپێوەندیترین شێوەیدا بەکاربرد تا لە ڕێگایەوە بتوانێت بەرنامەی سیاسی و چالاکییەکانی ئەنجام بدات. بۆ وێنە بنەمای ئۆتۆنۆمی نەتەوەیی (national self-determination) گرنگترین بنەمای جیهانی ستالینیستی و ئایدۆلۆژی؛ دیارە لێرەدا کۆتێکیش هەیە کە دەبێت ئاماژەی پێبکەین، چونکە دەبێت بنەمای ناوبراو بە «دیالێکتیکی» بەزمانێکی دیکە بەکاربهێنرێت، بەو ڕێگایە دەیتوانی چەندینجار پێشێلی بکات، بە شێوەیەک کە لە ڕوانگەی سیاسیشەوە مایەی سەریەشە نەبێت.

ستالین وردەکاریەک نەبوو کە لەژێر نێکڕاییەکی چەمکی بگونجێندرێت؛ بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئەو نێکڕایی چەمکی بوو کە دەکەوتە ژێر ناوی ستالینەوە. لەم ڕوانگەیەوە، هیتلەریش لە بەکاربردنی بیرۆکەی سیاسی - نیشتمان، ڕەگەز و هتد، هیچی لە ستالین کەمتر نەبوو، بۆ ئامانجی سیاسی و دەرفەتخوازی سوودی لە ئەندێشەکانی وەردەگرت. من ناڵێم ڕژێمی نازی و ستالینیستی وەکیەکن؛ قسەم ئەوەیە، دەکرێت جیاوازی پەیوەندی بوونناسی نێوان ئایدیاو پێشەوا ڕووی جیاوازی ئەو دوو ڕژێمە بێت. (بۆ پەیوەندی کۆمۆنیزم و پۆپۆلیزمیش دەگەڕێینەوە).

بەڵام بۆ قۆناغە لۆژیکییەکانی شیکاری ژیژەک گەڕاینەوە، بە دەستەواژەیەکی دی، ئەو چۆن پاشکۆی بنەما زارەکییەکانمی زیاد کردووە، بەڵگاندنەکانی جگە لە چەند ئەنجامگیریەک زیاتر نین. «بەم چەشنە نییە کە...» (nonsequitur). ڕەوتی بەڵگاندنەکانی بەمجۆرە دەستپێدەکات:

1. ئەو بەگواستنەوەی بەشێک لە کتێبەکەم، کە ئاماژە بە شێوەی هەڵسەنگاندنی ناسنامە پۆپۆلارەکان لە جووڵانەوەی ڕیفۆرمخوازی بەریتانیا کراوە {1848 – 1838}؛ پیشانمداوە چۆن کارەساتەکانی کۆمەڵگا بۆ دەروونی سیستەمی ئابورییەکەی ناگەڕێنەوە، بەڵام ئەو قۆرخکردنەی دەسەڵات لەلایەن گرووپە مفتەخۆر و هەڵپەرستخوازەکان، کە دەبنەهۆی گەندەڵی کۆمەڵایەتی. 2. پاشان ئەنجامگیری دەکا، ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێت (بۆچی؟ چۆن؟) لە هەموو شێوازەکانی پۆپۆلیزمدا جۆرێک (مەیلی ماوەدرێژ بۆ فاشیزم) هەیە؛ 3. لەگەڵ ئەوەشدا کۆمۆنیزم لە هەموو پۆپۆلیزمێک دەپارێزرێت، چونکە لە وتارەکەیدا بوونە شت ڕوونادات و پێشەوا بەردەوام لە ڕواڵەتێکی پێشەوایەتی مامناوەندیدا دەمێنێنەوە. زەحمەت نییە تێبگەین ئەو بەڵگاندنە هەمووی هەڵەیە.

یەکەم لەبەرئەوەی جووڵانەوەی ڕیفۆرمخوازی بەریتانیا {چارتیزم} و فاشیزم لەحوکمی دووجـۆر ڕەگـەزی پۆپۆلیزمدا ناسێنراون؛ دووەم چونکە شێوازی کاری یەکێک لە جۆرەکان (فاشیزم) لەبری بوونە شت تێگەیەنراو دەبێت؛ سێیەم چونکە بەبێ هیچ بەڵگەیەک (لێرەدا بێ مشتوومڕ نموونەی چارتیزم پشتگوێ دەخرێت)، شێوەی کاری جۆرێک، دەبێتە ڕووی جیاکەرەوەی تێکڕای ئەو ڕەگەزە؛ چوارەم، یەکێ لەجۆرەکان، وەک دەرەنجام، دەبێتە ئاکامی ئەنجامناسانەی جۆرەکانی تر، کە پەیوەندییان بەو ڕەگەزە هەیە. سەرباری ئەوەش دەبێت بابەتی پێنجەمیش لەبری ئەنجامگیرییەکی ئاڕاستەنەکراو زیاد بکەین، وەک کۆمۆنیزم ناتوانێت جۆرێک لە ڕەگـەزی پۆپۆلیزم بێت، چونکە وەک پێشگریمانە دەڵێت (لە هیچ شوێنێک ڕاشکاوانە باسی ئەو کارە نەکراوە)، بوونە شت لە کۆمۆنیزمدا ڕوو نادات و {مەحاڵە}. لە کۆمۆنیزمدا ڕوبەڕووی تێکڕاییەک بووینەوە؛ ڕەنگە

بەو هۆیەی کە بەرجستەی کاری ئێکهەڵکێش، پێشەوا، دەبێت تەواو لەژێر دەسەڵاتی ئایدیادا بێت. پێویست ناکات بڵێین ئەو ئەنجامگیرییە لەسەر هیچ ئەزمونێکی مێژوویی نەوەستاوەتەوە، بەڵکو لەسەر بنچینەی جۆرێک بەڵگەی پاڵپشت بەدەستهاتووە.

پێش ئەوەی دوور لە ئاشکرای بەڵگاندنەکەی ژیژەک بکۆڵینەوە، دەبێ گریمانە نالۆژیکییەکانی ئەنجامگیری کۆتاییەکەی ئێپەڕێنین. ئەم دوو گریمانەیە بەم شێوەیە: 1. هەرجۆرە بەرجەستەکراوەیەکی کاری ئێکڕایی لەکاری بەشی دەبێت بە جۆرێک بوونەشت وەربگرێت. 2. بەرجەستەکراوەیەکی لەوجۆرە بۆخۆی فاشیستییە. لەگەڵ دوو بنەمای ئەو بابەتە ناکۆکین، چونکە چەمکی بوونەشت هەرگیز بۆ ئێگەیشتن لە جۆری بەرجەستەکراوی کاری ئێکڕایی لە کاری بەشی بەس نییە، بەرجەستەکراوەیەک کە خودی هەڵسەنگاندنی ناسنامەیەکی پۆپۆلارە؛ بەرجەستەکراوەیەکی لەم چەشنە، بە مەرجێک کە درووست ئێگەیەنراو بێت، ناتوانێت لە هەر جووڵانەوەیەکی سیاسی تر؛ ڕووی جیاکەرەوەی فاشیزم بێت ئەو جۆرە بەرجەستەکراوەیەی خودی هەر پەیوەندیەکی هەژمۆنیکییە، واتا خودی پەیوەندیی کە ئەو پەیوەندیەش، بۆخۆی لەکاری سیاسیدا بەکاری خودی دادەنرێت. {واتا هەژموون لە حوکمی پەیوەندییەکی بەهێزکەری کاری سیاسیە: لە هەر شوێنێک سیاسەت هەبێت هەژموونیش هەیە}.

بێین بە بوونە شت دەست پێبکەین. ئەو وشەیە، وشەیەکی باو نییە لە زماندا، بەڵکو ناوەرۆکی فەلسەفی تایبەتی هەیە. ئەم زاراوەیە بۆ یەکەمجار لۆکاچ بەکاری هێناوە، هەرچەند تا ڕادەیەک تەواوی ڕەهەندەکانی لە بەرهەمەکانی مارکسدا پێشبینی دەکرێت، بە تایبەت لە بەشی سەرمایە، کە بۆ بوونە بنی کاڵاکان تەرخانکراوە. دەسەڵاتی ڕەهای بەهای ئاڵوگۆڕ

لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا گەیشتن بە بۆچوونی تەواویەت گران دەکات؛ پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان سرووشتی واتایی دەدۆزێتەوە و لەهەمان دۆخدا مرۆڤەکان دەبنە شت، شتەکان لە دەستەی هۆکارانی ڕاستەقینەی کۆمەڵگا سەروەدەردەنێن. ئێستا ئەگەر وردتر چاو بە ستراکتۆری بوونەشتدا بگێڕین، یەکسەر تایبەتمەندیەتی بەرجەستەیی تێدا ئاشکرا دەبێت: بوونەشت جۆرێک هەڵگەڕانەوەیە. لە {بوونەشتدا} ئەوەی لاوەکی (derivative)ە بنەڕەتی (originary) دەنوێنێت، ئەوەی ڕواڵەتی(appariential)ە جەوهەری (essential) دەنوێنێت. هەڵگەڕانەوەی پەیوەندی بابەت هەڵگری بوونی سەرەکی هەرجۆرە بوونە شتێکە. بوونەشت بەم مانایە، پرۆسەی نهێنی ئامێزی ئایدۆلۆژیە، کە بەبێ وەستان بەردەوامە و فاکتۆری پێکەوەبەستنی (Correlatum) سۆبژیکۆ و ئەو هەمان گومانەی زانیاری درۆیە.

پێکهاتەی بوونە شت زانیاری درۆ تەنها کاتێک مانا دەدۆزێتەوە کە پڕۆسەی شێواندنی (distortion) ئایدۆلۆژی ئاوەژوو بێنەوە ئەگەر ئەم پێکهاتەیە، پێکهاتەیەکی پەیکەری زانیاری بوو هەرگیز نەماندەتوانی شێواندنی یا گۆڕینی شێوەی قسەکردن بێنینە گۆڕێ. هەربۆیە ژیژەک بە چەمکی زانیاری درۆوە دەنوسێت و ناچار دەبێت لە جۆرێک میکانیزمی لە ناوەوە ماوەوە بەدوای سەرچاوەی ئەنتاگۆنیزمەکان یان شەڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بگەڕێت، میکانێزمێک کە زانیاری بکەرانی کاری جیابوونەوە {نەک ڕەسەن} ی گریمانە دەکرێت، یان بەدەربڕینێکی وردتر، میکانیزمێک کە لەناویدا، ئەگەر هەرگیز پەسندی بکەین، زانیاری بکەرانی کۆمەڵایەتی لەبری دەربڕینی ڕوونی ئەنتاگۆنیزمیەکانی کۆمەڵایەتی تێکەیەنراو دەبێت، واتا شەڕەکانی ناو کۆمەڵگا سەرچاوەی زانیاری ئاکە لەکۆمەڵگادا، نەک بەپێچەوانەوە}. کاری ئێکرایی بەبێ هۆو بێ پێویستبوون بە هەرجۆرە ناوبژیەکی کاری

تێکهەڵکێشراو دێنە قسە.

ژیژەک دەڵێت: پۆپۆلیزم (شەڕی کۆمەڵایەتی دەروون ماوەیە لەگەڵ ئەو شەڕانە جێکۆڕکێی پێدەکات، کە لەنێوان خەڵکانی یەکگرتوو دوژمنی دەرەکیدایە). بە زمانێکی تر، هەڵسەنگاندنی دوژمن بەهۆی ئەنجامگیری عەقڵی وەک چالایەکیەکی لەسەر بنەمای ئاوەژوبوونەوە پێشنیاز دەکرێت و بە ڕاستی ئەگەر ئەنتاگۆنیزمی تێکڕایی و جێگیر دەرفەتی ئەوەی هەبوو کە دەربڕین یا ئێکسپرسیۆنی بێهۆی هەبێت، ناوبژیوانیەک دەیتوانی هەمان بوونە شت بێت، کە تەنها بە هاوکاری کاری تێکهەڵکێش مەیسەر دەبێت.

مەخابن جومگەبەندی کاری لاوەکی و کاری تێکڕایی لای ژیژەک، کە ڕوانینم بۆ مەسەلەی ناسنامە کۆمەڵایەتییەکان کردبوویە پێشگریمانە، لە بنچینەدا لە پێوانە بە چەمکەکانی وەک بوونەشت و شێواندنی ئایدۆلۆژیا ناتەواوە. ئێمە لێرەدا لایەنگری زانیاری درۆ نین کە ڕوبەڕووی زانیاری ڕاستی بووبێتەوە، زانیاریەک کە لە پێگەی چارەنووس پێشتر دیاریکراوە و لەگەڵ بۆچوونی مەبەستناسی شیمانەیە بۆمان. ئێمە ڕوبەڕووی هەڵسەنگاندنی شیمانەی {نەک پێویست} زانیاری بووینەوە کە داوا دەکات ئاوڕ بدەینەوە.

بۆیە ئەوەی ژیژەک لەژێر ناوی تەواوکەرێک بۆ تێڕوانینم دەیخاتەڕوو، لە ڕاستیدا هەرگیز تەواوکەر نییە؛ پشت لە گریمانەکانی تێڕوانینم دەکات. ئەو گریمانانە بەتێگەیشتنێک بۆ پەیوەندی کاری تێکڕایی و کاری لاوەکی، کاری دەرهەستەیی و کاری تێکهەڵکێشی دەگەڕێنەوە، پەیوەندیەک کە لە سێ ڕوانگەوە لە کتێبەکەم کۆڵیبونەوە: دەرونشیکاری، زمانناسی و سیاسەت. لێرەدا دیسانەوە نیازم وایە بە کورتی لە شرۆڤەی ئەو سێ ڕوانگەیە بکۆڵمەوە تا بەم شێوەیە ناتەبابییەکەی بە مۆدیلی خاوی ژیژەک لە زانیاری درۆ پیشان بدەم.

بە دەروونشیکارییەوە دەست پێدەکەین. من لە عەقڵی پۆپۆلیستی هەوڵمداوە پیشانی بدەم لۆژیکی هەژموونی و لۆژیکی (objet a) لکانی تا چەند هاوپۆشن؛ {بابەتی (a) بۆ پەیوەندی بوونناسی و بنەمایی دەگەڕێنەوە کە پڕبوونی لە ماوەی سەرمایەگوزاری «investment» ڕادیکاڵ لە بابەت بەرناس قابیلی بەرکەوتنە، بابەتێک کە تەنها بەشێکی دەروون تەواویەت نییە، بەڵکو خودی تەواویەتە. «بە دەربڕینێکی سادەتر، بابەتی بەرناس بەو هۆیەی کە ناسکاریەکەی بە بابەتی مەیل دەزانێت، دەبێتە بابەتێک}. بەرهەمەکەم لەو ڕوانگەیەوە زۆر قەرزداری شیکارەکانی جۆن کۆپژە (Joan Copjec)، کە لێکۆڵینەوەیەکی زۆری لە پانتایی ئاماژە لۆژیکەکانی وتەزای لکان ئەنجامداوە، بێ ئەوەی وەک ژیژەک بە پێوەرە زەقەکانی هیگڵی بیانشێوێنێت.

گرنگترین مەسەلەی پەیوەست بە باسەکەمان کە پڕبوون شتی فرۆیدی سەلمێنراو نییە، پڕبوون تەنها وەهمێک لەسەر بنەمای سۆزە بۆ کۆنخوازی (retrospective) و جێی بابەتی بەرناس دەگرێتەوە، بابەت - بەرناسەکان کە ئەو مەحاڵە بەرجەستە دەکات. بە دەربڕینی لکانی: بەتاڵکردنەوەی گرێی دەروونی (sublimation) بریتییە لەهەڵکشانی بابەتێک بۆ پلەی شتێک. تائێستا چەندینجار پیشانمداوە، پەیوەندی هەژمۆنیکی هەموو ئەو خاڵە بنەمایانە بەرهەمدێنێتەوە؛ وردەکارییەکی دیاریکراو پیشاندەرەوەی تێکڕاییەکی بەردەوام پێشکەوتوو گریمانە دەکا. {بە هەمانجۆر کە بابەتێک بەرناس بەهۆی وەهمی ناسکار بۆ بەرناسی مەیل دەگۆڕێ.

ڕەوتی پیشاندانەوەی گەورەیی دوو نموونەی مۆدیلێکن: مۆدیلی پیشاندانەوە} بەهەمانشێوە کە دەبینین، مۆدیلی بوونەشت شێواندن زانیاری درۆ لە بنچینەوە دەربارەی مۆدیلی هەژمونی (objet a) نانەواوە؛ پێشتر

مۆدیلی پێشووی دەسث گەیشتن بەپڕبوونی گریمانە کردبو، پڕبوون کە تەنها بەهۆی ئاوەژوبوونەوەی پڕۆسەی بوونەشث ئاسانە، لە کاتێکدا کە لە مۆدیلی دووەم پڕبوون (شث) قابیلی پێگەیشتن نییە، چونکە شث لە هەموو جۆرە ناوەرۆکێک بەتاڵە و لە کاتێکدا کە لە مۆدێلی پێشوو، بەرجەستەکراو لە کاری تێکهەڵکێشی وەکو بوونەشتێک شێوێندراو لە قەڵەم دەدرێث.

لە مۆدیلی نوێ، پێدانی هەڵکشانی ڕادیکاڵ پێگەی بابەث تەنها لەبری ڕێگایەک وادەزانرێث کە جۆری دەستنیشانکراوی پڕبوون لە ناویدا دەسث پێگەیشتووە. ژیژەک دەتوانێث تێڕوانینی بوونەشث زانیاری درۆ تەنیا بەنرخی لابردنی لۆژیکی بابەتی (a)ی سمۆڵ لە مەیدانی پەیوەندییە سیاسییەکان بپارێزێث.

ڕوانگەی داهاتوو: هێما (ئەوەی من ناوم ناوە ڕوانگەی زماننناسی، تەنیا تایبەث نابێث بە زماننناسی، بەڵکو ئاماژە بەهەموو سیستەمە هێماییەکان دەکاث. هەرچەند سیستەمی هێمایی لە ژیانی کۆمەڵایەتی هاوسنوور و نزیکە، وتەزاو پەیوەندییەک پەیوەسث نین بە مەیدانی ناوچەیی، سەربە مەیدان بوونناسی گشتیین، کە لە شیکاری زماننناسی دەخرێنە بەرباس و لێکۆڵینەوەوە).

ئێمە لێرەشدا وەک ڕوانگەی دەروونشیکاری تەبای هاوشێوەی نێوان وردەکاری و تێکڕاییمان دیتووە. من لە شوێنێکی تر پیشانم دابوو تێکڕاییکردنی سیستەمێک لە جیاوازییەکان بەبێ ڕیزپەڕ بنەمایی مەحاڵە. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕیزپەڕی بنەمایی، جیاوازی دانەرانەیە، درزێک کە هاوتای ئاکامی لۆژیکی و یەکەم ئاوارتەی سەرەوەیە. سەرنجدان لەوە، کە ئەو دوو لایەنە ناتوانن لەڕوانگەی لۆژیکیەوە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە هەر شێوەی قسە ڕەوانی یا ریتۆریکی هەیە؛ {واتا پەیوەندی یا بەدەربڕینی

وردتر لە ئاستی هێمادا ڕوودەدات}. وردەکاریەکی دەستنیشانکراو، بێئەوەی ، کە دەست لە وردەکاری خۆی هەڵگرێت، دەوری دیاریکراوی لە هێمای تێکڕایی دەگرێتە ئەستۆ. بۆیە نایەکسانی یا نایەکڕیتمی پەنهان لە هێمادا تەنها مەیدانێکە کە لە ناویدا، پڕۆسەی هێما ئاشکرا دەبێت.

بەکاربردنی لاوەکی وشەی Catachresis هەمان ڕواڵەتی قسەڕەوانی و زمانپاراوی (rhetoricity) یان هەمان توانای مانایە. لۆژیکێک کە لە دەروونشیکاری نێوان شت (مەحاڵ) و بابەتی a (سمۆڵ)ماندا بینیبوو، لە هێمادا هاوشێوەی دەبینین. شیکارەکەی ژیژەک ڕاستەوخۆ لە پڕۆسەی هێما ناکۆڵێتەوە، بەڵام دژواریش نییە بڵێین شیکارەکەی سوود لە تێڕوانینی خۆی واتا بوونەشت وەردەگرێ: لە ڕاستیدا ژیژەک دەڵێت: «هەرجۆرە جێگرەوەیەکی ڕیتۆریک مانای زانیاری درۆیە، کە بەر بە نەگونجانی تەواو هێماگەر دەگرێت».

سەرەنجام سیاسەت، سەرەتا چەند نمونەیەک لەو نمونانە دووپات دەکەینەوە کە لە ئەقڵی پۆپۆلیستی خستبومنە بەرباس: سۆلیدارینشک {جولانەوەی هاوپەیوەندی}، لە پۆڵەندا ڕوبەڕووی کۆمەڵگایەک دەبینەوە، کە ناچالاککردنی زۆرینەی داواکارییەکان لەلایەن ڕژێمێکی ستەمکارەوە، مایەی پەیدابوونی جۆرێک هاوبەهایی خۆوروژێنەری نێوانیان دەبێت، بە شێوەیەک کە بۆ دەربڕینی داواکارییەکان پێویستیمان بە یەکگرتنێکی هێماییە. بەدیلێکی ئاشکرا یان جۆرێک ناوەرۆک لە ڕوانگەی چەمکی دیاریکراو هەیە، کە ڕژێمی ستەمکار ڕەتی دەکاتەوە.

لە هەلومەرجێکدا کە دەکرێت ناوەرۆک ڕاستەوخۆ لە ناسنامەی ئەرێنی و جیاوازی دانەرانە خۆی بەیان بکات، یان لە بنچینەدا داواکارییەکان بەیەکەوە نائەبان و تەنها ڕووی هاوبەشیان تایبەتمەندیەتی نەرێنیانە. ناکۆکی

هاوبەشیان لە بەرامبەر ڕژێمی ستەمکار، لە نموونەی سەرەوەدا، مەسەلەی دەربڕینی ڕاستەوخۆی تایبەتمەندێتی ئەرێنی یا پۆزەتیڤی پەنهانی داواکاری جیاوازە؛ چونکە دەبێت جۆرێک نەرێنی دانەبەزیو بەیان بکرێت، کە وەک پێویست نوێنەری سروشتی هێماییی تێدایە.

داواکاری سۆلیدارینشک بۆ هێمای زنجیرەیی هەمەگیرتر لەداواکاری دەگۆڕێ، شێوەیەک کە هاوبەهایی نابەردەوام لەسەر ئەو هێمایەی ناسنامەی پۆپۆلاری هەمەگیرتر هەڵدەسەنگێنێت. هەڵسەنگاندنێکی وا کە یەکخستنی هێماکانی ئۆردوگای پۆپۆلاری لێدەکەوێتەوە: تێکەڵی، یەکخستنی هێمای ڕژێمی ستەمکار بەهۆی میکانیزمەکانی وتاری جیاوازی دانەرانە، هەمان شتە کە ژیژەک پێشنیاری دەکات کە دەبێت بوونەشت لە زەین بگرین، بەڵام تەواو هەڵەیە.

لە پڕۆسەی بوونەشت، بەو جۆرەی کە دیتمان، جۆرێک ئاوەژوو بووونەوە لە پەیوەندی نێوان دەربڕینی ڕاستەقینە و شێوێندراودا هەیە، لەکاتێکدا بێمانایە کە تێڕوانینمان ڕووبەڕووی ڕاستی شێوێندراو دەبێتەوە؛ سەرنجدان لەوە کە پەیوەندی هاوبەهایی نێوان داواکاری لە بنچینەدا نائەبا فۆرمۆلە بووە، (هاوچەشن سازی)یان بەهۆی دالی کۆتا جۆرێک Passag a l, acte {هەنگاوی کرداری} پەتییە؛ بە زمانێکی تر (هاوچەشن سازی) داواکاری هەڵسەنگاندنی شتێکی بۆخۆی نوێیە، نەک ئاشکراکردنی ناسنامەیەک (ڕاستی) کە لە ناویاندا شاراوەیە.

بەم هۆیەیە کە لە کتێبەکەم جەختم کردووەتەوە دالی کۆتا ناوێکی پەتییە و پەیوەندی بە یاسا یان بە سیستەمی چەمکیەوە نییە. بۆیە لەمەودوا مەسەلەکە لەسەر زانیاری ڕاست یان درۆ نییە، بە هەمانجۆر کە لە ڕوانگەی دەروونشیکاری هاتە بەرباس، هەڵکشانی بابەتێک بۆ پێگەی شت {یان

نشت}، هەروەک ڕوانگەی هێماکان جێگایەک کە ڕووبەڕووی ئامادەیی دەستەواژەکانی کنێب بووینەوە، کە لە ڕوانگەی زمانیەوە لە خشتەبەرە، چونکە ناوی دەنێت بەم شێوەیە، بوونێنی وتاری بۆشایی ناو بنەمای هێمایی دەبەخشێت، بۆشاییەک کە خودی بنەمای هێمایە، لە سیاسەتیشدا بە ئامادە بوونی بکەران لە باسەکەماندا، خەڵک بەهۆی لۆژیکە هاوبەهاییەکان و جیاوازی دانەرانە یەکسانن. ئەو لۆژیکانە پێویستی بەرجەستەکراوی کنێبین کە لە بنەمای creation ex nihilo {خوڵقاندن لەنەبونەوە} بەرهەمدەهێنرێن و ناکرێت هەرگیز ڕواڵەتی (literality) پێشتر یان مەبەست کەمبکرێنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بوونەشت پشتگوێ بخەیت.

بەمەش دووەم نێزی ژیژەک هیچی چارەسەر نەکردووە؛ لەم نێزەدا، پیشاندانەوەی هێمایین {یان هەمان بۆچوونی کاری نێکرایی لە کاری لاوەکی} کە بەشتبوونی دەزانێت، پێویستی یان لانیکەم، مەیلی بوونە فاشیستی هەیە.

ژیژەک لێرەدا سوود لە حەربەی تەفرەدانی خەڵک وەردەگرێت: پێگەی جولەکەکان لە وتاری نازی کە یەکسەر کارەساتی هۆلۆکۆستی بەدوادا بوو لە درێژەیدا کاردانەوەی نەرێنی و دیارە ئاسایی لێکەوتەوە. ئێستا ڕاستە کە وتاری فاشیستی شێوازێکی پیشاندانەوەی هێماییی بەکاربرد، بەڵام دەبێت سەرنج بدەین کە بە ڕاشکاوی تۆخمی فاشیستی تێدا نییە، چونکە هەرگیز وتارە سیاسیەکەی نییە، کە هێماکانی بەشێوەی ناوبراو ئامادە بکا. تەنانەت دەڵێم ئەو ساختەکارییە، پێناسەکردنی هەمان شتە کە سیاسەت لێی دەکۆڵێنەوە. ڕەنگە خەرواری پڕ نمونەی ئایدۆلۆژیمان هەبێت، کە قەتیش بەتاڵ نابێت و دەتوانین لەسەلماندنی بانگەشەکەمان بەکاری بەرین، ئەو نمونانەی کە تەواو لە نمونەکانی ژیژەک جیاوازە.

چ شتێک لەبەرجەستەکراوی هێماییینی سادەی وتارێکی سیاسی وادەکا وال ستریت ببێتە سەرچاوەی هەموو ئافاتە ئابورییەکانمان؟ یان لە گردبونەوەی وڵاتانی جیهانی سێ ئاڵای ئەمەریکا دەسووتێنێت؟ یان لە دروشمی گوندنیشنەکان و دژی مۆدێرنیستی شۆڕشی گاندی دەربکەوێت؟ یان لە سوتاندنی کۆشکی بۆینس ئایرس بە دەستی جەماوەری پیرۆنیستی ئاشکرا بێت؟ ئاشنای هەندێک لەو هێمایانە دەبین، دیارە هەندێکیانیش دەخەینە لاوە، بەڵام ئەوە نابێتە بەڵگە ئیدیعا بکەین تۆڕی ئامادەکەری هێما بەگۆڕینی ناوەرۆکە مادییەکان دەگۆڕێت. ئەو ئیدیعایە واتا پێوەندی بنەماو ناوەرۆکەکەی بێگومانی ژێژەک لە بوونەشت ئاسان نییە؛ هەندێک لە ناوەرۆکەکان بە زانیاری ڕاست و هەندێک بەزانیاری درۆ دەبەستێنەوە. ئەو شەڕە بەبێ گریمانەی بنەمایەکی مەسەلەی بنچینەیی، پووچ و ناوەرۆک بۆشە، بنەمایەک کە لێرەدا دەڵێت هەر شێوازێک لە بەرجەستەکراوی هێماییین ڕەونەقی ئەو زانیارییە درۆیە دەبێت، لە کاتێکدا زانیاری ڕاست لە هەرجۆرە ناوبژیەکی هێماییین پاکە. (ئەوە هەمان خاڵە کە لەتیۆری لکاندن بۆ دەستمایەی ڕێکبوونی ژێژەک دەگۆڕێت؛ پەرەی هەرجۆرە ناوبژیەکی هێماییین هەڵگرتنەوە و هەبوونی دەربڕینێکی پاکی زانیاری ڕاست، وەک بڵێین دەستگەیشتنی ڕاستەوخۆ و بێهۆ بە تشت یان شت ئاسانە و لە کاتێکدایە کە بابەتەکانی (a)ی «سمۆڵ» تەنها بەپیشاندانەوەی ئاوەژووکراوە یا شێوێندراو دێنەئارا).

## لە بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و  شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا ڕەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێک نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن<br>شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن<br>(بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | ڕێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو رووداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفووری | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی 1 | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی 2 | ئومێد عوسمان | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 | مستەفا زاهیدی | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە ئەکیونی | ماجید خەلیل | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 3 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاك لاکان | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو؟ | د. عبدلعلی مقبل | مەجید مارابی  جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حَركة الحَداثة في الشِعر الكُردي | د. سَرْوَر عَبدُالله | | 2015 |
| 81 | فیتنە | هشام جعیط | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |